دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارەی تایبەت

ژمارە: ٥١٤

www. kurdistanukurd.com

دووشەممە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٨ ـ ١٣ی ژوئیەی ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان




ئەو دەرسانەی دەبێ لە گەورە پیاوی مێژووی کوردستان و ئێران فێریان بین

٣




دوکتورقاسملوو، ناسێنەری پرسی کورد بە رۆژئاوا

١٦



روانگەی د. قاسملوو لە سەرنەتەوە (ملت) و ناسیۆنالیسم

١٨



پانۆرامای ژیانی د. قاسملوو

٢٣

# ڕێگای قاسملوو ڕێگای تێکۆشان بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

## بەیاننامە

### بە بۆنەی بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەرمانەوە

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستان و سەرانسەری جیهان!

ئۆگرانی دێموکراسی، ئاشتی و دادپەروەری!

٢٠ ساڵ لەمەوبەر، لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ (٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨)دا، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، عەبدوڵڵا قادری ئازەر، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب و د. فازیل رەسووڵ، لە شاری ڤییەن و لە کاتی وتووێژ لەگەڵ ناردراوانی کۆماری ئیسلامیدا، هەر لەلایەن ئەو ناردراوە تێروریستانەی ڕێژیم درانە بەر دەسڕێژو شەهید کران.


لاپەری ٢






باسێك لەسەر کات و شوێنی تیرۆری د. قاسملوو

٤



دوکتور قاسملوو، ساخکەرەوەو زیندوو کەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٦



دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو، ڕێبەرێکی گەورەی سیاسی

١١




درێژەی

## بەیاننامە بە بۆنەی بیستەمین ساڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی ڕێبەرمانەوە

دوکتور قاسملوو، کە بەردەوام دووپاتی دەکردەوە مەسەلەی کوردستان ڕێگاچارەی نیزامی نیەو، هەمیشە پێشوازیی لە چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد دەکرد، بە دوای قبووڵی ئاگربەس لە شەڕی ئێران و عێراق لە لایەن کۆماری ئیسلامی و خواردنەوەی جامی ژاری ئاشتی لە لایەن خومەینییەوە، پێشوازیی لە پێشنیاری دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ وتووێژ لە بارەی مەسەلەی کوردستانەوە کرد. ئەم هەڵوێستەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و حیزبەکەی، هەم لە باوەڕی ئەوان بە دیالۆگ و ئاشتی و، بێزاری لە شەڕی داسەپاو بە سەر خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەی دەگرت، هەم بۆ پێشگیری و پووچەڵکردنەوەی هەر چەشنە ڕێککەوتنێکی دژ بە کورد لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق بوو. بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران کە بە باشی لە ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە سەحنەی سیاسیی کوردستان و ئێران‌داو لە نەخشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرەنگاریی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان بە دژی ئەو ڕێژیمە ئاگادار بوون، بە خراپ کەڵکیان لە نیازپاکیی ئەو ڕێبەرە مەزنە وەرگرت و هەوڵی ئاشتیخوازانەی ئەویان بە گوللە وڵام دایەوە.

بە شەهیدکرانی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، حیزبی ئێمە سکرتێرێکی بێ وێنەو، نەتەوەکەمان، ڕێبەرێکی لێوەشاوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆی و، گەلانی ئێران کەسایەتییەکی جێگای هومێدو، دۆستانی کوردو ئۆگرانی دێموکراسی، دادپەروەری و ئاشتی، یاوەرێکی لێزان و بەنرخیان لەدەست دا.

هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر کە وێڕای دوکتور قاسملوو بە هۆی ئەم پیلانە تیرۆریستی‌یەوە گیانی لێ ئەستێندرا. یەکێک لە بەوەجترین دیپلوماتەکانی حیزبی دێموکرات و کادرێکی لێوەشاوی ڕێبەری بوو. بە شەهید بوونی عەبدوڵڵا قادری ئازەر، حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێکۆشەرێکی بەنرخیان لە دەست دا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەدەستدانی ئەم ڕێبەرە شارەزاو بەتوانایە، لەگەڵ تاقیکردنەوەیەکی سەخت بەرەوڕوو بوو. دەبا نیشانی دابا لەگەڵ هەموو قورسایی ئەو خەسارەو جەرگبڕبوونی ژانی لەدەستدانی، ڕێگای قاسملوو بەردەوام دەبێ و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و خەباتێک کە قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد، هەروا شێلگیرانە درێژەی دەبێ. نەتەوەی کوردیش، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەدوای ئەم تاوانە گەورەیەدا کە ڕێژیمی ئێران لە دژی ڕێبەرێکی خۆشەویستی ئەوان کردی، دەبوا بیسەلمێنێ کە بە مردنی قاسملوو، ئامانجەکانی قاسملوو نامرن و، خەبات لە پێناویان ئەو ئامانجانەی د. قاسملووی ڕێبەریان گیانی لە پێناودا بەخشی، بە گوڕتر لە پێشوو درێژەی دەبێ. دۆستانی نەتەوەکەشمان، ئەوانەی خەباتی دێموکراتیک، پێشکەوتووانەو خاوێنی د. قاسملوو و حیزبەکەی ئەویان لە نزیکەوە ناسی بوو و لەم ڕێگاوە لەگەڵ پرسی کورد ئاشنا ببوون، ئەرکێکی گەورەیان کەوتبووە سەر شان.

حیزبی دێموکرات بە سپاردنی سوکانی ڕێبەریی ئەم حیزبە بە جێنشینێکی لێوەشاوەی وەک دوکتور سادق شەرەفکەندی و، بە هەست بە بەرپرسایەتی کردنی یەکەیەکەی تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە چیا، لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەری جیهان و، بە پشتیوانیی بێدریغی نەتەوەکەی بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە زوویی پشتی لە ژێر ئەم زەبرە قورسە ڕاست کردەوەو نەیهێشت بێ قاسملوویی لە خەباتی شۆڕشگێڕانە بە دژی کۆماری ئیسلامی‌دا، بە تێکۆشانی ئەم حیزبەوە دیار بێ.

ئێستا کە ٢٠ ساڵ لە تیرۆری ڕێبەری مەزنمان ڕادەبڕێ، بێ ئەمەگی دەبێ ئەگەر بە پێزانینەوە یادی ئەو هاوپێوەندییە بەرینە نەکەینەوە کە لە ئاستی نەتەوەیی، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و لە ڕادەی نێونەتەوەیی‌دا لەگەڵ حیزبی ئێمە کرا. قاسملوو هەروا کە لە ژیان و تێکۆشان‌دا، خزمەتی بە ناساندن و بەرەوپێشبردنی پرسی کورد بە جیهانیان کردبوو، بە مردنەکەشی شەپۆلێکی گەورە لە هاوپێوەندی و هاوخەمی لەگەڵ نەتەوەکەی لە ئاستی دنیادا وەڕێ خست. هێشتا چەند مانگ لە مەرگی ڕانەبردبوو کە یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لە بارەی مەسەلەی کورد کە بۆ خۆی کاری زۆری بۆ پێکهاتنی کردبوو، لە پاریس بەڕێوە چوو. کەمتر لە ساڵێک دوای مەرگی، چووە ریزی چەند کاندیدای ریزی پێشەوەی خەڵاتی ئاشتی نوبێل. ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست و ئۆرگانیزاسیۆن و ناوەندەکانی هەوڵدان بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ، بەدوای مەرگی قاسملوودا پتر لە پێشوو سەرنجیان چووە سەر مەسەلەی کوردو ڕوانگەو بۆچوون و هەوڵەکانی ئەو کەسایەتییە بەرزەیان کرد بە دەلاقەیەک بۆ ڕوانین لە پرسی کوردو بایەخ پێدانی زیاتری. لە نێو نەتەوەکەی و ئێرانییەکانیش‌دا، دوکتور قاسملوو و ئەو خزمەتانەی لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەی و جێگیربوونی دێموکراسی و پێکەوە ژیانی بە ئاشتیی گەلانی ئێران دابووی، باشتر ناسران. قاسملوو کە پێش شەهیدبوونی زیاتر وەک سکرتێری گشتیی حیزبێکی خەباتگێڕی کوردستان، سەیری دەکرا، لە دوای شەهیدبوونی بوو بە ڕەمزێکی نەتەوەیی و، بە هۆی فراوانیی ڕوانگەو بۆچوونەکان و باوەڕهەبوونی بە بایەخە مودێرن و پێشکەوتووەکان و گیان بەختکردنی لە پێناویان، لە نێو گەلانی دیکەی ئێران و لە ئاستی ناوچەدا، بوو بە سەمبولی دیالۆگ و ئاشتی.

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**گەلانی بندەستی ئێران!**

**ئۆگرانی ئاشتی و ئازادی و، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ!**

٢٠ ساڵ بە سەر تیرۆری د. قاسملوو، ئەو ڕێبەرە دێموکرات و ئاشتیخوازەی حیزبی دێموکرات و گەلی کوردا تێپەڕ بوو، کەچی ئەوانەی بکوژانی دوکتور قاسملوویان بە ڕێزو حورمەتەوە لە ڤییەنەوە بۆ تاران ڕەوانە کردەوە، هێشتا ڕێگایان نەداوە پەروەندەی ئەم تیرۆرە بکەوێتە گەڕو حوکمی عەدالەت لە بارەیەوە بەڕێوەبچێ. جێگای داخە لە حاڵێکدا، دەزگای قەزایی ئاڵمان و دادگای بێرلین لەمێژ ساڵە پەردەیان لە سەر ماشێنی تیرۆر لە ڕێژیمی تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی‌دا هەڵ داوەتەوە، لە کاتێکدا کارنامەی ڕەشی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئێران لە تیرۆری جیابیران و موخالیفان لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات داو، پیلان و بەرنامەکانی ئەو ڕێژیمە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان بۆ زەبر وەشاندن لە دەوڵەتان و میللەتانی دیکە ئاشکرا بوون، دەوڵەتی ئوتریش لە سەر شاردنەوەی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەم تیرۆرەو پێشگیری لە وەگەڕ کەوتنەوەی پەروەندەی ئەم تیرۆرە، هەروا بەدەوامە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنەوەی ئەم غەدرە دەرحەق بە قوربانییەکان و گەلی کورد و ڕیسوا کردنی سیاسەتی کاسبکارانەی دەوڵەتی ئوتریش، خوازیاری وەگەڕکەوتنەوەی ئەم پەروەندەیەیە. لەم پێوەندییەدا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو شوێنێکی جیهان، لە هاونیشتمانانی ئێرانی لە دەرو ژووری وڵات و لە هەموو ئۆگرانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ داوا دەکا لە ڕێگای پشتیوانی لە کەمپەینی چالاک کردنەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی و لە هەر ڕێگایەکی گونجاوی دیکە، فشار بۆ دەوڵەتی ئوتریش بێنن تا دەرەتانی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی یاسایی و گەیاندنی ئەم پەروەندەیە بە ئاکامێکی دادپەروەرانە پێک بێنێ.

٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو لە کاتێک دایە کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران‌دا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ. ڕاستە هەتا ئێستاش دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران لە دەست ئەو کەسانە دایە کە لە تاوان و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی ئێران لە چەند دەیەی ڕابردووداو، لە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی ئێمە لە ڤییەن و بێرلین بەرپرسن. بەڵام هەر ئەو دەسەڵاتبەدەستانە، ئەمڕۆ لەگەڵ بەرەنگاریی میلیۆنیی خەڵکی ئێران و لەگەڵ گەورەترین خۆپیشاندانەکانی مێژووی ئەم ٣٠ ساڵە بەرەو ڕوون. ٣٠ ساڵ سەرکوت و تیرۆرو درۆو سانسۆر، خەڵکی ئێرانی لە ژیان لە سێبەری تاقمێک دەسەڵاتداری پاوانخوازو کۆنەپارێز، بێزار کردوە. بەشداریی بێ وێنەی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنەکانی ٢٢ی جۆزەردان بۆ "نا" گوتن بەو دەسەڵاتدارانەو شکست پێدانی کاندیدای ئەوان، ئەحمەدی نژادی تیرۆریست، ڕیفراندۆمێکی ڕاشکاو بوو کە ئیرادەی خەڵکی ئێرانی بۆ گۆڕان و پاشەکشە بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بە جوانترین شێوە پیشان دا. کودیتایەک کە بڕیاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە لە دژی خەڵک کردیان و، ئەو بەرەنگارییە بێ وێنەیەی خەڵکی ئێران لە یەک مانگی ڕابردوودا لەگەڵ دەوڵەتی کودیتاو دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی کردوویەتی، بزووتنەوەی ئازادیخوازیی بردۆتە نێو قۆناغێکی نوێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی‌دا بە دەرفەتی دەزانێ جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆی لەم بەرەنگارییە میلیۆنییەو داواو دروشمەکانی خەڵک لە دژی دەوڵەتی کودیتا، وبە لایەنگری لە ئازادیی بەندییە سیاسی‌یەکان و لە پێناوی نەمانی سەرکوت و سانسۆرو دیکتاتۆری، دووپات بکاتەوە. ئێمە ڕەفتاری دەوڵەتانی جیهان و ئۆرگانیزاسیۆن و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان لە پێوەندی لەگەڵ بە ڕەسمی نەناسینی سەرکۆماری داسەپاو و دەوڵەتی کودیتا بە هەڵوێستێکی دروست و شیاوی پێزانین دەزانین. شێلگیر بوون لە سەر ئەم هەڵوێستەو ئەستاندنەوەی کورسیی نوێنەرایەتیی ئێران لە تاقمێک دەسەڵاتداری تیرۆریست و کودیتاچی، دەتوانێ هاوپێوەندییەکی کاریگەر لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازی لە نێوخۆی ئێران‌دا بێ. هەر لەم کاتەدا پێویستە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەوڵەتانی جیهان و بیروڕای گشتیی دنیا فشاری زیاتر بۆ ڕێژیمی ئێران بێنن و پشتیوانی لە خەباتی هێمنانەو ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان گەشە کردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە سەرانسەری ئێران بە هۆکارێکی یارمەتیدەری خەباتی خەڵکی کوردستان دەزانێ و لەم هەلومەرجە نوێیە کە لە دوای ٢٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ لە ئێران‌دا پێک هاتوە، وەک سەرەتای قۆناغێکی گرنگ و چارەنووسساز لە خەباتی خەڵکی ئێران دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دەڕوانێ. لەم دەرفەتەدا وێڕای ڕێز دانان بۆ شەهیدانی بەرەنگارییەکانی یەک مانگی ڕابردوو، سڵاو بۆ خۆڕاگریی خەڵکی ئێران و چالاکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی بە تایبەتی خوێندکاران دەنێرین. ئەرکی هەموو هێزێکی خەباتکارو ئازادیخوازە لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی‌دا کار بۆ سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەو، ڕاکێشانی پشتیوانی لە خەباتی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران بکا. لەم بۆنە مێژوویی‌یەدا ڕادەگەیەنین کە بە نۆرەی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گرنگانە تێ دەکۆشین کە قۆناغی ئەستەم و چارەنووسسازی خەباتی خەڵکی ئێران خستوویەتە سەر شانمان. بۆیە بە هەموو توانامانەوە بۆ لێک نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئاستی کوردستان و ئێران‌داو، بۆ بنیاتنانی یەکگرتن و هاوپەیمانییەک کە وڵامدەری تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەلومەرجی نوێ‌دا بێ، کار دەکەین.

**لەم بۆنە مێژوویی‌یەدا ڕادەگەیەنین کە بە نۆرەی خۆمان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گرنگانە تێ دەکۆشین کە قۆناغی ئەستەم و چارەنووس‌سازی خەباتی خەڵکی ئێران خستوویەتە سەر شانمان بۆیە بە هەموو توانامانەوە بۆ لێک نزیکبوونەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئاستی کوردستان و ئێران‌داو، بۆ بنیاتنانی یەکگرتن و هاوپەیمانییەک کە وڵامدەری تێکۆشانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەلومەرجی نوێ‌دا بێ، کار دەکەین**

**قوتابیان و ئۆگرانی ڕێگاو ئامانجەکانی د. قاسملوو!**

**خەڵکی قەدرزان و ئەمەگناسی کوردستان!**

**هاونیشتمانانی چالاک لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی‌دا!**

لە مێژساڵە، ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی تیرۆری مامۆستای دێموکراسی و پەیامبەری ئاشتی، بووە بە ڕۆژی نیشاندانەوەی وەفاداری بە ئامانجەکانی ئەو کەسایەتییە گەورەیە. خەڵکی تێگەیشتوو و خەباتگێڕی کوردستان، ئەوە بۆ چەند ساڵ دەچێ لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا، بە مانگرتنی گشتی، وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدەو سوور بوونیان لە سەر خەبات تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی قاسملووی شەهید، دووپات دەکەنەوە. ئەمساڵ کە ٢٢ی پووشپەڕ، ٢٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوویە، هەم لە کوردستان، هەم لە دەرەوەی وڵات قوتابیان و ئۆگرانی ڕێگاو ئامانجەکانی ئەم ڕێبەرە شەهیدە، جموجۆڵ و بەرنامەی تایبەت بەو یادەیان ڕێک خستوە، تا لە لایەکەوە، بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی پیشان بدەن و لە لایەکی دیکەوە، لە سەر پێویستیی چالاکبوونەوەی پەروەندەی تیرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی پێ دابگرنەوە. دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ئەم کارو چالاکییانەو هەوڵەکان بۆ هەرچی باشتر بەڕێوەبردنی یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوو دەسخۆشیان پێ دەڵێ. هەر لەم پێوەندییەدا داوا دەکەین مانگرتن لە شارو گوندەکانی کوردستان هەرچی گشتی‌ترو، بەشداریتان لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا بەم بۆنەیەوە، هەرچی بەرینتر بێ. با دەسەڵاتبەدەستانی دوێنێ تیرۆریست و ئەمڕۆ کودیتاچیی ڕێژیمی ئێران پەیامی ئێوە بە ڕاشکاوانەترین شێوە ببیسن و بزانن کە قاسملوو، لە بیروباوەڕی‌دا زیندووەو، ڕێگاکەی کە ڕێگای خەبات بۆ ڕزگاریی گەلی کوردو جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێرانە، لە نێو نەتەوەکەی و خەڵکی ئێران-دا، بەردەوام و پڕ ڕێبوارە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٠ ساڵەی تیرۆری ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی‌دا، سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەوان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی دەنێرێ و، پەیمان لەگەڵ ئەم ڕێبەرە شەهیدە نوێ دەکاتەوە کە خەبات تا بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی گیانی لە پێناودا بەخشین، درێژە دەدا. قاسملووی نەمریش دڵنیا دەکاتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە ژیان و تێکۆشان و بیرو ئەندیشەکانی ئیلهام وەردەگرن، شانازی بە خزمەتە بەنرخەکانی بە حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کورد دەکەن و تۆڵەی ئەوو هەزاران تێکوشەری بەنرخی دیکەیان لە کۆماری ئیسلامی، بە هێنانەدیی ئامانجەکانیان دەکەنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢١ی پووشپەڕی ١٣٨٨**
**١٢ی ژووئیەی ٢٠٠٩**

# ئەو دەرسانەی دەبێ لە گەورە پیاوی مێژووی کوردستان و ئێران فێریان بین

## بەبۆنەی بیستەمین ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو

ناسری ئێرانپوور

و. لە فارسییەوە: مستەفا مەعرووفی

لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هێندێك بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی‌و سیاسیی بەناوبانگ بە ناوی کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانەوە گرێ دراون. بزووتنەوەی دژی ئیستیعماریی هیند بە ناوی گاندی، بزووتنەوەی دژی ڕەگەزپەرستیی ئەفریقای باشوور بە ناوی نیلسۆن ماندیلا، بزووتنەوەی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا بە ناوی مارتین لۆتێر کینگ، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی میسر بە ناوی جەمال عەبدولناسرو بزووتنەوەی میللیی ئێران لە دەیەی ٣٠ دا بە ناوی دوکتور محەممەد موسەددیق‌و بزووتنەوەی هاوچەرخی میللی - دێموکراتیکی کوردستانی ئێران بە ناوی دوکتور قاسملووەوە گرێ دراوە.

قاسملووش وەك قازی محەممەد کەسایەتییەکی بێ هاوتا بوو. جێگەیەکی تایبەتی کە ئەو لە بزووتنەوەی کورد دا بووی - ئەویش سەرەڕای ئەو هەمووە کەسایەتییە سیاسی‌و خەباتگێڕەی کورد - ئاوا لە نەکاو، لە ئاکامی پیلان‌و کودیتای حیزبی دا نەبوو، بەڵکوو بەر لە هەر شتێك دەگەڕێتەوە بۆ تێکۆشانی سیاسی‌و حیزبایەتیی وی لە ساڵانی دوورو درێژی بەر لە شۆڕش‌و هەروەها ڕۆڵی تایبەتیی ئەو لە بزووتنەوەی کوردستان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەر لە شۆڕش...

***

ئەمن لەم نووسینە دا نامەوێ بە شێوەی ئۆورینتالیستی‌و ئایینی وەسفی ئەم کەسایەتییە بکەم‌و پێی هەڵ بڵێم. ئەمن پێم وایە لێکۆڵینەوەیەکی جامیع‌و مانیع‌و زانستی‌و مەیدانی‌و ئاکادیمی لەسەر ئەو پێویستی بە وشیارییەکی زانستی - پسپۆڕانەی تەواوو لێکۆڵینەوەیەکی بەرین هەیە کە لە توانای نووسەری ئەم دێڕانە بەدەرە. بۆیە دانی پێدا دەنێم کە ڕوانینی من بۆ وی ڕوانینێکی شەخسی‌و سۆبژێکتیڤە لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە، هیچی دیکە. ئەم دێڕانە تەنیا بیرەوەرییەك‌و لەوحێکی ڕیزلێنانی تایبەتیی منن بۆ ئەو کەسایەتییە مەزنەیە.

ڕەنگە مێژوو باشترین حەکەم بێ. پێم وایە ئەم حوکمە لانی کەم لە بارەی دوکتور قاسملوودا وایە. بە باوەڕی من داوەریی ئەم نەسلەی ئێستا لە بارەی ئەو دا زۆر عادڵانەترو بێلایەنانە ترە لە داوەریی هاونەسل‌و هاوسەنگەرەکانی‌و ئەوانەی لە سەردەمی ژیانی وی دا لە مەیدانی سیاسی دا کاریان دەکرد. هەروەها بێلایەنانەترین داوەری لە لایەن ئەو کەسانەوەیە کە هەر لەسەرەتاوە لە بەرەی سیاسیی ئەو دا نەبوون‌و ئەوینداری وی نەبوون. ئەم شتە بەرادەیەکی زۆر لە بارەی منیش دا وایە. چونکە لە دوو قۆناغی جیاواز لە ژیانی سیاسیی خۆم، لە سەردەمی مێرمنداڵی‌ولاوەتی دا لە بەرەی وی دا نەبووم‌و خۆمم بە موخالیفی سیاسی‌و ڕەخنەگری وی زانیوە. بەڵام ئەمڕۆ خۆم بە یەکێك لە ئەویندارانی ئەو کەسایەتییە مەزن‌و شەریف‌و هەڵکەوتوویەی کوردستان‌و ئێران دەزانم. هەم ئەو کاتی کە دژی ئەو بووم بیرو بۆچوونەکانم بە ڕاشکاوی دەردەبڕین و هەم ئەمڕۆش کە خۆم لە بەرەی وی دا دەبینم، بەو جۆرەم.

***

د. قاسملووش بەرهەمی زەمینەیەکی زەمانی‌و مەکانیی خۆی، بەرهەمی مێژوویەکی دیاریکراوی نەتەوەیەك لە قۆناغێکی دیاریکراو دایەو وەك هەر چالاکێکی مەیدانی سیاسی لە هەڵە بێ بەری نەبووە. ئەم هەڵانە بەشی هەرە زۆریان نەك ستراتیژی بەڵکوو زیاتر تاکتیکی بوون‌و لە بۆچوون‌و لێکدانەوەی نادروست لە بارەی هەلومەرجێکی تایبەتی داو هەروەها بەرهەمی کەش‌وهەوای میلیتاریستیی ئەو کاتدا هێندێك جاریش دژکردەوەی هەڵەی لایەنی بەرامبەری بووە. گرنگترین هەڵەی لە ڕوانگەی منەوەو لەسەردەمی کاری سیاسیی من دا بە تەرتیب بریتی بووە لە هەڵسوکەوتی نەشیاوی ئەو لە بەرامبەر "پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار"ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا، بەرپرسایەتیی ئەو لە درێژەکێشانی شەڕ لەگەل کۆمەڵە، هەڵسوکەوتی نا دێموکراتیی ئەو لەگەڵ "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ)، هەڵسەنگاندنی بە هەڵەی ئەو لە بارەی نێوەرۆکی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران کە بوو بەهۆی وتووێژ لەگەڵ وی دا کە هەمووومان ئاکامە کارەساتبارەکەیمان دی.

**بەڵام دوکتور قاسملوو هەر لەوەندە دا کورت ناکرێتەوە. خزمەتەکانی وی بە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان کە بە باوەڕی من هەڵکەوتووترین ڕێبەرو ئیدئۆلۆگ‌و تیئۆریسیەنیش بوو، یەکجار زۆرن. ئەو بە تایبەتی لە ناسکترین‌و دژوارترین هەلومەرجەکان دا باشترین هەڵوێستەکانی گرتن‌و یەکێك لە گرینگترین قۆناغەکانی مێژووی نەتەوەیەکی، سەربەرزانە تۆمار کرد. ئەمن پێم وایە ئەو درێژەدەری ڕاستەقینەو لێبڕاوی ڕێگای قازی محەممەد بووەو ئەمڕۆش بەهەق باس لە "ڕێبازی قاسملوو" دەکرێ.**

زیرەکی، لێزانی‌و ئازایەتیی سیاسی‌و هەروەها تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی دوکتور قاسملوو، بەرچاوبوونێکی تایبەتیی پێ بەخشیبوو. باوەڕێکی پتەوم بەوە هەیە کە ئەو خاوەنی زۆربەی تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی شایستە بوو: زۆربەی تاکتیك‌و هەڵوێستەکانی لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی درێژخایەن دا بوون، بیری ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ژێر نیری ئیستیعماری نێوخۆو لابردنی ستەمی نەتەوایەتی کاکڵی ئەو ستراتیژییەی پێك دێنا، بێ ئەوەی بتوانین ناوی " ناسیۆنالیست"ی لەسەر دابنێین. هەرچۆنێك بێ "ناسیۆنالیزم"ی وی لە ئی موسەددیق‌و گاندی‌و جەماڵ عەبدولناسر زیاتر نەبوو...

****

لە هەڵوێستەکانی، نووسینەکانی‌و وتووێژەکانی ڕا دەتوانین گرینگترین تایبەتمەندی‌و دەسکەوتە تیئۆری‌و پراکتیکییەکانی بۆ بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستانی ئێران کۆپی بکەین‌و هەڵێنجین کە بە بڕوای من گرنگترینیان ئەمانەن:

١ ـ ئەو ـ سەرەڕای گێژاوە نێوخۆیییەکانی حیزب - باوەڕی بە دێموکراسی بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای ئەو هەمووە کێشە نێوخۆیی‌و جیابوونەوەو لێکدابڕانانەی، لە چاو حیزبە ئێرانییەکانی دیکە ـ لە چەپەوە بگرە تا ڕاست ـ لە وەبەرچاو گرتنی پرەنسیپە دێموکراتیکەکانی ژیانی حیزبایەتی، لە ناخۆش ترین هەلومەرجەکانی خەبات دا سەری لەنێو هەمووان دا دیار بووە.

٢ ـ ئەو پێوەندییەکی مەنتیقیی لە نێوان دێموکراسی لە ئێرانداو وەدیهاتنی داخوازە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا کە لە دروشمی "دێموکراسی بۆ ئێران‌و خودموختاری بۆ کوردستان" دا خۆی دەنواند، بەدی دەکرد. ئەم دووانەی بە تەواوکەری یەکتر دەزانی. نەدەچووە ژێر باری "دێموکراسیی زۆرایەتی". هیچ سیستمێکی سیاسیی بە دێموکرات نەدەزانی ئەگەر کێشە نەتەوایەتییەکانی تێدا چارەسەر نەکرابایە. هەر لەو کاتەش دا پێی وا بوو دابین بوونی خودموختاری لە کوردستان دا - تەنانەت لە حکوومەتێکی نادێموکراتیك دا ـ سەرەنجام لە حزمەتی پەرەگرتنی دێموکراسی لە ئێران دا دەبێ.

٣ ـ ئەو ـ سەرەڕای کێشە لەگەڵ سۆسیالیستە ڕادیکاڵ‌و سوننەتییەکانی سەرانسەری‌و کوردستانی - سۆسیالیست بووو هەر واش مایەوە. نامیلکەی "کورتەباسێك لەسەر سۆسیالیزم" بەرهەمێکی شوێندانەری وی بوو. ئەو پێی وابوو سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسی‌و دێموکراسی بەبێ سۆسیالیزم بایەخی نیەو بانگەشەی بۆ تێکەڵکردنی ئەم دووانە دەکرد بە ناوی "سۆسیالیزمی دێموکراتیك". ڕەنگە بتوانین بە یەکەم‌و کاریگەرترین سۆسیال دێموکراتی کوردستانی ئێرانی دابنێین. ئەو سەرەڕای هێرشی سیاسیی بەشێکی زۆری سۆسیالیستەکانی سەردەمی خۆی، نە لە داوی ناسیۆنالیستەکانی سەردەمی خۆی کەوت‌و نە پەنای بردە بەر بیری لیبرالیزم و ئانتی کۆمۆنیزم‌و دژایەتی کردن لەگەڵ سۆڤیەت. بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئەندێشەکانی زیاتر مارکسیستی بوون تا لێنینیستی. ئەو بە تایبەتی گیروگرفتی لەگەڵ ستالینیزم هەبوو کە یەکێك لە بناخە تیئۆرییەکانی هەموو لایەنە سۆسیالیستی‌یەکان بوو. ئەو سەرەڕای ڕەخنە جیددی‌و بەجێیەکانی لە وڵاتانی سۆسیالیستی، هەمیشە بەدوای پێوەندی لەگەڵ ئەم وڵاتانەوە بوو بە مەبەستی ڕاکێشانی پشتیوانیی ئەوان لە خەباتی نەتەوایەتیی کوردستانی ئێران. ئانتی کۆمۆنیستێك قەت کاری وا ناکا.

٤ ـ ئەو پێوەندییەکی دیالیکتیکیی مەنتیقیی لە نێوان "کوردستانی" و "ئێرانی"بوونی بزووتنەوەی کوردستان دا پێك هێنابووو دژایەتییەکی لە نێوان ئەم دووانە دا بەدی نەدەکردو هیچ کامیانی بۆ ئەوی دیکە وەلا نەدەنا. بە باوەڕی من یەکێك لە حزمەتە تیئۆریکی‌یەکانی ئەو، بردنە ژێر پرسیاری ئەندێشەکانی بەرەی نیشتمانی واتە یەك نەتەوەیی بوونی ئێرانە. ئەو لەگەڵ ئەوەی دا کە ـ وەك بۆخۆی دەڵێ ـ ئیزن بەکەس نادا کە خۆی لەوی بە ئێرانیتر بزانێ، دژایەتیی لەگەڵ یەك نەتەوەیی بوونی ئێران دەکرد. لەوەش بەولاوەتر لێرەولەوێ پێی لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس‌و مافی سەربەخۆیی دادەگرت. ئەمەش هەم نیشاندەری ڕاستوێژیی ئەووو هەم نیشانەی تێگەیشتنی سیاسیی ئەوە. ستراتیژیی درێژخایەنی وی پێشگیری لە ئاسیمیلاسیۆنی سیاسی‌و فەرهەنگیی کوردستان‌و گۆڕینی نەتەوەی فەرهەنگیی کورد بۆ نەتەوەی سیاسیی کورد لە ڕێگەی وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی‌و نەتەوەیی کوردستان بوو، دیارە لە چوارچێوەی ئێران دا.

٥ ـ ئەو وێڕای ئەوەی کە کوردستانی بە مەیدانی سەرەکیی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی دەزانی، بەڵام قەت تووشی خۆبەزلزانی‌و لەخۆبایی بوون نەبوو و بە پێچەوانە، لە پێناو پەرەگرتنی خەبات لە دژی حکوومەتی ناوەندی بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەك‌و ئێتیلافێکی هێزە دێموکراتە ئێرانییەکان ـ چ گەورە چ بچووك ـ دا بوو. ئەمن پێم وایە هاوکاریی ئەو لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران‌و ئاغای دوکتور بەنی سەدر و ژمارەیەك لە کەسایەتی‌یەکان‌و چەپەسەربەخۆیەکان بە مەبەستی پێکهێنانی "بزووتنەوەی بەرگریی نیشتمانی"، سەرەڕای بێ ئاکام بوونەکەی، کارێکی باش بوو. ئەو سەرەڕای ئەو هەمووە هەوڵە سەرانسەرییانە نەچووە ژێر باری خەسڵەتە هێژەمۆنیستی‌و مەزنیخوازانەو ئاسیمیلیستیانەی ئەوان. ئەو نامەیەی کە لە ساڵی ١٣٦١ دا بەر لە هاتنە دەر لە "شووڕای میللیی بەرگری" لە وەڵامی مەهدیی ئەبریشەمچی‌دا بۆ مەسعوود ڕەجەویی نووسی، نیشانەی ئەم باوەڕبەخۆبوونەیە. ئەمن ناوی، بەشێك لە "مانیفێستی" بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانم، لەسەر ئەم نامەیە داناوە.

٦ ـ ئەو پێوەندییەکی مەنتیقیی لە نێوان بەرگریی چەکدارانەو هەوڵدان بۆ ئاشتیی پێك هێنا بوو. هەم پیاوی مەیدانی شەڕ بووو هەم ئاشتیخواز. ئەم دووانەی بە واقیع لە دژایەتیی یەکتر دا نەدەدی. جاری وابوو بە هیچ نەدەسازا، جاری واش بوو زۆر نەرم بوو. بەرگریی چەکدارانە کە لەو کارانە بوو بە ڕێنوێنی‌و ڕێبەرایەتیی وی دەکرا، زۆر بەجێ‌و قابیلی ستایش بوو. هەر لەم کاتەش دا هیچ دەرفەتێکی بۆ ئامادەیی لە پێناو بەرقەرار کردنی ئاشتی‌یەکی عادڵانەو وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی دا لەدەست نەداو ئەوەش بۆخۆی وەك ئەسڵێك‌و پرەنسیپێك لەجێی خۆی دا بووە.

٧ ـ ئەمن پێم وایە لەو سەردەمی دا تەنیا ئەو دەی توانی لە بەرامبەر هێرشی سیاسی‌و ئیدئۆلۆژیکی‌و تەنانەت تەشکیلاتیی حیزبی توودەی ئێران دا خۆی ڕابگرێ‌و ڕابوەستێ. لێزانی‌و خۆڕاگری‌و ئازایەتیی وی بوو پێشی بەوە گرت حیزبی توودەی ئێران نەتوانێ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵلووشێ‌و دەستی بەسەر دابگرێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە حیزبی توودەی ئێران لە ساڵانی سەرەتای پاش شۆڕشی ڕێبەندان لە نێو چەپ‌و سۆسیالیستەکانی ئێران دا دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکی‌و سیاسی‌و عەقیدەیی‌و تیئۆریکیی زۆری هەبوو. هەر ئەم توانایەش بوو کە بزووتنەوەی فیدایی بە کردەوە بەدوای خۆی دا ڕاکێشاو ڕێکخراوە سیاسی‌یە سۆسیالیستی-یەکانی دیکەی کە چووکەتر بوون لە نێو بردن. سەبارەت بەوەی کە حیزبی





### ناسر ئێرانپوور لە چەند دێڕدا:

**پێناسە:**

**١ـ خوێندن**

ـ ١٣٤١ی هەتاوی لە شاری ساباڵغ (مەهاباد) لە دایك بووە.

ـ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە ساڵی ١٣٦٠ هەر لەم شارە تەواو کردوە.

ـ لە ساڵی ١٣٦٢ هاتوە بۆ ئاڵمان.

ـــ ١٣٦٦ تا ١٣٦٩ دەورەیەکی کارناسیی لە ڕشتەی دەفتەرداری و حیسابداری دیتوە.

ـــ ١٣٦٩ تا ١٣٧٠ چۆتە کالێجی شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان و وانەی "گێرمانیستیك"ی خوێندوە.

ـــ ١٣٧٠ تا ١٣٧٥ لە زانکۆی دۆرتمۆندی ئاڵمان ژۆرنالیستیك و دیداکتیکی زمانی ئاڵمانی خوێندوەو بە پلەی "کارشناسی ارشد"، واتا "فوق لیسانس" تەواوی کردوە.

ـــ ١٣٧٧ تا ١٣٧٨ مامۆستای زمانی ئاڵمانی لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی یەکیەتیی ئورووپادا بووە.

ـ لە ١٣٧٩وە تا ئێستا وەرگێڕی ڕەسمیی زمانی ئاڵمانی دەزگای قەزایی ئاڵمانە.

ـــ ماوەیەکیش کاری لە چوارچێوەی تێزی دوکتوراکەی لە سەر "ڕەنگدانەوەی پرسی نەتەوایەتیی کورد لە مێدیاکانی ئاڵمان" کردوە، بەڵام دوایە بە هۆی کاریتر وازی لێ هێناوە.

**٢ـ چالاکیی ژۆرنالیستی**

ناوبراو هەوڵی داوە بە شێوەی نووسین و بەتایبەتی وەرگێڕانی دەوری ٨٠ بابەت و وتاری گرینگ و پێوەندیدار بە دۆزی نەتەوایەتی و بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارەکانی "مەهاباد"، "پەیامی کوردستان"، "هاوار"، "کار"، "ڕێبازی نوێ"، "آرش"، "نیمروز"، " Kurdistan heute " (کوردستانی ئەمڕۆ)، "سیاسەت"، "هەورامان"، "آزادگی" و چەند بڵاوکراوەی کوردی و فارسی و ئاڵمانی تر و هەروەها لە سەر سایتەکانی ئینتێرنێت خزمەت بە پرسی ڕەوای کورد بکا. ناسر ئێرانپوور دوو ساڵێکە کە ماڵپەڕێکی خۆی هەیە بە ناوی www.iran-fedral.com کە تێیدا وتارەکانی خۆی کۆکردۆتەوە.

ئەو تەوەرانەی کە بە شێوەی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە تا ئێستا کاری لە سەر کردوە بە تایبەتی بریتی بوون لە:

* فێدرالیسم (ئاڵمان، سویس،کانادا)
* مافی دیاریکردنی چارەنووس
* چەشنەکانی دێموکراسی
* چەند پەیماننامەی گرینگی ئورووپا لە پێوەندی لەگەڵ مافی زمانەکان و کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان.

# باسێک لە سەر کات و شوێنی تێرۆری د. قاسملوو

**دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ١٣ ی جولای ١٩٨٩ لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش تێرۆر کرا. لەو بابەتە دا هەوڵ دەدرێ پێوەندییەک لە نێوان ڕووداوەکە و کات و شوێنی ڕووداوەکە بدۆزرێتەوە**

د. هێمن سەیدی



### شوێنی تێرۆری د. قاسملوو

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆخۆیان وڵاتی ئۆتریشیان بۆ ئەو عەمەلیاتە هەڵ بژاردبوو. دەیانزانی کاک دوکتور بە ئەنجام دانی وتوویژ لە هیچ کام لە وڵاتانی ناوچە ڕازی نابێ. متمانەشی بە وڵاتانی بلوکی شەرق کە تازە تووشی شێوان ببون نیە. بۆیە لە نێو وڵاتانی ئورووپای غەربی شوێنێکیان بۆ وتوویژ یا باشترە بڵێین بۆ تێرۆر دۆزییەوە. وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆربەیان یا خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسیی بەهێز بوون کە کۆماری ئیسلامی نەیدەتوانی کاربەدەستەکانیان بکڕێ یا ئەوەی کە خاوەنی دەستگایەکی قەزایی بەهێز بوون کە سەر بەخۆییان هەبوو و بۆ کردەوەی تێرۆریستی، پڕ مەترسی بوون. بەڵام وڵاتی ئۆتریش لە چەندین بوارەوە بۆ سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە، پێوەندی و ڕابردوویەکی سەیر و کەم وێنەی دەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو. ڕابردووی ئاشنایەتیی "کۆرت والدهایم" کە لە کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوودا سەرۆک کۆماری ئۆتریش بوو دەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەگەڕاوە بۆ چەند ساڵ پێشتر و ئەو کات کە لە نیۆیۆرک سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو. کاتێک دوای ڕووداوی گرەوگانگیریی سفارەتی ئامریکا لە تاران، ئەنجومەنی ئاسایش بە تێکڕای دەنگ بڕیارنامەیەکی سەبارەت بە مەحکووم کردنی ئێران و پێویستیی ئازاد کردنی گرەوگانەکان پەسەند کرد، مەئمورییەت بە کۆرت والدهایم درا کە وەک سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتۆەکان سەردانی ئێران بکا و بۆ چارەی کێشەکە حەول بدا. سەرەتا نەیتوانی خومەینی ببینێ و تەنیا دەگەڵ ڕەجایی، سەرۆک کۆمار چاوپێکەوتنی هەبوو. دوای تەواو بوونی ئەرکەکەی لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش و گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆشی دیسان هەر هەولی دامەزراندنی پێوەندیی سیاسی و ئابووری لە نێوان ڤییەن و تاران دا دەدا. هەر چەند ئێستا بەڵگەیەکی مەحکەمە پەسەند سەبارەت بەدەوری کۆرت والدهایم لە ڕووداوی تێرۆری دوکتور قاسملوو دا بەدەستەوە نیە، بەلام ئەوەی کە ئەو ڕووداوە لە سەردەمی سەرۆک کۆماری ناوبراو دا ڕوی داوە، بایەخی لێ وردبوونەوە و لێکۆلینەوەی زیاتری هەیە.

### کاتی تێرۆری دوکتور قاسملوو

بەداخەوە کۆماری ئیسلامی توانی کاتی تێرۆرەکەش بە ڕۆژ و مانگ و بە ساڵ هەر بۆخۆی دیاری



Österreich ist seit Ende des Golfkriegs einer der größten Financiers im Iran

## Milliardenaufträge aus Teheran

Radex liefert feuerfestes Material, der Voest-Industrieanlagenbau ein kalorisches Kraftwerk

Heinrich Mathis

Wien – Heute, Donnerstag, unterschreibt der iranische Vizebergbauminister Shekarri in Wien Handelsverträge mit einem Volumen von rund acht Mrd. S. Der Voest-Industrieanlagenbau soll ein kalorisches Kraftwerk im Wert von 500 Mio. Dollar errichten. Radex wird feuerfestes Material für 40 Mio. Dollar liefern und die Intertrading soll im Gegenzug Marmor für 200 Mio. Dollar im Iran einkaufen. Seit Beendigung des Krieges zwischen Irak und Iran haben österreichische Firmen ein Projektvolumen von 20 bis 25 Mrd. S im Iran abgewickelt und sind damit einer der wichtigsten Wirtschaftspartner des Landes geworden.

Seit dem Golfkrieg bemühen sich vor allem die USA und Deutschland um den wirtschaftlichen Aufbau des Iran. Deutschland ist der größte Financier iranischer Wirtschaftsprojekte und setzt vor allem die Finanzierung über die staatliche Exportversicherung Hermes ein. Auf den Plätzen folgen Italien und Japan. Auf der vierten Stelle liegt bereits Österreich, obwohl die Kontrollbank wegen eines bisher nicht beigelegten Streitfalles noch aus Zeiten der Revolution relativ hohe Prämien für die Versicherung des politischen Risikos verlangt. Ein Großteil des bisher abgewickelten Projektvolumens ist über die Kontrollbank abgesichert. Weil das iranische Obligo relativ rasch gewachsen ist, hält sich die Kontrollbank allerdings bei langfristigen Finanzierungen zurück, um einen schnelleren Umschlag der Gelder zu erreichen.

### Stillschweigen über Finanzierungsmix

Ein Teil der Aufträge wird von Teheran über normale Bankkredite finanziert, ein anderer über Gegengeschäfte abgewickelt. Über die genaue Aufteilung schweigen sich die befaßten Stellen aus.

Der mit der Intertrading vereinbarte Einkauf von Marmor für umgerechnet fast 2,5 Mrd. S entspricht der iranischen Politik, die Abhängigkeit des Exports vom Erdöl zu verringern. Von den österreichischen Einkäufen des Jahres 1991 von 1,9 Mrd. S entfielen 1,4 Mrd. S auf Erdöl und Erdölprodukte. Mit Exporten von

21. Mai 92

Staatsbesuch in Teheran: Bundespräsident Waldheim traf seinen Amtskollegen Rafsandjani im Juni 1991. Ein Besuch auf Ministerebene soll heuer folgen. Foto: AP

wird. Verhandelt wird derzeit vor allem über Projekte im Eisenbahnbereich und in der Erdölindustrie. Der Iran will österreichische Firmen mit dem Bau eines Schienennetzes von rund 1000 Kilometer Länge und Modernisierungsarbeiten an bestehendn Strekken beauftragen. Darüber hinaus geht es um die mögliche Lieferung von 1000 Waggons.

Die Österreicher müssen allerdings gegen begünstigte Kredite aus anderen Ländern konkurrenzfähig anbieten, während Wien „soft loans" für den Iran ablehnt. Verhandelt wird deshalb, ob sich die ÖMV in die Ausbeutung iranischer Ölquellen einkaufen kann. Es wäre dies das erste Mal, daß eine ausländische Ölgesellschaft neben der staatlichen iranischen Ölförderung tätig werden könnte. Vor kurzem betonte ein Sprecher der iranischen Botschaft in Wien, daß das Projekt „wohlwollend" geprüft werde.

INHALT

Neumann vor Fusion mit britischer Firma Seite 14
ABB kämpft um Auftrag für Wiener Straßenbahn Seite 14
Korosec für Sanktionen nach EG-Vorbild Seite 15
EG-Generaldirektor zu Transitvertrag Seite 15
Preiskämpfe erschüttern Airlines Seite 17

### Baukonjunktur weiter auf Rekordniveau

Wien – Die Baukonjunktur bewegt sich weiterhin auf Rekordniveau. In den ersten beiden Monaten des Jahres erzielten die Bauindustrie und das Gewerbe mit 11,6 Mrd. Schilling einen 19,8 Prozent höheren Produktionswert als in den Vergleichsmonaten des Vorjahres.

Besonders das Baugewerbe konnte von der günstigen Witterung profitieren. Mit 6,4 Mrd. S verbauten die Gewerbebetriebe um 31 Prozent mehr als im Jänner und Februar 1991. (APA)

### Drei weitere Perlinger-Firmen im Ausgleich

Innsbruck – Über drei weitere Unternehmungen der Perlinger-Gruppe sind am Dienstag nachmittag beim Landesgericht Innsbruck Ausgleichsverfahren eröffnet wor-

کۆماری ئیسلامی شوێنێکی لەبار بوو کە لەو نووسراوەیە دا هەوڵ دەدرێ ئەو بوارانە شی بکرێنەوە. جوغرافیای ئۆتریش و سیستمە ئابووری و سیاسییەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی ناسراو بوو. ئەو وڵاتە بە ڕواڵەت لە جوغرافیای سیاسی ئورووپای ڕۆژئاوا هەڵ کەوتبوو بەڵام تایبەتمەندی ئەو وڵاتانە وەک ئابووری بەهێز و سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی قەزایی نەبوو. ئۆتریش وڵاتێکی بچووک بە ئابورێکی لاوازەوە بوو. لە باری سیاسی و ئابوورییە وە بەستراوە بە وڵاتی ئاڵمانی ڕۆژئاوا بوو. ئاڵمانیش کە دابەش کرابوو، لە سەنگەری یەکەمی شەڕی سارد هەڵ کەوتبوو کە بە گەرمبوونی کێشەی وڵاتانی ئوروپای شەرقی ئەو قورساییە زۆرتر ببوو. ئۆتریش وابەستە بە وڵاتێک بوو کە لەو قۆناغە دا بۆخۆی دەیان کێشەی هەبوو، بەگشتی مەجالی لۆبیی تێرۆر و موعامەلە لە سیستمی ئابووری و سیاسی ئەو وڵاتە ڕەخسابوو. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر شەخسی خومەینی بۆ سەفەری والدهایم و سەردانی لە جەماران موافقەتی کرد، بەلام دوای گەیشتنی بە تاران خومەینی حازر نەبوو ئیزنی چاوپێکەوتنی بداتێ و بە بریارێکی سەیر و سەمەرە ئەمری کرد کە سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ببەن بۆ بەهەشتی زەهرا تا گۆری شەهیدانی شۆرشی ئیسلامی ببینێ!!! کۆرت والدهایم کە بەتەواوی سەری سوڕمابوو بەو هیوایە کە لانی کەم دوای سەردانی لە بەهەشت زەهرا ئیزنی چاوپێکەوتن بە خومەینی بدرێتێ چوو بۆ گۆڕستان. بەڵام دوای گەڕانەوەی، دیسان بە ئەمری خومەینی سواری فرۆکە کراوە و ناردراوە بۆ نیۆ یۆرک!! ئەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرەکەی، شوێنی لە سەر والد هایم دانابوو. دەکرێ بڵێین لە باری ڕەوانناسیی سیاسییەوە، هەیبەتی کۆماری ئیسلامی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکانی گرتبوو. دوای کێشەی گرەوگانەکان جارێکی دیکە سەردانی ئێرانی کرد بوو، بەلام دیسان بکات. دەڵێن دوکتور قاسملو بۆ ڕۆژی ١٤ی جولای یانی تەنیا ڕۆژێک دوای تێرۆرەکەی لە پاریس بۆ بەشداری لە جێژنی دووسەدساڵەی شۆرشی فەرانسە دەعوەت کرا بوو کە بەداخەوە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی مەجالی بەشداریان پێنەدا. ئەگەر هاوکات بوونی ڕۆژی تێرۆرەکە دەگەڵ جێژنی قوربان بەهەڵکەوت بووبێ، بە دلنیاییەوە هاوکات بوونی دەگەڵ چلەی مەرگی خومەینی بە هەڵکەوت نەبۆ. دەزانین کە خومەینی فتوای قەتڵی کاک دوکتوری دابوو بۆ کاربەدەستانی تێرۆر، تێرۆری دوکتور قاسملوو لە چلەی خومەینی دا مانایەکی سەمبولیکی هەبوو. بەڵام ئەگەر لە ڕۆژ و مانگەکەی بگەڕێین و هەموو ئەو ڕووداوانە بە هەلکەوت دابنێین، هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٨٩ لە لایەن کۆماری ئیسلامییە وە هەڵبژاردنێکی دروست بوو. هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە ئەو ساڵە ساڵێکی پڕ ڕوداو دەبێ، ساڵێک کە ڕووداوە گرنگەکان لە نێوان ڕووداوە گرنگترەکان دا دەشاردرێنەوە. ساڵێک کە بەشێک لە ئورووپا بە تەواوی شلەژا بوو و بەشەکەی دیکەش نەیدەزانی چۆن خۆی دەگەڵ ڕەوتی خێرای ئاڵ و گۆرەکان بگونجێنێ. لەو بوارەشدا دیسان هەڵبژاردنی ئۆتریش هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوو بوو، ئۆتریش لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە ئاوری ئاڵمانی شەرقی دا دەسووتا. ئاڵمانی ڕۆژئاوا هەستی دەکرد برایەکی خۆی بە نەخۆشی دۆزیوەتەوە، ئاڵمان سەرخۆشی ئەگەری یەکگرتنەوە و پەرۆشی ڕووخانی ئابووری بوو. مەجالی بۆ چاودێری و یارمەتیی هیچ وڵاتێک نەمابوو. بەداخەوە ئەو ڕەوشە نالەبارەی ئۆتریش و بەگشتی زۆر بوون و خێرا بوونی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٩ ی ئورووپا ،باشترین هەلی بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساند و دلنیای کردن کە بە موعامەلەیەکی ئابووری ، بەرپرسانی ئۆتریش ڕازی دەکەن و بیر و ڕای گشتیی جیهانیش زۆر ناپرژێتە سەر ئەو جینایەتە. بە کردەوەش هەر وای لێ هات. کۆماری ئیسلامی توانی هەم تێرۆرەکە ئەنجام بدات و هەم تاکوو ئێستاش خۆی لە ئاکامەکانی ئەو جینایەتە بدزێتەوە. سیستمی جینایەتکار! دەستەواژەیەک کە بەتەواوی دەتوانێ پێناسەی کۆماری ئیسلامی بێت، ڕێژیمێک کە نە لە ئابووری دا و نە لە هونەری ئیدارەی وڵاتدا خاوەنی کردەی سیستماتیک نیە. تەنیا لە جنایەت دا خاوەنی سیستمە، ئەو نازناوە کە چەند ساڵ دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو و لە دادگای میکۆنوس دا بۆ ڕێژیمی ئێران هەڵ بژێردرا، "سیستمی جینایەتکار" پڕ بە پێستی کۆماری ئیسلامییە.

پێویستە توێژەران و لێکۆڵەران و ئەو کەسانەی لە ئورووپا دەستیان بە ئارشیوەکان ڕادەگا یا دەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکانی وڵاتی ئۆتریش پێوەندیان هەیە لە هەر مەجالێک بۆ بەدواداچوونی ئەو فایلە و کۆ کردنەوەی زانیاری لە سەر کۆرت والدهایم و پێوەندییەکانی دەگەڵ ڕێژیمی ئێران کەڵک وەرگرن. بە دڵنیاییە وە ڕۆژێک بەرپرسانی ئەو پیلانە تووشی قازییەکی ئازا وەک قازییەکەی بێرلین دەبن.

٣٠. ٠٦. ٢٠٠٩

بریتانیا

---

درێژەی

## ئەو دەرسانەی دەبێ لە گەورە پیاوی مێژووی کوردستان و ئێران فێریان بین

دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەرەی "بزووتنەوەی جیهانیی سۆسیالیستی"و ڕۆژهەلات دا بوو، بەلام بۆخۆی خاوەنی تیئۆرییەکی سەربەخۆ بۆ خەباتی ئیدئۆلۆژیکی لەگەڵ لاڕێیی و هێرشی حیزبی توودەی ئێران ـ تەنانەت لە بواری مەسەلەی نەتەوایەتی دا ـ نەبوو، بە تایبەتییش سەبارەت بەوەی کە خەسلەتی تەواو ڕووناکبیرانەی نەبوو خەریکی خەباتی بەکردوە لە دژی دەسەڵات بوو، گرنگی و ڕۆڵ و خزمەتی گەورەی دوکتور قاسملوو بۆ پارێزگاری لە سەربەخۆیی فکری و تەشکیلاتی و سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان بۆ دەردەکەوێ.

٨ ـ ئەو، هاوکێشییەکی باش و مەنتیقی و سالمی لە نێوان وەرگرتنی یارمەتیی پشتی جەبهە لە دەوڵەتی عێراق و بردنە پێشی خەبات لە دژی حکوومەتی زاڵ بەسەر ئێران دا پێك هێنابوو. هەموومانی فێر کرد کە لە بواری پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە دا نابێ تەسلیمی شانتاژی نەیاران بین. فێری کردین کە پێوەندییەکی ئەوتۆ دەکرێ هەبێ و جاری وایە تەنانەت دەبێ هەبێ بێ ئەوەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆمان لەدەست بدەین. هەم حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەم کۆمەڵە ـ بە باوەڕی من ـ پەروەندەیەکی خاوێنیان لەو بارەیەوە هەیە. پاراستنی سەربەخۆیی ئەوان بەبێ نرخ و بێ گیروگرفت بۆ ئەوان، شتێکی ئاسایی و زۆریش ئاسان نەبووە. ئەوەندە بەسە چۆنیەتیی پێوەندیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و حیزبەکانی کوردستانی عێراق و تورکیە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بێنینە بەرچاوی خۆمان، تاکوو ئەو ڕاستییەمان باشتر بۆ دەرکەوێ.

٩ ـ دوکتور قاسملوو هەر تەنیا لێکۆلەرێك یان تیئۆریسیەنێك یان خەباتگێڕێك یان سیاسەتمەدارێك نەبوو، بەڵکوو دیپلۆماتێکی چالاکیش بوو. پێوەندییە دیپلۆماتیکییە نێونەتەوەییەکانی وی ڕۆڵێکی گرنگیان لە لەقاودانی جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان و ناساندنی خەباتی خەڵکی کوردستان لە ئاستی نێونەتەوەیی و لە نێو بیروڕای گشتی و ڕاگەیەنە گشتییەکان دا هەبووە. ئەگەر ڕادەی پێوەندییەکان و وتووێژەکانی ئەو و بەشداری لە کۆنگرەکان و سیمینارە نێونەتەوەییەکانی ئەو لەگەل کارە کەم و لاوازەکانی دواتری ئەو هەمووە ئێرانی و کوردانەی دەرەوەی وڵات لە ئێستا دا بەراورد بکەین، چۆنیەتی و چەندیەتیی بەرزی چالاکییە تاکەکەسییەکانی دوکتور قاسملوومان باشتر بۆ دەردەکەوێ.

١٠ ـ لە تایبەتمەندی و خەسلەتە بەرچاوەکانی وی زانایی و بیرمەندی و فەرهەنگ و لەسەرخۆیی و ئەدەبی بەرزی سیاسیی ئەو، زاڵبوونی بەسەر مەسەلە سیاسییە نێوخۆ و نێونەتەوەییەکانداو ڕاوێژێکی جوان لە شیکردنەوەی مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژ دا بوو. هەمووی ئەمانە ببوونە هۆی ئەوە کە ببێتە خاوەنی توانایەکی زۆری ئیستدلال و قسەی بڕوا. ئەو سەرەڕای ئەوەی ڕێبەری خەباتێکی سەخت و خوێناوی و نابەرابەر لە دژی ستەمی میللی دا بوو، بەلام ـ ئەمن پێم وایە چونکە لە داوێنی چەپی ئێران دا پەروەردە ببوو ـ قەت سنوورە سیاسییەکانی نەڕووشاند. دژایەتیی لەگەل خەڵك و قەوم و فەرهەنگ و زمانێکی تایبەتی دا نەکرد. بە پێچەوانە قەت نەی شاردەوە ئاشقی زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسی و خەڵکی فارس زمانە و هەمیشە بەدوای نزیکایەتی لەگەل کەسایەتییە ئێرانی و هێزە "سەرانسەری"یەکانەوە بوو. هەروەها ئەلهەق جینایەتی مۆرەی وەك حەسەنی و مرادی قەتاری و کەسانی دیکەی بە حیسابی ئازەربایجانییەکان دانەنا. لە هیچ کام لەو سەدان نووسین و وتووێژانەدا تەنانەت یەك وشەی ناحەز و تێکەڵ بە توورەیی بۆ گەلی دراوسێ بەکار نەهێنا. ئەگەر چاوێك لە سایتە ئەنتەرنێتییەکانی ژمارەیەك لە "چالاکان"ی تازە هاتووی ئەمڕۆ بکەین کە لە بواری میللیەتەکانی ئێران و هەورەها "ناسیۆنالیزمی ئێرانی" دا شت دەنووسن، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم تایبەتمەندی و نەجابەتە سیاسییەی دوکتور قاسملوو شتێکی زۆریش ئاسایی نەبووە. ئەوە تەنیا لە کەسایەتییە بەرزەکانی وەك ئەو ( دیارە ژمارەیەکی کەمیش نا لە ڕێبەرانی ئێستای کوردستانی ئێران لە حیزبە جۆراوجۆرەکانی) دەوەشێتەوە. ژیان و بەرهەمەکانی لەم بارەیەشەوە دەرسی زۆر بەنرخی بۆ هەموومان تێدایە.

****

**بەڵێ، حکوومەتی تێرۆرو جینایەت دەیزانی چ کەسێك لە خەڵکی کوردستان و ئێران دەستێنێ. بەلام نەی دەزانی لەبەر چاوانی ون دەکاو دەیباتە نێو دڵەکان. دوکتور قاسملوو قەت بەرادەی ئێستا، بیست ساڵ پاش ئەوەی بە مەزڵوومی گیانی لەدەست دا، ئاوا خۆشەویست نەبووە. حکوومەتی ئیسلامی نەیزانی ڕەخنەگرانیشی دەبنە ئەویندارو ڕێبواری ڕێگاکەی. ئەمەش لە حاڵێك دایە کە یەکێك لە مۆرەکانی قەتڵی ناجوانمێرانەی ئەو، ئەحمەدی نەژاد، وەك حکوومەتەکەی بێزراوتر لەهەر کاتێکی دیکەن و خەڵکی ئێران لەمێژە دەنگی زەنگی مەرگی ئەوانی وەڕێ خستوە.**

لە بەیانیی شۆرشی خەڵکی ئێران دا کە هەر ئەم ڕۆژانە شاهیدی گوورانی نەمامەکەین، خەڵکی ئێران جینایەتکارانی وەك خامنەیی و ڕەفسەنجانی و ئەحمەدی نەژاد دەکێشنە پای موحاکەمەی گەل. بەلام پەیکەران لە گەورەپیاوانی وەك دوکتور قاسملو دروست دەکەن و مانیۆمێنتیان لێ ساز دەکەن و شەقام و مەیدان و شوێن‌ودامەزراوەو قوتابخانەکانیان بەناو دەکەن. ئەمن وەك ئەندامێکی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان هەر لە ئێستاوە پێشنیار دەکەم کە یەکێك لە شارەکانی کوردستان و ئێران بە ناوی ئەم گەورەپیاوەی مێژووی ئێران و کوردستان بکەین. گرنگیی دوکتور قاسملوو بۆ کوردستان و ئێران لە گرنگیی جۆرج واشینگتۆن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەمتر نەبووە. دەبا جەللادەکانی ئیسلامیی ئێران ئاوا وەلامی جینایەتەکانی خۆیان بۆ نەهێشتنی فیزیکی و کوشتنی بیرمەندانی ئێران و کوردستان وەرگرنەوە.

١٢ی پووشپەڕی ١٣٨٨ ـ ٣ی ژووئیەی ٢٠٠٩

ئەڵمانی فیدراڵ

دوکتور عیزەدین مستەفا رەسووڵ:

# دوکتور قاسملوو، کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو رۆژهەڵات

جیهانی دوکتور قاسملوو جیهانێکی فراوان بوو، خۆشی لە خۆیدا جیهانێکی فراوان بوو.

کەسێکی هەڵکەوتووی گەلی کوردو رۆژهەڵات بوو. بێ گومان لە رێی بیروباوەڕو رێی سۆشیال ـ دێموکرات گرتنیشەوە چووە سنووری جیهانەوە.

لەم جۆرە بۆنانەدا رێگەی بیرویادەوەری دەگرم زیاد لە لێکۆڵینەوە، چونکە لێکۆڵینەوە لە دەست زۆر کەس دێت، بەڵام بیرەوەری لای زۆرکەس نییەو کەم کەسیش هەن بیرەوەری دەکەن بە دەرگای لێکۆڵینەوە.

خۆزگە یارمەتییەك دەدرام کە ئەوپێشەکییە عەرەبییەی بۆ بەعەرەبی وەرگێڕانی (چل ساڵ خەبات) ی شەهید قاسملووم نووسیوە بکەم بە کتێب. ئەوسا ئەو بیرەوەرییانەی تەمەنیان درێژە دەبوونە بەرگی کتێبێك.

وەك دەزانن شەهید قاسملوو لەساڵی ١٩٥٢ ـ ١٩٥٣وە



دەناسم. بەڵام کە ١٩٦٠ـ ١٩٦٥ لە مۆسکۆ بووم ساڵی دووجار لە پڕاگ دەبوومە میوانی. یەکەم جار بوو بەو فراوانییە کۆمەڵێك قسەی خۆش لەبارەی دەسەڵاتی چیکۆسلۆڤاکیاو شەخسی( نۆڤۆتنی) یەوە ببیستم. نازانم لەکوێی دەبیستن‌و چۆنی کۆ دەکردنەوە. لە راستیدا ئەو سەردەمە من قەڵس دەبووم کە بەو جۆرە باسی سەر کردەیەکی کۆمۆنیست بکرێ. بەڵام دوکتوری شەهید بەوانەو بەگەلێك شتی دیکە بەرەو بەرچاوفراوانیی بردم. لەوەش گەیشتم کە(قسەی خۆش ) دەرگای رەخنەن. بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە ئازادیی ڕەخنە نەبێ. ئەگەر ئێستا ئەو قسە خۆشانە کۆبکەمەوە ڕەنگە ئەوەش جیا بکەمەوە کە کامەیان

هەر خودی دوکتور قاسملوو دروستی کردوون‌و کامەیانی بیستوە. لێرەوە دەچمە سەر ئەوەی کە شەهید قاسملوو لە پڕاگ، وەك هاووڵاتییەکی چیك دەژیا. لە شێوەی ژیانی ماڵ‌و گوێ لە مۆسیقا گرتن‌و خۆراك‌و خۆ لە چایخانەی ڕۆژئاوا ناوبانگی چایخانەی ڕۆژئاوا ...

هەر خودی دوکتور قاسملوو دروستی کردوون‌و کامەیانی بیستوە. لێرەوە دەچمە سەر ئەوەی کە شەهید قاسملوو لە پڕاگ، وەك هاووڵاتییەکی چیك دەژیا. لە شێوەی ژیانی ماڵ‌و گوێ لە مۆسیقا گرتن‌و خۆراك‌و خۆ لە چایخانەی ڕۆژئاواتییەکان ـــ شوێنی چەنەبازی ـ دوورخستنەوە. لەو ژیانەی ئەوێیدا بە خەیاڵی کەم کەس دا دەهات ئەم پیاوە توانای گەڕانەوە رۆژهەڵات‌و کوردستانی هەبێ. نەك بێتەوە ببێ بە سەرکردەی رێکخستن‌و پیشمەرگەش‌و لە چیاش ژیانێکی تایبەتیی رووناکبیرانە بۆخۆی‌و هاوەڵەکانی دامەزرێنێ.

زۆر کەسی ڕووناکبیرم لە پڕاگ لە ماڵەکەیدا دەدی، لە راستیدا لام ناخۆش بوو تێکۆشەرێکی کورد بەو جۆرە دەست بخاتە کاری وڵاتێکەوە کە لەوێ میوانە. بەڵام پاش داگیر کردنی پڕاگو رووداوەکانیتر ناچار کرا بچێتە پاریس‌و پاشان بگەڕێتەوە کوردستان. سەرکردەیەکی کۆمۆنیستی ناوداری لای خۆمان دەیوت: ئەگەر چێك دەیانزانی دوکتور قاسملوو پاش ساڵێك دەگەڕێتەوەو لە



ئێران‌و کوردستان ئەم جێگەو دەسەڵاتەی دەبێ، ئەو خۆیشی برۆیشتایە ئەوان دەپاڕانەوە کە بمێنێتەوە. لە دایکبووی شەوی یەڵدای ١٩٣٠ ئەو تەمەنەی نەبردە سەر کە بەپێی ( لەشساغی‌و ئاگاداری ) ی خۆی لێی چاوەڕوان دەکرا. بەڵام وەك لە شوێنیکیتردا نووسیبووم ـ چرای ئەو پیاوە وریایە ئەو سەعاتە لە چرکەیەك دا وەستاو دوژمن پەیی پێ برد. بۆ ئەوەش ـ بۆباسی هەڵپەی شەهید قاسملوو بۆ ڕێککەوتن، یادەوەری‌و لێکۆڵینەوەم هەیە. بۆ ئەو پرۆژەیە هیوام وایە یارمەتیی تەواو کردنیم بدرێ.

قاسملوو شەهیدێك‌و سەرکردەیەکی نەمرەو زۆری پێشکەش کرد.

## کورتەیەك لە بارەی دوکتور فازیل رەسووڵ

د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ

فازیل ئامۆزام بوو. لە بیرەوەرییەکدا نووسیم: لە بیرمە کە من دەستم گرت و لە جیاتی باوکی بردمە مەکتەب. لە منداڵییەوە زیرەکیی پێوە دیار بوو. هەر لە منداڵییشەوە لە خەتێکی جیاواز لە من دەستی دایە کاری سیاسی و چووە ناو پارتی دێموکراتی کوردستانەوە.

تەمەنی کەم بوو کە ساڵی ١٩٦٢ گیراو ئازارو ئەشکەنجەی زۆر درا، خۆی راگرتبوو، نەڕووخا بوو. لە خوێندندا دوا نەکەوت. بەشی زانستی سیاسیی لە زانستگە (زانکۆی بەغدا) تەواو کرد. پاشان کە چووە (نەمسا_ئوتریش)یش خوێندی و دوکتۆرای وەرگرت. زمانی (عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی، ئەڵمانی) باش فێر بوو.

لە ساڵی ١٩٦٤ بە دواوە لەگەڵ هێڵی (مەکتەبی سیاسی) بوو. کە ئەوان چوونەوە نێو پارتی، ئەویش چۆوەو بوو بە ئەندامی سەرکردەیی قوتابیان. بەڵام ماوەیەکی پێ چوو. بێ ئاگاداری یا پرس کردنێك بە من هاتبووە نێو رێکخراوە (قیادەی مەرکەزی) ی لە شیوعی جیا بۆوە. کە منیش و فاورووقی براشم لەوێدا کارمان دەکرد. هەر لە نێو (قیادە) دا لەگەڵ چەند کەسێکدا لە شام و بێرووت جیابوونەوەو ناوی خۆیان نا (وحدة القاعدة). کاك عادل عەبدولمەهدییان لەگەڵ بوو. عادل کە کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراوی شیعە بوو پاش شۆڕشی ئێران چووە تاران و فازیلیش لەگەڵیدا چوو. دیارە هەردووکیان هەڵپەی گەورەبوونیان بوو. پێوەندیی عادڵ لەگەڵ ماڵی (الحکیم) دا کۆن بوو. پێکەوە دەبەسترانەوە. فازیل کەوتە نووسین و وەرگێڕان بەو رێبازەوەو بە عەرەبی کتێبی (هکذا تکلم علی شریعتی)ی نووسی و کتێبی مەهدی بوزورگان [دەبێ مەبەست مەهدی بازرگان بێ] کرد بە عەرەبی. باسی چەند جار



بینینی ئیمام خومەینیی دەگێڕایەوە. کە ئێرانییەکان کەوتنە وتووێژ لەگەڵ دکتور قاسملوو، چەند کەسیتر لە نێوانیاندا هەبوو، بەڵام دیار بوو ئێرانییەکان مەبەستیان لەو وتووێژە هەر تیرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو بوو، گەیشتنە ئەنجام نەبوو. بۆ کەسەکانیتری نێوانیان کە یەکێکیان سەرۆکی پێشووی ئەلجەزائیر ئەحمەد بن بێللا بوو، نەیاندەویست بیان کوژن. لەبەر ئەوە بە رەزامەندیی دوکتور قاسملوو فازیلیان کرد بەناوبژیکەر و بۆ کوشتنی ئەو دەربەست نەبوون .

ئەویش مەبەستی بوو شتێك بکا کە کوردو حکوومەتی ئێران نزیك بنەوەو هەندێ داخوازی کورد بدرێ.

تەرمەکەی هێنرایەوە سلێمانی، شتێك لە توکی سەرو گۆشتی لا روومەتی جەعفەری سەحراوودی لەنێو دەستیدا بوو، دیارە ئەم پەلاماری دابوو، کە بە گوللەی ئێرانییەکان خۆیان بریندار کرا بوو.

ماوەیەك لەگەڵ بن بێللا و مونیرشەفیقدا گۆڤاری (حوار) یان دەرکرد کە خیزانەکەی پاش خۆی چەند ژمارەی لێ دەرکرد. ئیسلامییانەی تازە بابەت بوو.

## عەبدوڵڵا قادری ئازەر، هاوڕێی ژیان و مردنی دوکتور قاسملوو

لە کردەوەی ترۆریستیی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی (سێزدەی ژوئێنی ١٩٨٩)دا جگە لە دوکتور قاسملووی رێبەرو دوکتور فازیل رەسووڵ هاوڕێی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات و نوێنەری حیزب لە ئوروپا، عبدالله قادری ئازەریش گیانی لە دەست دا. عبدالله قادری ئازەر کێ بوو؟

ساڵی ١٣٣١ لە شاری نەغدە لە دایك بوو، خوێندنی سەرتایی هەر لەو شارە تەواو کردو دوایە بۆ درێژەدانی خوێندن لە هونەرەستان چووە شاری ورمێ‌و دیپلۆمی وەرگرت. تەنیا حەڤدە ساڵی تەمەن بوو کە بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و پاش ماوەیەك خەباتی نهێنی بە ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب هاتە پێش و بوو بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی نەغەدە. دڵسۆزی و پرکاری و لە خۆ بووردەیی لەلایەك و زیرەکی و خوێندەواری و وشیاریی سیاسی لە لایەکی دیکە مەودایەکی بەرینیان بۆ پێگەیشتنی ئەو هاوڕێیە رەخساند. زۆری پێ نەچوو بۆ ماوەیەك بوو بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و دواتر گوازرایەوە بۆ ئۆرگانەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی. لە دەفتەری سیاسی ماوەیەك لە رادیۆ کاری کرد. لەو بەشەدا زۆر بەکەڵك بوو، چونکە جگە لە زمانی خۆی، دوو زمانی فارسی و تورکییشی زۆر باش دەزانین و بە هەر دووکیان دەی نووسی. ماوەیەك لە کۆمیسیۆنی ماڵی خزمەتی کرد، چونکە لە بەشی حیسابداریدا شارەزایی باشی هەبوو، هەر لەو کاتەش دا نموونەی دەستپاکی و ئەمانەتداری بوو. ماوەیەکیش لە نەخۆشخانە بە خەمی بریندار و نەخۆش و پێشمەرگە و خەڵکەوە بوو.

بەڵام ئەو کارەی عەبدوللا قادری ئازەر زیاتر گەشەی تێدا کردو بەرەوپێشی برد کار لە پێوەندییەکانی دەرەوە بوو کە لەو بەشەدا بوو بە هاوکاری راستەوخۆی دوکتور قاسملووی نەمر. لە ژێر دەستی دوکتوردا پێ گەیشت. ماوەیەك لە بەغدا بوو، زۆر زوو جێی خۆی کردەوە، زمان بە خێرایی فێر بوو، بەجۆرێك کە هەموو کارەکانی راستەو خۆو



بێ پێویستیی وەرگێڕ جێبەجێ دەکردن. کاتێك لێوەشاوەیی خۆی لەو بەشەدا بۆ هەمووان دەرخست بیر لەوە کرایەوە کە بنێردرێتە پاریس پێتەختی فەرانسە و بکرێتە بەرپرسی دەفتەری حیزب و نوێنەری حیزب لە ئوروپا یان باشتر بڵێین دەرەوەی کوردستان بەگشتی. لەو ماوەیەدا کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بەستراو ناوبراو بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئەو پلە حیزبییەشی بەهەق بە لێوەشاوەیی و کارزانیی خۆی پێ سپێردرا. کاتێك بەدوای هەڵبژێرانی دا ناردرایە پاریس و ئەو پۆستە گرنگەی وەرگرت، لەگەڵ زەمان کەوتە پێشبرکێ. دەبوو زوو فێری زمانی فەڕانسەیی بێ و هەر لەو کاتەدا رێ و شوێنی کاری دیپلۆماسی و ژیان لە ئوروپا و لەگەڵ ئوروپاییەکان شارەزایی پەیدا بکا کە دیارە کارێکی ئاسان نەبوو. بەڵام توانایی‌و لێوەشاوەیی عبدالله شتێکی دیکە بوو. زووتر لەوە کە چاوەڕوان دەکرا فێری زمان بوو، و زۆر زووش لەگەڵ ژیانی ئوروپا راهات و لەگەڵ فەرانسەییەکان پێوەندیی گەرمی دۆستایەتی و سیاسی و دیپلۆماسیی دامەزراند. بە ڕاستی دۆستە فەڕانسەییەکان

ئۆگری بوون، ستایشیان دەکردو لێی رازی بوون.

کار دەگەڵ قاسملووی رێبەرو لە بەردەستی دیپلۆماتێکی وا شارەزادا بۆ قوتابییەکی زیرەك و ئۆگرو لە خۆ بوردوو وەك عەبدوللا قادری دەرفەتێکی زێڕین بوو. بۆی رەخسا رۆژنامەنووسان، نووسەران، سیاسەتوانان، دیپلۆماتەکان و بەگشتی خەڵکی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك فەڕانسە بناسێ و دەگەڵیان ببێتە دۆست و هاوڕێ. لە کاتی بوونی دوکتور قاسملوو لە دەرەوە هاوڕێ و هاوسەفەر و لە نەبوونی وی‌دا نوێنەری بوو. بۆیە دەرگەی هەموو شوێنێکی بۆ لە سەرپشت بوو، و بە هەقیش کەڵکی لە دەرفەت وەرگرت و خۆی پێ گەیاند.

عەبدوللا هاوڕێ و هاوکاری تا سەری قاسملووی رێبەر بوو. بۆ سەفەری هاتونەهاتیش هاوسەفەری بوو. نیشانەکان دەریان خست کە زۆر بە قووڵی هەستی بەو مەترسییە کردوە کە بۆ خۆی و رێبەرە خۆشەویستەکەی لە کەمین دا بووە. بەڵام ئامادە نەبوو لێی هەڵ ببڕێ، لە تەنگانەدا پشتی تێ کاو بە تەنیا رەوانەی بۆسەی دوژمنانی ئازادیی بکا. ئەو ڕازی نەبوو پاش قاسملوو بژی و پێی باش بوو لە باوەشی قاسملوودا بمرێ و لە پایینی کێلەکەی قاسملوودا بنێژرێ. هەزاران سڵاو لە گیانی و شانازی بۆ وی کە هەتا سەر بە رێبازی حیزبەکەی و ئامانجی گەلەکەی و هاو چارەنووسی دەگەڵ رێبەرەکەی وەفادار ما. روحی شاد و رێگەی خەباتی پڕ رێبوار.

درێژەی

# دوکتور قاسملوو، ساخکه‌ره‌وه‌و زیندوو که‌ره‌وه‌ی حیزبی دێموکراتی کوردستان

گه‌شتیارانه‌وه یا له‌و بیره‌وه‌ری‌و راپۆرتانه‌وه که نێردراوانی ده‌وڵه‌تی له گۆڤاره‌کانیان دا به زمانی ئه‌ورووپی بڵاویان ده‌کردنه‌وه، که وه‌کوو نه‌ته‌وه‌یه‌کی کێوی و رێگری نێو کوێستانه‌کان باسی کوردیان ده‌کردو له جێیه‌کی دیکه به نه‌ته‌وه‌یه‌کی به غیره‌ت‌و جوامێرو میوانگر ناویان دێنا، کوردیان ده‌ناسی. به‌ڵام که‌مترین شتێکیان له‌سه‌ر باری سیاسی، واته سه‌رکوت کرانیان‌و به‌ره‌نگاری‌و خۆڕاگریی ماندوویی نه‌ناسانه‌یان له‌به‌رامبه‌ر دیکتاتۆره ده‌سه‌ڵاتداره‌کانی زاڵ به‌سه‌ر ناوچه‌دا نه‌ده‌زانی. هه‌تا ئه‌و شوێنه‌ی من ئاگادارم ته‌نیا که‌سێك که له‌سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م دا (١٨٣٤ی زایینی) باسی قاره‌مانێتی‌و خۆڕاگریی کورده‌کانی له به‌رامبه‌ر هێزه داگیرکه‌ره‌کانی ده‌سه‌ڵاتبه‌ده‌ستانی عوسمانی دا ئه‌ویش له کۆمه‌ڵه نامه‌یه‌ك دا که بۆ هاوسه‌ره‌که‌ی ناردوه، کردووه‌و ئێستا بوونه‌ته به‌ڵگه، مارشال هێلمۆت گراف فۆن مۆلتکێی ئالمانیی راوێژکاری سه‌ربازی‌و له خزمه‌ت ئیمپراتۆریی عوسمانی دابووه.

لێره‌دا ده‌بێ ئه‌وه وه‌بیر بێنینه‌وه که بزووتنه‌وه‌کانی سه‌ده‌ی بیسته‌م له سه‌رانسه‌ری کوردستان و زیاتر له هه‌مووشیان دامه‌زرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌و ساڵێك دواتر کۆماری کوردستان له لایه‌ن یه‌که‌مین رێبه‌ری ئه‌و حیزبه‌وه له‌م نیشتمانه‌دا، هه‌موویان بلێسه‌گه‌لێکی سیاسی بوون که سه‌ره‌تا روونا‌کبیران‌و دواتر ده‌وڵه‌تانی خاوه‌ن به‌رژه‌وه‌ندی ئابووری‌و سیاسییان له ناوچه‌دا له‌خه‌و راچڵه‌کاندو تێیان گه‌یاندن که جگه له دیکتاتۆرانی ده‌سه‌ڵاتدارو لایه‌نه‌کانی چه‌وسێنه‌ره‌کانی گریبه‌سته‌کان، کۆمه‌ڵێك نه‌ته‌وه‌ی دیکه‌ش، وه‌کوو کوردو ئازه‌ری و ئه‌رمه‌نی‌و به‌لووچ‌و تورکه‌مه‌ن‌و عه‌ره‌ب‌و... هه‌ن که چه‌ندین ساڵه مافه‌کانیان پێشێل ده‌کرێن‌و هیچ که‌س به هێندی نه‌گرتوون‌و گوێیان ناده‌نێ. دیاره پێویست به وتن ناکا که له‌گه‌ڵ ته‌واوی ئه‌وانه‌ش دا، به پێی هه‌لومه‌رجی شوێن‌و کات، که‌سایه‌تی و سه‌رۆك عه‌شیره‌ته‌کان، و دواتریش حیزبه سیاسییه‌کانی ئه‌و نه‌ته‌وه مافخوراوانه هه‌رکام به شێوه‌یه‌ك‌و به پێی توانای خۆیان هه‌وڵیان دا نه‌ته‌وه‌و ویست‌و مافه‌کانیان به خه‌ڵکی جیهان بناسێنن‌و ئه‌و هه‌وڵ‌و تێکۆشانانه‌ش له جێی خۆیان دا شیاوی رێزلێگرتن و ده‌ستخۆشانه‌ن. بۆ نموونه: له کۆتایی شه‌ڕی یه‌که‌می جیهانییه‌وه ته‌نیا له نێو گه‌لی کورد دا، ده‌کرێ ناوی رێبه‌رگه‌لێکی ناوداری وه‌کوو شێخ مه‌حموودی به‌رزه‌نجه‌یی (١٩١٨ــ ١٩٣١) شێخ سه‌عیدی پیران (١٩٢٥) ئیحسان نووری پاشا (١٩٢٧) سمایل ئاغای سمکۆ(١٩١٨ــ ١٩٣٠) سه‌ید ره‌زای دێرسیمی (١٩٣٧ــ ١٩٣٨) مه‌لا مسته‌فا بارزانی (١٩٣٢ــ ١٩٧٥) قازی محه‌ممه‌د دامه‌زرێنه‌ری حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٩٤٢ـ ١٩٤٧) و سه‌رئه‌نجام دوکتور قاسملوو ساخکه‌ره‌وه‌ی ئه‌م حیزبه (١٩٧١ــ ١٩٨٩) بێنین. هه‌روه‌کی ئاماژه‌ی پێکرا هه‌رکام له‌و که‌سایه‌تییانه له پێگه‌و سه‌رده‌می خۆیانه‌وه رۆڵێکی کاریگه‌ریان له ناساندنی نه‌ته‌وه‌ی کوردو ویست‌و داخوازییه‌کانیان له نێو خه‌ڵکی ناوچه‌و جیهان دا هه‌بوو. به‌ڵام ئێمه ده‌زانین که جیهان هه‌تا زیاتر به‌ره‌و پێشکه‌وتن ده‌چێ، داهێنان‌و کاریگه‌ریی که‌سایه‌تییه سیاسییه‌کان زیاتر ده‌رده‌که‌وێ‌و شێوه‌ی که‌ڵکوه‌رگرتن لێیان به‌رچاوتر ده‌بێ.

دوکتور قاسملوو که هه‌تا چه‌ند ساڵێکیش پاش شه‌ڕی دووهه‌می جیهانی و هه‌ره‌سی ناواده‌و به ناڕه‌وای کۆماری کوردستان، هه‌ر له ئێران ده‌ژیاو لێره‌و له‌وێ‌و له کۆڕو کۆبوونه‌وه سیاسییه‌کان‌و له نێو خه‌ڵکی ئاسایی دا کۆمه‌ڵه شتێکی سه‌باره‌ت به کورد ده‌بیست که ته‌نیا له هه‌قایه‌ت ده‌چوون. له ئورووپای خۆراوایی(فه‌ره‌نسا) له که‌شێکی ئازادترو دواییش له ئورووپای خۆرهه‌ڵاتدا که گرینگییه‌کی جیددیتر به نه‌ته‌وه بنده‌سته‌کان ده‌درا **ده‌یویست شتی زیاتر له‌سه‌ر نه‌ته‌وه‌که‌ی ببیستێ‌و هۆکاری تێشکانه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد، لانیکه‌م له سه‌ده‌ی بیسته‌م دا تاوتوێ بکاو بۆ ئه‌و هه‌گبه پرسیاره‌ی که هه‌ر له ئێرانه‌وه به کۆڵ خۆی دادابوو، وه‌ڵامی مه‌نتیقی‌و به‌جێ وه‌دۆزێ. یه‌که‌مین کاری مێژوویی‌و سیاسی‌و ئابووریی دوکتور قاسملوو له ناساندنی زانستیانه‌و باشتری نه‌ته‌وه‌ی کورد به خه‌ڵکی جیهان، نووسینی تێزی دوکتوراکه‌ی له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌دا به‌ناوی کوردستان‌و کورد بوو.** ئه‌و به‌رهه‌مه پڕ بایه‌خه نه‌ك هه‌ر به زمانی چێکی به‌ڵکو خێرا وه‌رگێڕدرایه سه‌ر زمانی نێونه‌ته‌وه‌یی ئینگلیزی (١٩٦٥)و که‌وته به‌رده‌ستی رۆژهه‌ڵاتناسان‌و کۆڕو کۆبوونه‌وه سیاسی‌و مێژووییه‌کانی جیهان. دوکتور قاسملوو له ئورووپا له په‌نا کاری زانستی‌و ئاکادیمیك دا به‌شێکی هه‌ره‌زۆری تواناکانی خۆی ته‌رخان کردبوو بۆ چالاکی‌و کاروباری سیاسی‌و هه‌وڵی ده‌دا وێڕای روونکردنه‌وه‌ی پێگه‌و ره‌وشی کورده‌کان له ناوچه‌دا حیزبی پێکهێنه‌رو دامه‌زرێنه‌ری کۆماری کوردستان له ئێرانیش ساخ بکاته‌وه. ئه‌و بوو که هێزه په‌رش‌و بڵاوه‌کانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی له ده‌وری یه‌کتری کۆ کرده‌وه‌و گیانێکی نوێی وه‌به‌ر کارو چالاکییه‌کانی ئه‌و حیزبه نایه‌وه. له‌و سه‌رده‌مه‌دابوو که پێوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ کۆڕو کۆبوونه‌وه پێشکه‌وتنخواز و دیموکراته‌کانی نێو ئورووپادا چڕ کرده‌وه‌و ئه‌وانی له کێشه‌و مه‌سه‌له‌ی کوردان که به‌سه‌ر چوار وڵات دا دابه‌ش کرابوو، تێ گه‌یاند. قاسملووی نه‌مر که‌سایه‌تییه‌ك بوو که پێ به پێی سه‌رده‌م ده‌چووه پێشێ‌و ته‌واو له‌گه‌ڵ پێشکه‌وتنی کۆمه‌ڵایه‌تی دا هاوهه‌نگاو بوو. ئه‌و بوو که دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی زیندوو کرده‌وه‌و رۆحێکی نوێی به به‌ردا کرده‌وه. بانگه‌شه‌ی ئه‌م دروشمه بوو که له ئاستی جیهان دا سه‌رنجی کۆڕو کۆبوونه‌وه ئاشتیخوازو ئازادیخوازو لایه‌نگرانی پێکه‌وه‌ژیانی ئاشتیخوازانه‌ی گه‌لانی بۆلای خۆی راکێشا. زۆربه‌ی که‌سایه‌تییه‌کانی نێو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی‌و ئاکادیمیك‌و به‌ناوبانگی ئێران دۆستی دوکتور قاسملوو بوون‌و زۆربه‌ی زۆریان له‌وه‌دا که زیندوو ماونه‌ته‌وه‌و له چنگی جه‌نایه‌تکارانی کۆماری ئیسلامی رایانکردوه، خۆیان به قه‌رزباری دوکتور قاسملوو ده‌زانن. دوکتور قاسملوو به‌راستی کوردێکی به‌ته‌واو مانا کورد بوو. ئه‌و نه‌ك هه‌ر خۆی و حیزبه‌که‌ی، به‌ڵکوو حیزب‌و که‌سایه‌تییه ناسراوه‌کانی دیکه‌ی کوردستانیشی، وه‌کوو سه‌رکۆماری ئێسته‌ی عێراق(مام جه‌لال تاڵه‌بانی)و یه‌کیه‌تیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستانی به ئورووپاییه‌کان و به تایبه‌تی به سۆشیالیسته نێونه‌ته‌وه‌ییه‌کان ناساندو داوای لێکردن که له چوارچێوه‌ی هه‌رکام له‌و وڵاتانه دا که کوردیان به‌سه‌ر دا دابه‌ش کراوه به‌رگری له مافه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی کورد بکه‌ن. دوکتور قاسملوو له ناخه‌وه باوه‌ڕی به دیموکراسی و په‌ره‌پێدانی له نێو خه‌ڵکی ئاسایی کورد دا هه‌بوو. ئه‌و له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه بوو که هه‌تا ئه‌و کاته‌ی ناتێگه‌یشتوویی‌و ناهۆشیاری به‌سه‌ر ناوچه‌دا زاڵ بێ، ئێمه چاومان به دیموکراسی ناکه‌وێ. هه‌ربۆیه‌ش ته‌واوی فیکرو زیکری ئه‌و، وه‌گه‌ڕ خستنی ئه‌و په‌ره‌وه‌رده‌یه بوو که کۆماری کوردستان له ته‌مه‌نی کورتی یازده‌مانگه‌ی خۆیدا دایرشتبوو و



**دوکتور قاسملوو له ناخه‌وه باوه‌ڕی به دیموکراسی و په‌ره‌پێدانی له نێو خه‌ڵکی ئاسایی کورد دا هه‌بوو. ئه‌و له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه بوو که هه‌تا ئه‌و کاته‌ی ناتێگه‌یشتوویی‌و ناهۆشیاری به‌سه‌ر ناوچه‌دا زاڵ بێ، ئێمه چاومان به دیموکراسی ناکه‌وێ**

دوکتور قاسملوو هه‌وڵی ده‌دا هاوکات له‌گه‌ڵ چاکسازی له پێکهاته‌ی حیزب دا ئه‌و شێوه په‌ره‌وه‌رده‌یه سه‌ره‌تا له نێو کادرو دواتر له سه‌رانسه‌ری کۆمه‌ڵگه‌ی کورده‌واریدا جێ بخا. دوکتور قاسملوو بۆچی باوه‌ڕی قووڵی به‌وه بوو که له نێو ته‌واوی نه‌ته‌وه‌کانی نێو چوارچێوه‌ی ئێران‌و وڵاتانی فره‌گه‌لیی دیکه‌دا په‌ره به ئازادی‌و دیموکراسی بدرێ‌و خه‌ڵکه‌کانیان فێری بن؟ **له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که ده‌یزانی که تێگه‌یشتنی دروست له ئازادی و دێموکراسی پێویستیی به په‌روه‌رده هه‌یه‌و زۆرینه‌ی خه‌ڵکی ئاسایی له‌و په‌روه‌رده‌یه بێ به‌شن. ئه‌و به باشی له‌و راستییه تێگه‌یبوو و ئێمه‌ش ئه‌مڕۆ بۆچوونه‌کانی پشتڕاست ده‌که‌ینه‌وه، هه‌تا ئه‌وکاته‌ی حه‌شیمه‌تی میلیۆنی له نێو ته‌واوی گه‌لان دا به جوانی له دێموکراسی تێنه‌گه‌ن‌و رێز بۆ ده‌نگی ئازادو هۆشیارانه دانه‌نێن‌و باوه‌ڕیان به ئازادیی مرۆڤه‌کان‌و نه‌ته‌وه‌کان نه‌بێ، ئازادی‌و سه‌ربه‌خۆیی گه‌لانی ناوچه‌و به تایبه‌تی که‌مینه‌کان له تراویلکه‌یه‌ك به‌ولاوه چیتر نابێ.**

**ئێستا با بزانین توێژه‌رگه‌لی واقیعبین‌و ناواقیعبین، چییان له‌سه‌ر دوکتور قاسملووی نه‌مر وتووه‌و ده‌یڵێن؟ له‌و دواییانه‌دا بابه‌تێکم له هاونیشتمانێکه‌وه به ده‌ست گه‌یشت که گۆیا له پێوه‌ندی له‌گه‌ڵ نۆزده‌یه‌مین ساڵوه‌گه‌ڕی شه‌هیدبوونی دوکتور قاسملوو دا نووسیبووی. به پێویستم زانی چه‌ند رسته‌یه‌کی وه‌ك خۆی لێره‌دا بێنمه‌وه. ئه‌و هاونیشتمانه ئازیزه نووسیبووی:**

"به‌ڵام ده‌بێ دان به‌وه دا بنێین که له نێو رێبه‌رانی ئه‌و نه‌ته‌وه‌یه‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، دوکتور قاسملوو ئه‌و رێبه‌ره فره‌زاناو بیرمه‌نده مه‌زنه به روانین‌و هزرو که‌سایه‌تیی جیهانی‌و هه‌روه‌ها زانیاریی سیاسی‌و دیپلۆماتیك‌و سیاسه‌تی بنه‌مایی خۆی، رۆڵێکی به‌رچاوی له ناساندنی مه‌سه‌له‌ی کورد به‌خه‌ڵکی جیهان‌و هێنانه‌گۆڕێی مه‌سه‌له‌ی کوردو حیزبی دیموکراتی کوردستان له ئاستی نێونه‌ته‌وه‌یی دا هه‌بوو." ئه‌و ئازیزه‌مان له شوێنێکی دیکه‌ی وتاره‌که‌ی دا نووسیوێتی:

رێژیمی کۆماری ئیسلامی که پاش تێشکانی سه‌ربازی، ئابووری و سیاسیی خۆی له شه‌ڕی گه‌ڵ عێراق‌و مه‌رگی خومه‌ینی، به جۆرێك تووشی قه‌یران و هاوکات بۆشایی رێبه‌ریی ببوو و به هۆی نه‌بوونی رێبه‌رێکی هاوشانی خومه‌ینی به‌و ئاکامه گه‌یشتبوو ئه‌و که‌سانه‌ی که له‌وانه‌یه مه‌ترسییه‌کیان بۆسه‌ر داهاتووی کۆماری ئیسلامی هه‌بێ له‌نێو به‌رێ‌و له‌و نێوه‌دا دوکتور قاسملوو که گرینگترین پشك بوو، بڕیاری له‌نێوبردنی درا."

به تایبه‌تی ئه‌و رسته‌یه‌ی دوایی راستییه‌کی حاشاهه‌ڵنه‌گره‌و من خۆم چه‌ند رۆژ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو له وتووێژێکی رادوییی دا گوتم‌و له په‌یامی ساڵی رابردووشم دا به بۆنه‌ی نۆزده‌یه‌مین ساڵوه‌گه‌ڕی تیرۆری ئه‌و که‌سایه‌تییه به‌ناوبانگه که سۆکانی پاپۆڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی به‌ده‌سته‌وه بوو، ئه‌وه‌م بیر هێنایه‌وه که سی ساڵی دیکه ده‌خایه‌نێ بۆوه‌ی ئێمه له رێبه‌رایه‌تیی حیزبی دیموکرات دا قاسملوویه‌کی دیکه‌مان هه‌بێ. که‌وابوو ده‌سه‌ڵاتدارانی کۆنه‌په‌رستی کۆماری ئیسلامی باش ده‌یانزانی که دوژمنه مه‌ترسیداره‌کانیان له کێن‌و له کوێن. هه‌ربۆیه‌ش ناوی دوکتور قاسملوو و جێنشینه‌کانی، بۆ تیرۆر خرابووه سه‌رووی لیستی سوپای قودسی فه‌للاحیانه‌کانی کۆماری ئیسلامییه‌وه. ئه‌و نووسه‌ره به‌رێزه‌مان له کۆتایی بابه‌ته‌که‌ی دا زۆر به‌جێ گوتوویه‌تی:

"کورتی ببڕینه‌وه دوکتور قاسملووی مه‌زن هه‌م به ژیانی پڕ به‌رهه‌می‌و هه‌م به شه‌هیدبوونه‌که‌ی، ئێمه‌ی کوردی به خه‌ڵکی جیهان ناساندو ئه‌وه له‌سه‌ر ئێمه‌یه که هه‌م رێبازه‌که‌ی بکه‌ینه رێبازی ژیانی شۆڕشمان‌و هه‌میش په‌ند له شه‌هیدکرانی ئه‌م رێبه‌ره‌و رێبه‌ره شه‌هیده‌کانی دیکه‌مان وه‌رگرین بۆ ئه‌وه‌ی جارێکی دیکه‌ش به پێی خۆمان نه‌چینه‌وه سه‌ر ته‌ڵه‌و داوی کوشتنگه‌ی دوژمنان‌و کاره‌ساتی دیکه‌ی له چه‌شنی ڤییه‌ن‌و برلین نه‌بینینه‌وه، دیاره ئه‌وه‌ش به‌و مانایه نیه که پێوه‌ندی‌و دۆستایه‌تیمان له‌گه‌ڵ نه‌ته‌وه‌کانی دراوسێمان‌و به تایبه‌تی نه‌ته‌وه‌ی فارس بپسێنین. (بڕواننه وتاری سه‌ید مه‌سعوودی ناسری که له رێکه‌وتی ٧ــ٧ــ٢٠٠٨ دا له رۆژنامه ئینته‌رنێتییه‌کاندا بڵاو بۆته‌وه.)

هاونیشتمانێکی دیکه که ناوی ناهێنم هه‌وڵی داوه‌به پێی به‌ڵگه‌و دیکۆمێنت‌و نووسراوه‌کانی کۆماری ئیسلامی و یا به پێی سه‌رچاوه‌گه‌لی ئورووپی‌و ئه‌مریکایی، دوکتور قاسملووو که‌سایه‌تییه ناوداره‌کانی دیکه‌ی کورد له بیروڕای گشتی دا بشواته‌وه‌و کاره‌که‌ی خۆیشی ناو ناوه کارێکی توێژه‌رانه‌ی بێ لایه‌ن. له‌حاڵێکدا زۆربه‌ی هه‌ره زۆری ئه‌و نووسینانه فرێیان به‌سه‌ر بێ لایه‌نییه‌وه نیه. ئه‌وه بۆخۆتان له زمانی ئه‌وه‌وه بیخوێننه‌وه‌و داوه‌ری بکه‌ن:" ئیتر هه‌ستم کرد له بابه‌تێکی - له‌سه‌ر بنه‌مای سه‌رچاوه‌کانی نێوخۆو ده‌ره‌وه‌ــ بێ لایه‌نانه‌و داده‌په‌روه‌رانه‌دا، له روانگه‌یه‌کی بێ لایه‌نانه‌وه‌و به پێی سه‌رچاوه‌کان ره‌هه‌ندێکی که‌سایه‌تیی ئه‌و بناسێنم. له‌به‌ر ئه‌وه‌ش که وه‌کوو هێندێ له که‌سایه‌تییه‌کان مه‌سه‌له‌ی ئایینی نایه‌ته گۆڕێ، باشتر ده‌کرێ چاوه‌ڕوانی ئه‌وه بین که کۆمه‌ڵێك ره‌خنه‌مان بێته‌وه سه‌ر. دیاره پاش ته‌رجه‌مه‌ی (در حصار میله‌ها) که به زمانێکی بێ گرێ‌وگۆڵ باسی رووداوی کوژران‌و تیرۆره‌که‌ی ئه‌و ده‌کا، حه‌زم لێ بوو بیناسم‌و هێندێ شتیشم له‌سه‌ری له زه‌ینم دا هه‌بوو. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که له‌زۆر که‌سانی وه‌کوو برایمی یۆنسی‌و... م بیستبوو که تا بڵێی پیاوی مه‌نتیق‌و وتووێژ بوو. به‌ڵام دوو تێزی دوکتۆرا له لایه‌ن ئه‌و گه‌نجه وشیارانه‌وه له‌سه‌ری نووسراون‌و هه‌ر به‌م زووانه بڵاو ده‌بێته‌وه که **جانسۆنیش مامۆستای سه‌رپه‌ره‌شتیارییانه.**

له‌و چه‌ند دێڕه‌دا تێ ده‌گه‌ین که: یه‌کێك که له نێو ئێرانی کۆماری ئیسلامی لێدراودا ده‌ژی‌و یا حه‌زی لێ بووه هاموشۆی ئێران بکا، ناتوانێ جگه له‌وه‌ی که رێژیم ده‌یه‌وێ له‌سه‌ر که‌سایه‌تییه‌کی سیاسیی که هه‌ر ئه‌و رێژیمه خۆی کوشتوویه‌تی شتی بێ لایه‌نانه بنووسێ. جگه له‌وه‌ش ئه‌و سه‌چاوه‌گه‌له‌ش که که‌ڵکی لێوه‌رگرتوون له بن ته‌ورو مقه‌ستی مه‌ئموورانی کۆماری ئیسلامییه‌وه هاتۆته ده‌رێ‌و ناتوانن بێ لایه‌نانه بن. ئه‌گه‌رچی رسته‌ی: پاش ته‌رجه‌مه‌ی (در حصار میله‌ها) که به زمانێکی بێ گرێوگۆڵ باسی رووداوی کوژران‌و تیرۆره‌که‌ی ئه‌و ده‌کا." لانیکه‌م به‌لای منه‌وه روون‌و شیاوی لێ تێگه‌یشتنه. به‌ڵام هه‌ر ئه‌و نووسه‌ره به‌رێزه له خوارتره‌وه ناچاره بنووسێ و له زمانی که‌سایه‌تییه‌کانی لایه‌نگری کۆماری ئیسلامییه‌وه بڵێ که دوکتور قاسملوو تا بڵێی پیاوی مه‌نتیق‌و وتووێژ بوو. که‌وابوو که‌سێك که پیاوی مه‌نتیق و وتووێژ بووبێ ته‌واو روون‌و ئاشکرایه که بۆ رێژیمی سه‌ده‌ناڤینیی کۆماری ئیسلامی مه‌ترسیدار بووه. هێشتا ئێمه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که تێزی دوکتۆرای ئه‌و گه‌نجه زانستپه‌روه‌ره‌مان که به سه‌رپه‌ره‌شتیاریی ئاقای جانسۆن نووسراوه نه‌خوێندۆته‌وه، ناشتوانین داوه‌ریی له‌سه‌ر بکه‌ین. به‌ڵام شتێك که له ئاستی گونجان دا بۆ هه‌ر مرۆڤێکی بێ لایه‌ن یا لایه‌نگر، به تایبه‌تی مرۆڤێکی توێژه‌ر ده‌توانێ پێوه‌ری کرده‌وه بێ، راستگۆییه. ده‌ڵێم هه‌تا ئه‌و جێگه‌ی که ده‌لوێ، واته ئه‌گه‌ر یه‌کێك ناتوانێ باسی حه‌قیقه‌ت بکاو بۆی نالوێ، واباشتره بێده‌نگه‌ی لێ بکاو خۆیشی خوێنتاڵ نه‌کا. ئه‌وه‌ی که عه‌رزتانی ده‌که‌م که به‌رگری له حه‌قیقه‌ت له‌به‌ر ئه‌وه‌یه‌که ئه‌گه‌ر حه‌قیقه‌ت له زاری جینایه‌تکارترین پیاوی مێژووشه‌وه بێته‌ده‌رێ له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که حه‌قیقه‌ته که‌وابوو شیاوی دیفاع لێکردنیشه. ئه‌من ده‌بوو بیست ساڵ له‌مه‌وبه‌ر دیفاع له تێزی دوکتۆراکه‌م بکه‌م. له‌و کات دا مامۆستاکانی من دوو پرۆفیسۆر بوون که یه‌کێکیان هه‌تا سه‌ر ئێسقان دژی کۆمۆنیست‌و خۆرهه‌ڵاتناس‌و ئه‌ویتر سۆشیالدیموکرات‌و به توندی دژی ستالین بوو. من له‌و برگه زه‌مه‌نییه تایبه‌ته‌دا به به‌ڵگه‌وه‌و به توندی دیفاعم له تێزی ستالینی له جه‌نگه‌ی شه‌ڕی دووهه‌می جیهانی دا کرد. ئه‌وه له‌و سه‌روبه‌نده دابوو که دیواره‌کانی خۆرهه‌ڵات خه‌ریك بوون ده‌ڕمان. ئه‌و دوو پرۆفیسۆره سه‌یرێکی یه‌کتریان کردو گوتیان: ناکرێ نکووڵی له‌و شته‌ی که هه‌یه بکه‌ی. که‌وابوو گوتنی حه‌قیقه‌ت له‌سه‌ر که‌سایه‌تییه‌کان پێویستیی به‌وه نیه که مرۆڤ لایه‌نگری ئه‌و که‌سایه‌تییانه بێ یا دژبه‌ریان. به پێی وه‌ها بابه‌تێك ده‌بایه به‌لای ئه‌و که‌سه بێ لایه‌نه‌شه‌وه شتێکی نامه‌اقووڵ نه‌بایه. ئه‌وانه‌ی که خاوه‌نی مه‌نتیق‌ن‌و ئاماده‌ی دیالۆگن ناتوانن خوار بڕۆن‌و هه‌ر قسه‌یه‌کی بێ بنه‌ماو خراپه‌ش له چه‌واشه رێگه‌کانی وه‌زاره‌تی سوپای پاسداران و رێکخراوی سیادا له‌سه‌ریان نووسرابێ، ناکرێ وه‌کوو به‌ڵگه له‌سه‌ریان حسێب بکه‌ی‌و له‌سه‌ر بنه‌مای ئه‌و شتانه بڕیار ده‌ربکه‌ی.

**به‌رز بێ یادی شه‌هیدانی رێگه‌ی ئازادی به تایبه‌تی دوکتور قاسملووی نه‌مر**

هایدێلبێرگ، ئالمان، ١٢ی ژوئه‌نی ٢٠٠٩

# تێروری دوکتور قاسملوو

## تێروری بیرمەندێکی دێموکراسیخواز



✍ هیوا گول محەمەدی

زۆر جار بیر لە تێروری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەکەمەوە و بە دوای وەڵامێک دا وێڵم. بۆچی دوکتور قاسملوو لە هۆدیەکدا لەگەڵ چەند کەسی نەناسراوا دانیشت و تێرور کرا؟

ئەمە سەرەتای پرسیارەکانە وورووژاندنێکی بەرفراوانی بە دواوەیە. ئەو کەسانەی دوکتور قاسملو ئەناسن یان لەسەر ئەو بیرمەندە کوردە شتیان خوێندوەتەوە ئەزانن کە قاسملوو مروڤێکی زیرەک، شارەزای بوارەکانی کۆمەڵناسی، سیاسەت و دیپلۆماسی بووە، ئەو باش ئەیزانی کە نابێ لەگەڵ کەسانی نەناسراوا دانیشێ و وتووێژ بکات بەڵام لەوەش شارەزا بوو کە سەرەتای هەر دانیشتنێک ئەویش بۆ باسکردن لەسەر کێشەی کورد پێویستی بە دڵفراوانی و وردکردنەوە هەیە.

بەداخەوە دوکتور قاسملوو کەوتە داوی ئەو قەوڵ و قەرارانەی کە پێی درابوو و بڕوای وابوو کە سەرۆک کۆماری ئەو کاتەی ئێران هاشمیی ڕەفسنجانی لە فکری گۆڕانکاری دایە و بە شکانی ئێران لە شەڕ لەگەڵ ئێراق و شپرزەیی لایەنی ئابووری و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتیی ئەو وڵاتە ئەیانەوێ کوردەکان ئاشت بکەنەوە و بەوجۆرە هێز و دەسەڵاتی خۆیان بپارێزن.

دوکتور قاسملو هەڵبژێردرابوو کە تێرور بکرێ و هیوای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕووخێ و ئەوەش ڕووداوەکانی دوای ئەو تێرورە بە باشی دەریانخست کە ئەگەر دوکتور قاسملوو تێرور نەکرایە هەلومەرجی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوجۆرە نەدەبوو کە ئێستا هەیە.

دوکتور قاسملوو گرینگیی زۆری بە سەربەخۆیی سیاسی و ئیخلاق لە سیاسەت دا ئەدا و ئامادە نەبوو پاشەکشە لە پرنسیپەکانی بکات و بەردەوام هەموو کێشە و چارەسەریەکانی ئەگەڕاندەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی و، ئامادە نەبوو لە پێنا و بەرژەوەندی کاتیی خۆی یان حیزبەکەیدا بەرژەوەندی گەل بکاتە قوربانی.

بیگۆمان لەکەس شاراوە نیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێوەندی لە نێوان حیزبی بەعسی عیراق و حیزبی دیموکراتی کوردستان دا هەبوو و حیزبی دیموکرات لە ئیمکاناتی ئیراق کەڵکی وەرگرتووە. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نامەیەکی ڕەسمیی دوکتور قاسملوو نادوزرێتەوە کە بۆ سەدام حسەین یان حیزبی بەعسی ناردبێ و پیروزبایی بۆنە تایبەتیەکانی لێ کردبن. ئەوە بە ڕواڵەت ئاسانە بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە سیاسەت کردنە بە تێگەیشتنی واقع و واقع بەڕێوەبردنی بەرپرسیارەتی و بەرپرسیار بوون لە ئاست داوڕۆژ و داوڕۆژ خۆێندنەوەیە.

دوکتور قاسملوو تەنیا لە کوردستان و دەوروبەرم دا بە دوای دوست پەیداکردن بۆ کورد و کێشەکەی دا نەبوو، بەڵکوو هەوڵی ئەدا لە ئاستی ناونەتەوەیدا کورد و کێشەکەی بداتە ناساندن و شیکردنەوەی لەوبوارەدا هەبوو.

دیارە هێندێ کەس هەن کە


**دوکتور قاسملوو گرینگیی زۆری به سەربەخۆیی سیاسی و ئیخلاق لە سیاسەت دا ئەدا و ئامادە نەبوو پاشەکشە لە پرنسیپەکانی بکات و بەردەوام هەموو کێشە و چارەسەریەکانی ئەگەڕاندەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی و، ئامادە نەبوو لە پێناو بەرژەوەندی کاتیی خۆی یان حیزبەکەیدا بەرژەوەندی گەل بکاتە قوربانی**

کەسایەتییەکی کاریسمای ئاکادیمی و زانستیان هەیە و خۆیان لەو بەرپرسیارەتییەی کە هەیانە گەورەترن و هێندێ کەسی دیکەش هەن بە پێچەوانەوە لە ئاست ئەو بەرپرسیارەتییەی کە هەیانە زۆر بچووکترن و وەڵامدرەوە نین.

دوکتور قاسملوو لەو کەسانە بوو کە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە سکرتیری ئەو حیزبە گەورەتر بوو.

دوکتور قاسملوو هەم کەسایەتییەکی ئێرانی و جیهانی هەبوو هەم ڕێبەرێکی ناسراوی جوولانەوەیەکی نوێخواز و دیموکراسیخواز بوو لە ناوچەیەک دا کە ئێستاش بەو چەمکانە نامۆیە.

دوکتور قاسملوو لە بەرنامەی حیزبەکەیدا گونجاندی کە ژن و پیاو بۆ کاری وەک یەک مووچەی وەک یەک وەردەگرن و باسی لە بەرابەری مافی ژن و پیاو ئەکرد. هەر



دوکتور قاسملووش بو کە دژی فەردپەرستی و سەرەرویی و بێ پرینسپی و ڕەشەکوژی بوو.

ساڵی ١٩٨٣ دوکتور قاسملوو لە دورەی پەروەردەیی گرووپێک لە کادەرکان دا دەڵێ: نەوەی ئێمە نەوەی خودموختاری بوو، بەڵام هیچ بە دووری نازانم کە نەوەی داهاتوو نەوەی سەربەخۆیی بێ.

کە واتە دوکتور قاسملوو زۆر لە پێشەوەی ڕووداوەکانەوە بوو و بە وردکردنەوە و هەڵسەنگاندن و شروڤە کردن لە ئەمری واقع دەگەیشت و پێشناری تایبەتی خۆشی هەبوو. ئەو باش ئەیزانی کە کورد دەبێ بۆ خەباتێکی دوور و درێژ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا خۆی ئامادە بکات و هەر بەو پێیەش بەردەوام باسی ئەوەی ئەکرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سیستەمە ودەبێ ئێمەش بە وردی و بەرنامە و تێگەیشتنەوە لەهەمبەر ئەوسیستەمەدا ڕاوەستین.

ئەکرێ بڵێم دوکتور قاسملوو پیاوی سەدە بوو، بەو واتایە کە هەر سەد ساڵ جارێ مروڤێک پەیدا دەبێ کە سەرکێشی جوولانەوەیەکی ئازادیخوازی، کۆمەڵاتی، سیاسی، ئابووری و ... ئەکا و بە بیر و هزری خۆی هەوڵی گوڕانکاری و وەرچەرخان ئەدات.

بە باوەڕی من دوکتور قاسملوو زۆر لەوە زیاتری ئەزانی کە ئیمە لێی تێ گەیشتووین و زۆر لەوە زیاتری ئەتوانی بکات کە بە کردەوە کردی.

دوکتور قاسملوو ئەیتوانی هەوڵی وەرچەرخانێکی نۆی بدات لە ناو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، چین یان جیلێکی نۆی پەروەردە بکات بە بێ ئەوەی ڕیزەکانی حیزب تووشی ئاڵۆزی و لێکدابران ببێ.

دوکتور قاسملو نەک تەنیا دیپلۆمات، سیاسەتمەدار، ئابووریزان و کۆمەڵناس بوو بەڵکوو ئەدیبێکی کوردیزان و کوردیناسێکی بە تەواوی ماناش بوو، ئەو لە نووسیندا بە وردی سەرنجی ئەدایە دەربڕینەکانی و لە دەبڕینەکانیدا پاراویی زمانی کوردی ئەبینرا و ئەبینرێ.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا کورد تەنیا سەرۆکی حیزبێکی لە دەست نەدا بەڵکوو کەڵە سیاسەتمەدارێکی بوو بە قوربانی کە ئەیتوانی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوینـدا کاریگەریی خۆی هەبێ و بە باوەڕی من هەر ئەوەش بووە هۆکار کە بەرلەوەی ئەو سیاسەتە بگۆڕدری ئەویان لە ناوبرد و لەو تیرورەش دا تەنیا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی نەبوو بەڵکو بە گەلەکۆمە و کۆمپلۆیەکی چەند لایەنە بەڕێوە چوو و هیوادارم مرۆڤ بتوانی ڕۆژێ پەردە لەسەر هەموو لایەنە شاراوەکانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە هەڵداتەوە.

دوکتور قاسملوو سیاسەتی لەسەر بناغەی ئەمری واقع ئەکرد و باش ئەیزانی لە کوێدا چی بڵێ و لە وتن دا کامە وشە بەکار بەرێ و لە بەڕێوەبردن دا قوناغەکانی لێک ئەکردەوە و لە تەنگانەدا چارەسەری ئەخۆڵقان کە بەداخەوە ئێستا ڕیبوارانی ڕێگاکەی لەو شتانە شارەزا نین یان تێ ناگەن و نایانەوێ هەوڵی لێ حاڵی بوونی بدەن.

ئەگەر مرۆڤ بە وردی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو هەڵسەنگێنێ ئەویش وەک هەر مروف و زانایەکی دیکە خاوەن دوو لایەن بوو. چاک و خراپ، ئەوەندی لایەنی چاکەی دوکتور قاسملوو بە هێزە کە کەم و کۆڕییەکانیشی کەمرەنگ ئەکاتەوە و مرۆڤ بەرەوە لای چاکەکانی رادەکێشێ.

یەکەم هەڵەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی کردە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و زیاتر مەیلی خودموختاریخوازیی بەسەر سیاسەتی حیزبی دیموکرات دا زاڵ کرد و لەگەڵ بیرجیاوازانی خۆیدا بە نەرمی هەڵسوکەوتی نەئەکرد و هەر لە کۆنگرەی سێیەمەوە هەوڵی یەکدەستکردنەوەی حیزبی ئەدا بە پێی ویست و داخوازییەکانی خۆی و لە کونگرەی چوار و شەش و هەشت دا ئەو هەڵانە دووبارە بونەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە دوکتور قاسملو مروڤێکی دیموکرات و ئازادیخواز و دیموکراسیخواز بوو و ئەیتوانی لەگەڵ بیرجیاوازانیدا بە نەرمی و لەسەر ئەساسی پرینسیپەکانی دیموکراسی هەڵسوکەوت بکات و زیاتر ڕیگای دیالۆگ بگرێتەبەر نەک دەرکردن، کە بەداخەوە ئیستا ئیتر بووەتە کولتوورێک بۆ حیزبەکەی و بەردەوام دووبارە ئەبێتەوە.

بە گشتی دوکتور قاسملوو دیپلۆمات بوو لە گۆڕەپانی ناونەتەوەیدا، سیاسەتمەدار بوو لە بواری سیاسەت و، ڕیبەر بوو لە بەڕێوبەریدا.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوکتور قاسملویان باش ئەناسی و لێی ترسا بوون کە بتوانێ لە گۆڕەپانی ناونەتەوەیی و ناوخۆیدا کاریگەرییەکی باشی هەبێ و بیگومان نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو، دڵنیام سەرجەم گەلانی ئێرانی بە سەرۆکیان قەبوڵ بوو و ئامادەبوون دەنگی بۆ بدەن ئەگەر لە ئێران دا وەرچەرخانێک بهاتایەتە ئاراوە.

بیست ساڵ دوای ئەو تێرورە نارەوایە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان نەیانتوانیوە شرۆڤەیەکی زانستییانەیان لەو ڕێبەریان هەبێ و لە پەیامەکانی تێنەگیشتوون و لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیان دا کەمکار و خەمساردن.

هیوادارم لە یادی بیستەمین ساڵرۆژی دوکتور قاسملوو دا هەردوو لاباڵەکەی حیزب یەک بگرنەوە و بە ڕۆحی بەرخوەدان بۆ کوردان یەکبگەرن و واز لە بەرژەوەندی بچووکی خۆیان بێنن لە پێناو بەرژەوەندی بەرزی گەلدا وهەر ئەوەشە پەیامی دوکتور قاسملوو

٢٠٠٩/٥/١٦

## ئەو سروودی نەوەستانی بە گوێی وچان دا دەچڕی




لە پاییزە شەوێکی بەتەمەندا،لە نێو "ئەستێر"ێکی بە گوڵان داپۆشراودا بڵێسەیەک خولڤا و بوو بەگڕ و بەزمانی "شیبا"وەگڕو گاڵ کەوت و بە پەیژەی سەربەرزیدا سەرکەوت و سواری کاکێشانی تیشک بوو تا گەیشتە خۆر. لە نێو ئاپۆڕای شەپۆلەکانی خۆردا بوو بە سکاڵا و توایەوە و حەقیقەتێک چاوی بەخۆر هەڵێنا.کە گەورە بوو دەگەڵ نازی بەفردا باری و بوو بەهاودەمی باران و زمانی شەماڵی کردە هاوڕێی قەڵەم و چاوی بە شێعری دنیا شاد بۆوە. کەگوڵە هێرۆی زەمان باڵای کرد،ژانی ژینی دەبردەوە بۆ خۆر و ئازاری ئەستێرەکانی بۆ زەوی دەهێنایەوە،بزەی خۆشەویستیی بۆ مانگ دەبرد و ناڵەی هەورە نەزۆکەکانی متوربە دەکرد و سروودی نەوەستانی بە گوێی وچان دا دەچڕی.

هەر هات و چوو، هەرنەسرەوت و هەر هات و چوو تا وای لێ هات گڕی فێری نەسووتان کرد و شەختەی بە ئەهوەنی ڕاهێنا و دەرسی نەخنکاندنی فێری دەریاکان کرد و لە دایک بوونێکی نوێی بۆ بوون بەدیاری هێنا. لەم هات و چوونە دا جارێک ڕۆیشت و نەگەڕایەوە. هەر سۆما بوو هەڵدەفڕی و هەر فڕین بوو دەبوو بەچاو، ئاشقانی بوون بەچاوێکی چاوەڕوان و لێیان دەڕوانی،نەیان زانی "قاسملوو" باوەشی لەخۆر داوە و ئیتر نایەتەوە.

ر ــ پ .چەکۆ

ئوستراليا- ٢٨ ی مای ٢٠٠٩ ی زایینی

# دوکتور قاسملوو دیاردەیەکی نوێ لە بزاڤی کورددا

عەزیز مامڵێ

لە ساڵەکانی ١٩٨٠ی زایینی، ئەستێرەیەك لە ئاسمانی بزووتنەوەی کورد وەدەرکەوت، درەوشاوە، گەشاوە، رازاوەو رووناکایی خستە سەر سیاسەت و ستراتیژی کورد. ئەو دیاردەیە کە شتێکی نوێ بوو لە مێژووی سیاسیی کورددا، کەسایەتییەکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو، رووناکبیرێك بوو تێگەیشتوو لە کێشەی کورد لە نێو "معادلات" و پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، پێگەیشتوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بەفەرهەنگی بەرزی تایبەتییەوە.

کاراکتێرو کاریزمای دوکتور قاسملوو لە چ پلەو رادەیەك دابوو کە توانی لە ماوەیەکی کورددا جێگەیەکی پتەو لە مەیدانی خەباتی کورد، هەروەها پێگەیەکی بەربلاو لە نێو کۆمەلگەی کوردەواری، بە تایبەت ناووناوبانگێکی ئەوتۆ لە جیهان دا بۆ خۆی دابین بکا؟

دوکتور قاسملوو کۆمەڵێك تایبەتمەندیی رەنگاورەنگ و جۆراوجۆری لە خۆی دا کۆ کردبۆوە.

لە هۆش و زەکاوەت دا پلەی زۆر لە سەرەوە بوو، لە ناسین و لێکدانەوە گورج و ئازا، لە بیرو فکر دا بەرزو باڵا، لە هەڵ سەنگاندن دا بەپێزو بەهێز، لە بۆچوون و ئانالیزە کردن بەدەسەڵات و بە توانا بوو. تەواوەتی ئەو سروشتە تایبەتییانە هی ئەوە بوو کە پیاوێکی فرە زاناو عالم بوو. لە فەلسەفە هەتا کۆمەڵناسی، لە عیلمی ئابووری هەتا سیاسەت، مامۆستایەکی پایەبەرز بوو. لەبەر ئەوە بوو کە کەسێکی باوەڕ بەخۆ بوو، متمانەی بە لێوەشاوەیی و لێهاتوویی خۆی هەبوو.

ئەو کاراکتێرە شەخسی و بەرچاوانەی دوکتور قاسملوو وای لێ هاتبوو کە لە دانیشتن و پێوەندی لەگەڵ هەر کەس، لە نێو هەر کۆڕو کۆمەڵێك، دەکەوتنە بەرچاوو سەرنجی رادەکێشان و کەسایەتی و ژیریی ئەو ئینسانەیان بەرجەستە دەکرد.

من کە شانازیی بەرپرسیارێتی پێوەندییە گشتییەکانی ئەو سیاسەتوانە بە ئەزموونەم هەبووە لە نێو حیزبی دیمۆکرات دا، چەن نموونەیەك بە کورتی باس دەکەم بۆ دەرخستنی هەڵسوکەوت و چۆنیەتی پێوەندییەکانی ئەو شەهیدە نەمرە:

ـ لە کاتی شەڕی سێ مانگەدا لە چیاکانی کوردستان، لە چاوپێکەوتنەکانی نێوان رێبەرانی کوردی باشووری کوردستان وەك یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، حیزبی شیوعیی عێراق، حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە هەڵ سەنگاندن لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەو حیزبانە گەلێك بەرچاو بوو.

ـ لە دانیشتن لەگەڵ خومەینی و شەریعەتمەداری و وتووێژ کردن بە زمانی حاڵی ئەوان، سەرنجی ئەو دوو کەسایەتییە ئایینییەی بۆ لای خۆی راکێشاو شەریعەتمەداری بە زمانی تورکی پێی گوت: دەبێ من و تۆ ببین بە دۆست.

– لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکان دا کاتێك بۆ یەکەم جار لەگەڵ کاربەدەستێکی پایەبەرزی کابینەی وەزیری دەرەوەی فەڕەنسە و چەند کەس لە هاوکارانی کۆبۆوە، ئەوان زۆر زوو قوشقیی شێوەی قسە کردن و لێکدانەوەی وەزعی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و کوردستان بوون و لە نێوچاوانی ئەو دیپلۆماتە پایەبەرزانەدا تەمجیدو تەعزیم بۆ دوکتور قاسملوو دەبینرا.

– لە نێو کۆبوونەوەکانی شووڕای بەرگریی میللی سەر بە رێکخراوی موجاهیدینی گەل دا جێگەی دوکتور قاسملوو وەك کەسێکی زاناو بە ئەزموون و بەتواناو خاوەن نەزەر لە سیاسەت دا زۆر زەق و بەرچاو بوو.

– لە دانیشتنەکانی لەگەڵ هاوڕێی یاسر عەرەفات، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی فەتح و رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و بە ناوی محەمەد سەرتاوی، پێوەندییەکی ئەوتۆ رێکوپێك و بە کەڵك و بەجێ و رێ پێك هاتبوو کە بەر لە هەر شتێك دەگەڕاوە بۆ رێزو حورمەتێك کە ئەو کەسایەتییە فەلەستینییە بۆ دوکتور قاسملووی دادەنا.

سروشتە شەخسییەکانی دوکتور



قاسملوو زۆر زوو جیاوازیی پلەو رادەی پێگەشتوویی ئەوی لەگەڵ لایەنی رووبەروو، لەگەڵ دەوروبەر، لەگەڵ دانیشتووان و ئامادەبووان دەخستە بەرچاو. دوکتور قاسملوو لە لێکدانەوەکان و باسەکانی خۆی بۆ چکۆڵەترین قسەو بابەت، گەورەترین ئانالیزو بەربلاوترینی چەمکی دەخستە ئارا، باوەڕی قورسی بە پێداویستی بە بوونی پرۆژەی دیاریکراو هەبوو، بە شێوەی زانستی لەگەڵ رووداوەکان رووبەڕوو دەبوو.

لایەنێکی بەرچاوی دیکە لە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی و وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەوانەکان بە تایبەتی وڵاتانی ئورووپایی دا خۆی دەنواند کە دەتوانم بڵێم لە هیچ کەس لە کەسایەتییە کوردەکان تەنانەت لە ئێرانییەکان دا نەدیتراوە.

قسە کردن بە چەند زمانی زیندووی جیهان، دەسەڵاتداری بەسەر بابەتەکان، ئاگاداریی تایبەتی لە وەزعی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی جیهان، بە تایبەتی زۆر زوو وەرگرتنی پرسیارەکان و گورج جواب دانەوەیان، سەرنجی گشت رۆژنامەوانەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا، لەم چوارچێوەیەدا بە راستی بە تواناو بە نرخ بوو. لێرەدا دەردەکەوێ کە چەند سیاسەتوانێکی مەزن و بە ئەزموونە.

دوکتور قاسملوو کوردێك بوو لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو هاتبووە دەر، بەلام لە ژیانی دەرەوە لە ناسینی ئورووپاو ئاشنا بوون لەگەڵ پێوەندییە نێودەوڵەتی و نێونەتەوەییەکان دا فرە سەرکەوتوو بوو.

**دوکتور قاسملوو بە شارستانییەتی تایبەتی خۆی و هەروەها لێهاتوویی بێ وێنە گەیشتە پلەیەك کە لەگەڵ پیاوە سیاسییەکانی پلەیەکی جیهان بەرابەریی دەکرد، ئەو کەسایەتییە کوردە هەموو مەرجەکانی دەوڵەتپیاوێکی کوردی لە خۆیدا کۆ کردبۆوە. من بۆخۆم زۆر هەستم بە وێ چوون و وەکیەك چوونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ فرانسوامیتران دەکرد.**

بە لە بەرچاو گرتنی ئەو وەزعە تایبەتییە بوو کە کۆماری ئیسلامی چەندین ساڵ بوو پیلانی تیرۆری ئەو رێبەرە کوردەی دارشتبوو. لە ساڵی ١٩٨٢، شەوێك کاتژمێر ١٢، هاوڕێی یاسر عەرەفات بە ناوی محەمەد سەرتاوی کە دۆستی دوکتور قاسملوو بوو تەلەفۆنی بۆ من کرد و پەیامێکی بۆ ناوبراو دانا. پەیامەکە ئەوە بوو کە کاربەدەستانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران پیلانی تیرۆری دوکتور قاسملوویان بە دەستەوەیە، هەر ئەو شەوە پەیامەکەم بە ناردراوی دەفتەری سیاسی لە پاریس راگەیاند. نازانم رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات چۆن ئەو پەیامەی وەرگرت و بۆ پووچەڵ کردنەوەی چ هەنگاوێکی هاویشت.

لە بیستەمین ساڵی شەهید بوونی ئەو بلیمەتەدا، جێگەی لە مەیدانی خەباتی کورددا، دیارو چۆڵ و بەتاڵە. مێژووی کورد زۆر زوو رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی لە کیس چوو، کەسێك کە لە دنیایی ژئۆپۆلۆتیکی ئەمڕۆ،لە پێوەندییە نێونەتەوەیەکانی کوردا نەخشی گەورە بەجێ بگەیەنێ. لە دیرۆکی کورد دا، دوکتور قاسملوو جێگەو بەش و شوێن و شوێنەواری تایبەتی هەیە. رووحی شاد و رەوانی خۆش بێ.

پاریس.٢٣ی مانگی ژوەن ٢٠٠٩

# یادێك لە

## هاوڕێ و هاوسەنگەر و قوتابیی

## دوکتور قاسملوو

## کاك سەلامی عەزیزی



لەگەڵ بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمر یادی دە ساڵەی کۆچی ناوەختی یەکێك لە هاوڕێ و قوتابییە ئەمەگناسەکانی دوکتور، کاك سەید سەلامی عەزیزی، ئەندامی دەفتەر سیاسیی حیزبمان لێ میوانە. دە ساڵ دوای تیرۆری رێبەری پایەبەرزمان، لە ٢٤ی پووشپەری ١٣٨٧ی هەتاوی (١٥ی ژووئیەی ١٩٩٩ی زایینی)دا کاك سەید سەلام عەزیزی بە نەخۆشی‌یەکی کوشەندە و لە کاتێك دا زۆرمان هیوا پێ بەستبوو، و دنیایەك هیوا و هومێدی لە دڵ دا بوو ماڵ ئاوایی لێ کردین.

کاك سەلام ساڵی ١٣٥٧ بۆ یەکەم جار لە نزیکەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات ئاشنا بوو، باشترە بڵێین ئاشقی حیزبی دێموکرات بوو. ئەو کاتەی راپەڕینی گەلانی ئێران بە دژی دیکتاتۆریی پاشایەتی لە گەرمەی خۆی‌دا بوو، بە نهێنی پەیوەندی لەگەڵ حیزب پێك هێنا و دواتر کە پاش رووخانی شا حیزبی دێموکرات خەباتی ئاشکرای خۆی راگەیاند، ئەویش پێوەندییەکەی ئاشکرا کرد و هەموو شتێکی ژیانی لە رێی ئامانجی دا کە خۆی لە رێبازی حیزبی دێموکرات دا دەدیتەوە لە بیر بردەوە.

کاتێك حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای دەست پێ کردەوە، سەید سەلام عەزیزی یەکێك لە گەورەترین پۆستە رەسمی‌یەکانی دەوڵەتیی لە شاری بۆکان بە ئەستۆوە بوو. ئەو سەرۆکی دادگای شارستانی خۆی بوو، و هەر لەو کاتەدا پلە و پایەیەکی بەرزی لە نێو کۆمەڵ و لە نێو دام و دەزگا دەوڵەتییەکان دا هەبوو. کەچی عیشق بە حیزب و بە خەبات لە پێناوی رزگاریی گەلی کورددا هەموو شتێکی لە بیر بردەوە.

زکر و فکر و هۆش و بیری لە لای حیزب و کاری حیزبەکەی بوو، نە شەو و رۆژی دەناسی و نەرۆژی کار و نە رۆژی پشوودان. ئەو کاتەی حیزب کاری پێ بووایە هەموو کارێکی بۆ بە جێ دەهێشت و هەموو ئیمکاناتی ئیداریشی بە پێی توانا بۆ وەکار دەخست.

ئەمانە وایان کرد سەلام عەزیزی زۆر زوو لە حیزبی دێموکرات دا پێ بگا، پلە حیزبییەکانی یەك بە دوای یەك دا بڕین تا بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەشێك لە بەرزترین بەرپرسایەتییەکانی پێ‌سپێردران، بەرپرسایەتیی کومیتەی شارستان و بەرپرسایەتیی بەشێك لە پێوەندییەکانی دەرەوە و ئەندامەتیی کومیسیۆنی پێوەندییەکان بەشێك لەو بەرپرسایەتییانە بوون، کە لە هەمووشیان دا بە ئەمانەتەوە کاری دەکرد و بە لێوەشاوەیی لە بەریان دەهاتەدەر.

ساڵی ١٣٦٨ بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی و بە دوای ئەوەدا لە دەورەبەری دەفتەری سیاسی بەرپرسایەتیی وەرگرت. وەختێك بوو بە بەرپرسی کومیسیونی کۆمەڵایەتی، چەند ساڵێك بەرپرسی کۆمیسیۆنی ماڵی بوو و دوایە بووە بەرپرسی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی. **لە هەموو پۆستەکانی‌دا بە ئەمانەت و دروستکاری و لێوەشاوەییەوە کاری کرد و بە رووسووری و سەرکەوتوویی لە عۆدەی کارەکانی هاتەدەر. وای لێ هات کە بە راستی بوو بە یەکێك لە کەسایەتییە ناسراوەکانی حیزبی دێموکرات و یەکێك لە هومێدەکانی حیزب.**

بە داخی گرانەوە لە کاتێك دا دوای شەهید بوونی دوو رێبەری پایەبەرزی حیزب، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، حیزبەکەی و گەلەکەی لە هەموو وەختێکیان زیاتر پێویستیی بە کار و تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە هەبوو، کاك سەلامی عەزیزی بە نەخۆشییەکی کتوپڕ و بێ ئەمان کۆچی دوایی کرد و دنیایەك داخ و خەفەت و هەر لەو کاتەدا بیرەوەریی شیرین و لەبیر نەکراوی بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت. یادی لە دڵی هەمووان دا زیندووبێ و رێگای خەباتی نەپساوە بێ.

## لە وتەکانی دوکتور قاسملوی نەمر

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆیە بە سەرچاوەی تیرۆریزم دادەنرێ لەبەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دی ناوەندی ناتەباییە ستراتێژی ، سیاسی، ئابووری، مەزهەبی و نەتەوەییەکانەو هەتا ئەو ناکۆکیانە بنەبڕ نەکرێن بوار بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان هەر دەمێنێ

" لە وتووێژی " عاتیفە گرگین " ،" فصلی در گلسرخ " ، بەرگی سێهەم

**باوەری قووڵ بە دێموکراسی**


ئێمە لە کوردستان و لە حیزبی دێموکرات دا باوەڕێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیەو هەروەها لەو باوەڕە داین: بە بێ دابین بوونی ئازادییە دیموکراتییەکان ، وڵاتی ئێمە ناتوانێ ئەو کێشەو گیرو گرفتە ئاڵۆزانە چارەسەر بکا کە بە دەستیانەوە دەناڵێنێ.

بڵاوکراوەی " جامعە نوین و دمکراتیك کردستان " ژمارە ١

ژمارەی تایبەت

# لە یادی ٢٠ساڵەی شەهید بوونی سەرکردەیەکی لیهاتووی کوردستاندا

د. جەمشید حەیدەری



بێگومان نووسین لەسەر کەسایەتیی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانو زاناو سیاسەتوانی کورد، دکتور ئاورەحمانی قاسملوو ئاسان نیە. چونکە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرە، زانایە، سیاسییەو ئەدەبدۆستە، ڕووناکبیرێکی فرەلایەن بوو. چگە لە وەی سەرکردەیەکی ماندوونەناسی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردو بزاڤی چەپ بوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هەربۆ یەش تیری ژەهراویی ئاخوندەکانی ئێران ئاراستەی کراو لە سەر مێزی گفتۆگۆ لەپێناو ئاشتی، بەنامەردی شەهید کرا.

دیارە ئەوانەی لە نزیکەوە دکتۆر قاسملوویان دەناسیو هاوخەباتو هاوڕێگەی بوون. تایبەتمەندیو توانستو فیکری سیاسیی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە کاتی ئاشتیو جەنگداو لە پێوەندی فرەوانی لەگەڵ بزاڤی ڕزگاریخوازیو دێموکراتی لەسەر ئاشتی نێو دەوڵەتی دابەرز هەڵدەسەنگاند.

من لەساڵی ١٩٧٤، لە بولگارستانو لە مالی شەهیدی نەمر مامۆستا حەسەنی قزڵجی یەکتریمان ناسی. بەڵام بەر لەوکاتەیش، کە بە ئەنوەری ناسراو بووو لە پراگ دەژیالە دوورەوە دەمناسی، لەرێگەی نووسینە بەبایەخەکەی. کوردستان و کورد - چاپی عەرەبی ١٩٦٨ (پراگ)و پاشانیش چاپی کوردی - کوردستان و کورد - لەوەرگێرانی مامۆستا عەبدولا حەسەن زادەو بەتایبەت دوای کۆنگرەی سێیەمی حیزب کە دوکتور قاسملوو بەسکرتێر هەڵبژاردرا.

لە هەشتاکان، کە هێشتا دوکتور لە ژیان دا بوو، زۆر لایەنی سیاسیو فیکریی دوکتورم لە یەکێك کە هاوخەباتی بوو لە نزیکەوە ناسی، بەڵام بەداخەوە لە بەرەی دژی یەکتر بوون، لە کاك کەریمی حیسامی - یەوە دەبیست. دێتەوە یادم کە هەواڵی شەهید بوونی دکتۆر قاسملووگەیشت شلەژابوو، فرمێسك لە چاوەکانی خورخور دەهاتنە خوارێ. لەسەر وتاری ڕۆژنامەی "سەردەمی نوێ" ئابی ١٨٨٩ دا بەمجۆرەی نووسیبوو:" قاسملوو یەکێك لەو کەسانە بوو کە نەك هەرلەکوردستان، بەلکوو لە دەرەوەی کوردستانیش بە زانایەکی لێزانو سیاسییەکی ژیرو کارامەو بەتێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر ناسراو بوو. بەشی زۆری تەمەنی خۆی لە دەربە دەریو لە خەباتی سیاسیو تێکۆشان لەپێناو وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دا ڕابوارد."هەر لەو وتارەدا هاتبوو:" کوژرانی دکتۆر قاسملوو نەك هەر بۆ حیزبی دێموکرات، بەلکوو بۆ جولانەوەی ڕزگاریخوازی کورد زیانێکی گەورەو کۆستێکی گران بوو."

هەر چەندەکاك کەریمو دکتۆر قاسملوو بەروالەت لە بەرەی جیاوازدا بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دکتۆر قاسملووی بەرزهەڵ دەسەنگاند، دوکتور قاسملووخاوەن ئەزموونێکی زۆربوو، وەك تێکۆشەریك لە ڕیزی حیزبی " تووە" دا وەك زانایەك کە ماوەیەکی زۆرلە چێکۆسلۆڤاکیا ژیابوو خویندنی تەواو کرد بوو، لە نزیکەوە ئاشنایەتیی لەگەڵ سیستمی بلۆکی ئورووپای ڕۆژهەڵات - دەوڵەتانی ئۆردوگای سۆسیالیستی - شارەزاییو دلێکدانەوەو تێبنییەکانی لەسەر شێوەی پراکتیزە کردنی بەرنامەی (دامەزراندنی سۆسیالیزم)و سەپاندنی سیاسەتی دەوڵەتی زلهێز پێشێل کردنی بنەمای مافی دێموکراتی لەو سیستمانەدا لە ژێر پەردەو بیانووی پاراستنی دەستکەوتەکانی سۆسیالیزم، سەرکوت کردنی نارەزایی میللەتانی هێندێك لەو دەوڵەتانە وەك: مەجارستان لە ساڵی ١٩٥٦، چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٦٨: بێگومان ئەو ڕووداوانە دوکتورقاسملووی خستە بەردەم هەلوێستەیەكو پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ئەزموونی فەرمانرەوایی ولاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئورووپاو سۆڤیەتو ڕێبازو سیاسەتی پارتە کۆمۆنیستەکان. چ ئەوانەی لە دەستەڵاتدا بوونو چ ئەوانەی لە دەرەوەی دەستەلاتو کاریگەریی ئەوانە لە سەر بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلانی ژێردەست. هەروەها دەست نیشانکردنی ناکۆکیی سیاسەتو پرنسیپەکانی ڕاگەیاندراوی دەوڵەتانی ئەو بلۆکە لەگەڵ بەرژەوەندی خەباتی ڕزگاریخوازو دێموکراتیکی میللەتانی ژێردەست. چونکە بەرژەوەندی نێودەوڵەتیو ئابووری لە سەرووی دۆستایەتیو پشتگیریی خەباتی زەحمەتکێشانی جیهانی سێیەم بوو. بۆ نموونە: پێوەندیی ئابووریو سیاسیی سۆڤیەتو ئێرانی شاهنشاهی، پێوەندیی سۆڤیەتو ئەلمانیای دێموکراتی لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێنو سوریا... هتد. بێگومان ئەو پێوەندیانە ناکۆك بوون لەگەڵ پرەنسیپی پشتگیریو هاوکاریی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست لەگەڵ خەباتی گەلانی چەوساوە دژی ڕژێمە کۆنەپەرستەکانو دیکتاتۆرەکان.

بێگومان ئەزموونی ڕابردووی لە ڕیزی حیزبی تودەو لێکدانەوەی بۆ سیاسەتی پیادەکراوی ئەو دەوڵەتانە،و تێگەیشتنو بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بەبزاڤی دێموکراتیو ڕزگاریخوازی گەلی کورد وای لە دکتۆر قاسملوو کرد گۆڕەپانی خەبات بگۆڕێو هێزوتوانای خۆی تەرخان بکا بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتیو دێموکراتیی گەلی کوردستانو گەلانی ئێران لە ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا. بێگومان لێهاتوویی سیاسیو زاناییو ئەزموونی ڕێکخراوەیی دکتۆر قاسملووی هێناوەتە سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. دوکتورقاسملوو لە سەرەتای حەفتاکانەوە تا شەهید بوونی لە ساڵی ١٩٨٩دا، چ بەر لەشۆڕشی گەلانی ئێرانو چ لە خەباتی شارو شاخدا بەلێهاتوویی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

وەك لە مێژووی حیزبی دێموکرات دەردەکەوێ، دوکتور قاسملوو دوای گەڕانەوەی لە ئەورووپاو بەرلە کۆنفرانسی سێیەمی حیزب، بیری لە گۆڕان لە بەرنامەو پێڕەوی حیزب دەکردەوە. چونکە حیزبی دێموکرات وەك زۆربەی حیزبە کوردییەکانو حیزبە شۆڕشگێرەکانی دونیا لە ژێر کاریگەریی حیزبە کۆمۆنیستو کریکارەکانی دونیادا بوو، بنەماکانی بەرنامەو پێڕەوی حیزبیان نموونەی حیزبە لێنینیەکانی بووو، هەروەها ئامانجی دوارۆژیش بۆ هەموو حیزبە شۆڕشگێرەکانو چەپ - سۆسیالیزمو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو. دوکتور لە ڕوانگەی تێگەیشتنی خۆیەوەو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی حیزبو دەوڵەتانی بلۆکی ئورووپایی ڕۆژهەڵاتی گەیشتبووە قەناعەتێك، کە بێ دێموکراتیەتی کۆمەڵایەتیو ئازادیی بیروڕای سیاسی، سۆسیالیزم تووشی شکستی دێت. بۆیە لە یەکەم پرۆژەی بەرنامەی بەر لە کۆنفرانسی سێیەم وەک مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەنووسێ:" پاشگری دێموکراتیێ بۆ سۆسیالیزمەکە دانابوو." وەك دەردەکەوێ لە کۆنفرانسی سێیەمەوە تا کۆنگرەی شەشەمی حیزب مشتومڕو ململانێ لە سەر هێندی تێزی سۆسیالیزمو گۆڕانی بەرنامەو پێرەوی نێوخۆ درێژەی کێشاو ناکۆکی لە نێوان لایەنگرانی بۆچوونەکەی دوکتووقاسملوو لەگەڵ دژە بۆچوونەکانی کێشەی دروست کردبوو. هەندێ لە دژەبۆچوونەکانی دوکتوریان بەوە تاوانبار دەکرد کە مەبەستی لە چەمکی سۆسیالیزمی دێموکراتیك، لە سۆسیال دێموکراتی ئورووپایە، بەڵام حەسەن زادە دەنووسێ کە لە کورتە باسدا دوکتور بەراشکاوی ڕایگەیاندوە." سۆسیالیزمی دێموکراتیك لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی فەرقی هەیە، سۆسیال دێموکراسی ڕێبازێکی ریفۆرمیستییە کە بەناوی سۆسیالیزم دیفاع لە سەرمایەداری دەکا... لە حالێکدا سۆسیالیزمی دێموکراتیك بەمانای هەڵوەشانی سەرمایەداری بە تەواویو پێك هێنانی کۆمەلێکی سوسیالیستیە" ( کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - ٢٠٠٢، لاپەرە ٤٤٤). هەرچەندە دوکتور قاسملوو ئەوکات بۆچوونەکەی بەم شێوەیە فۆرمەلە کردوە، بەڵام بە ئەندام بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سۆسیال ئینتێرناسیۆنال دا، پێچەوانەی فۆرمەلەکەی خۆیەتی.

دوکتور قاسملوو بیری لە لابردنی هەندێ بەندو پرەنسیپی پێڕەوو بەرنامەی حیزبە کۆمۆنیستەکانوحیزبی چەپەکانی هاوشێوەیان کردەوە، وەك ژمارەیەك لە حیزبە کۆمۆنیستەکانی فەرەنسە، ئیتالیاو ئیسپانیا کە لە شەستەکان لە بەرنامەی خۆیان لایان بردن وەك:" دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاو سەنترالیزمی دیموکراسی". هەر چەندە لە بەرنامەی دێموکراتدا- دیکتاتۆریی پرۆلیناریا نەبووە، بەڵام سەنترالیزمی دێموکراسی لە بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆی زۆربەی حیزبە چەپەکاندا چەپێنیراوە. بێ گومان سەنترالیزمی دێموکراسی لە زۆربەی حیزبەکاندا بەخەراپترین شێوە پیادەکراوە، تەنیا سەنترالیزم پیادە کراوەو دێموکراتیەت پێشل کراوە بەبۆچوونی من. ئەو بەندە چەکێکی کوشندە بوو بۆ سەرکوت کردنی بیروڕای جیاواز لە نێو حیزبداو سەپاندنی بۆچوونی ناوەندو پشت گوێ خستنی بۆچوونی کەمینەو کپ کردنی دەنگیان یاخود دەرچوون لە دیسیپلینی حیزبی لێ-کداراوەتەوە( سر کردن، دەرکردن، تۆمەت دانەپاڵ) هەرچەندە هەندێ سەرکردەی لە شێوەی دوکتور قاسملوو لە ڕووی تیۆرییەوە دژی سەنترالیزمی دێموکراسی بوون، بەڵام لە پراکتیکدا لە نێو حیزبەکانیاندا پیادە کراوە. بێ گومان دوکتور ئاورەحمان قاسملوو، سەرکردەیەکی لێهاتووی گەوروی کورد بوو. بەڵام وەك دەوترێ کەس لەکەمو کوڕیو هەڵە بەدەرنیە، بێگومان هەڵەی مرۆڤی مەزن، ئەگەر بچووکیش بێ بەگران لە سەر حیزبو بزاڤی ڕزگاریخوازی میللەتەکەی دەوەستێ بێگومان لە دەست دانی گەورە سیاسەتوانی کورد، ئاورەحمانی قاسملوو زیانێکی گەورە لە بزاڤی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتیو کوردستان بەتایبەتی دا.

لە بیستەمین ساڵی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا، هەزار سڵاو لە گیانیو ڕەوانی شاد.



## لە وتەکانی دوکتور قاسملوی نەمر

### بزووتنەوەی ئێمە پێویستیی بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نییە

من پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگەی دێموکراتی دا دەڕۆن و ڕێنوێنی دەکرێن و لایەنگری و پشتیوانی خەڵکیان لەگەڵە پێویستییەکیان بە پەنا بردن بۆ تیرۆریزم نیە. لە بارەی خۆمان دا دەبێ بڵێم، لەگەڵ ئەوەی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تیرۆریستی کەڵکی وەرگرتووە، ئێمە هیچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردوەو بە پێڕەوی کردن لە ئوسوول، بارمتە گرتنمان مەحکووم کردوە.

لە ساڵی ١٩٧٩ دا ئێمە تەنیا حیزبی ئێران بووین کە بارمتە گرتنمان لە سەفارەتی ئەمریکا دا مەحکووم کرد. دواتریش هەمیشە تەیارە ڕفاندن و بۆمب دانانەوەمان مەحکووم کردوە. تیرۆریزم سیاسەتی ڕەسیمی کۆماری ئیسلامییە کە بەر پرسانی ڕێژیم چەند ساڵ لەمەو پێش بە ئاشکرا ڕایان گەیاندوە. ئێستا چونکە لە نێوخۆی ئێران دا لە هەر لایەکەوە هاواری ڕەخنەو ئیعتراز بەرز بۆتەوە، ڕێژیم بێ ئەوەی

بەرەسمی قسە لە تیرۆریزم بکا، بە کاری دێنێ. بەڵام فەلسەفەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیەو هەمیشەش ئەوە بووە کە شۆڕشی ئیسلامی بە هەر شکڵ و شێوەیەك کە ئیمکانی هەبێ، با لە ڕێگەی تیرۆریزمیشەوە بێ بۆ دەرەوە بنێرێ.

وتووێژ لەگەڵ هەواڵنووسی ڕۆژنامەی لیبراسیۆن، " کوردستان " ژمارە ١٢٠ ل ٨

### هۆی پەنا بردن بۆ شەری پارتیزانی

...کاتێك لە ولاتێك دا سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار بێ، ئازادییەکان پێشێل بکرێن و مافە ئینسانییەکان بایەخیان بۆ دانەنرێ، خەڵکی ئەوینداری ڕزگاری و عەداڵەت چونکە بە هۆی بێ هێزییەوە ناتوانن ڕاپەرینێکی تێکڕایی یان شۆڕشێکی گشتی بۆ کۆتایی پێ هێنان بە دەسەڵاتی ناوەندی وەڕێ بخەن، ڕێگەیەکی دیکەیان، بێجگە لە پەنا بردن بۆ شەری پارتیزانی نیە.

وتاریی دوکتور قاسملو لە ژێر ناوی " شەری پارتیزانی و زەبروزەنگ " ، "کوردستان " ، ژمارە ١٢٤

### با بە خۆمان و خەباتی خۆمان پشت ئەستوور بین

لە پێش دا، با بایەخ بە هێزی بێ پایانی گەلی کورد بدەین و، لە خۆمان و خەباتی خۆمان دڵنیا بین و، وەك عامیلێکی سەربەخۆ لە مەیدانی سیاسی ولات دا خۆ بنوێنین، ئەو کاتە پشتیوانمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ.

لە پەیامی دوکتور قاسملو بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٦٧

### لە بارەی دێموکراسییەوە

ئێمە بڕوایەکی پتەومان بە نەخشی سەرەکی و بنەڕەتیی دێموکراسی هەیە. بێ دێموکراسییەکی جێگیرو بنەگرتوو لە ئێران دا خودموختاریی کوردستان هەموو کات لە بەرانبەر مەترسی و هەڕەشەی لە نێوچوون دا دەبێ. تەنیا دەستەبەری خودموختاریی کوردستان بوونی دێموکراسییەکی سەقامگیر لە ئێران دایە.

لە قسەکانی لە ئەنستیتۆی هاوپەیوەندی لەگەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین وئەفریقادا

...ئێمە جگە لە دێموکراسیی سەرانسەری ئێران و سەقامگیربوونی دێموکراسییەکی ڕاستەقینە لە ئێران دا هیچ دەستەبەرێکی دیکە بۆ خودموختاری نابینن. هەر بۆیە لە سەر دێموکراسی لە نێوخۆی ئێران دا زۆر پێ دادەگرین.

...یەکێك لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی دێموکراسی، مەسەلەی چەپی ئێرانە، بێ چەپێکی سەربەخۆو بەهێز کە بە ئازادی بیر بکاتەوە سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران دا ئیمکانی نییە.

لە وتووێژی دوکتور قاسملو لەگەڵ راه ارانی " ژمارە٦ " دا.

ئامادەکردنی: تەها ڕەحیمی

# دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەرێکی گەورەی سیاسی

کەریم ئەحمەد



سـالّی ١٩٧٣ ئـەو کاتـەی لـە وەزارەتی بەرنامەدانانی عـیراق کـاری دەکرد، لە بەغدا چـاوم پێـی کـەوت. ئـەم دیـدارە لەگـەڵ هـاوڕێ عـەزیز محەمـەد بـوو. لـەو کاتـەدا ئـەمن بەرپرسـی پێوەندییـەکانی حیزبـی شیووعیی عیراق بووم.

... دوای ئـەو دیـدارە زۆر جـار هاتوچـۆم دەکـردن، ئێمـە سـەرمان دەدان‌و ئەو سەری دەدایـن‌و لـە بـارەی بارودۆخی ئێران‌و عێراقەوە زانیاریمـان دەدا بە یەکتر. وەزعەکە باش نـەبوو. بـەعس سیاسـەتێکی ناسـەقامگیرو راسـتڕەوانەو دیکتاتۆرانـەی گرتبـووە پـێش‌و بەتایبـەتی پێوەندییـەکانی دەگەڵ شۆڕشی کوردستانی عیراق‌و لە ئاکـام دا دەگـەڵ حیزبـی شـیوعیی عیراق‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێـران)یـش گۆڕابـوو. {سـالّی ١٩٧٤} شـەهید قـاسملوو داوای چاوپێکەوتنی لێ کـردین‌و قـەرارێکی لە چاخانەیەك(ئەبوونەواس) دانا. کـە چووم دیـتم چـاوەڕێمە، پـاش سـلاّوی هاوڕێیانە گـوتی بـا لـە کـورتی بـی بڕینـەوە، ئیمکـانی مانـەوە لـە عیراقمان نەماوە چـونکە حکوومـەتی عـیراق کەندوکۆسـپ دەخاتـە سـەر ڕێگـەی کاروچـالاکیمان. چـونکە هەستمان کردوە حکوومەتی بەعسی عێـراق دەسـتی کـردوە بـە بـاش کردنـەوەی پێوەندییـەکانی دەگـەڵ ئێـران، و پـێش ئـەوەی حکوومـەت داوامان لێ بکا بەغدا بـەجێ بـێڵین، ناچارین روو لە ئورووپا بکەین. دوایـە گوتی وەزعی ئێـوەش بـەرەو خـەراپی دەچێ، بەتایبەتی لە پێوەنـدی دەگـەڵ شۆڕشـی کوردسـتان دا، و داوای لێ کردین بەرانبەر بەوەی بە نهێنـی لـە نێـوان ئێـران‌و عـیراق دا دەگـوزەرێ وشیارو لە سـەر هەسـت بـین. لێـرەدا مالاّواییمان لێکتر کرد بەو قەرارە کـە لە شوێنێکی دیکەی جگە لـە بەغـدا یەکتر ببینینەوە.

وا ڕێکـەوت سـالّی ١٩٧٦ بـۆ کـارێکی حیزبـی سـەردانی (پـڕاگ) پێتـەختی چەکوسـلۆڤاکیام کـرد. هاوڕێیان ئاگاداریان کردم کە دوکتـۆر قاسملوو دەیەوێ چاوی پـێم بکـەوێ. دەسبەجێ قبـوولّم کـردو قـەرارێکمان لە رێستوورانێکی پڕاگ دانا. وا بـزانم لەو کاتـەدا لـە زانسـتگەیەکی پـڕاگ دەرسـی دەگوتـەوە.کـاتی دیدارەکـە گەیـشت، دوای سـلاّو چـاك‌و چـۆنی ئـەمن دەسـتم بەقسە کـردو وەزعـی عیراق پاش نوشوسـتییەکەی شۆڕشـی ئەیلوول لە ئاکامی رێککـەوتنی شـاو سەددام لە سالّی ١٩٧٥ دام بـۆ بـاس کرد. لەو رێککەوتننامەیەدا شا سـێ داخوازی بنەڕەتیی لە سەددام هـەبوون کە بریتـی بـوون لـە دیاریکردنـەوەی سـنووری هاوبەشـی نێـوان عـیراق‌و ئێران، وازهێنان لـە نیـوەی یـەکاوی عـەرەبان (شـطالعـرب) بـۆ ئێـران‌و پـچڕینی پێوەنـدیی بـەرەیی دەگـەڵ حیزبی شیوعیی عـیراق. سـەددامیش تـەنیا داوایـەکی لـە شـا هـەبوو کـە بریتـی بـوو لـە ڕێگـە گـرتن لـەو یارمەتییانەی بە ئێران دا دەگەیـشتنە شۆڕشـی ئـەیلوول. ئـەمجار شـەهید قاسملوو بارودۆخی ئێرانی بـاس کـردو گوتی بە رواڵەت ئارامە، بـەلاّم کـارو تێکۆشـانی ئۆپۆزیـسیۆن لـە دەرەوە دەسـتی پـێ کـردوە بەتایبـەتی دوای ئەوەی حکوومەتی سـەددام لـە سـەر داوای شا پیاوی ئایینیی ئۆپۆزیسیۆن (خومـەینی)ی ناچـار کـردوە عێـراق بەجێ بێڵێ‌و پەنا بەرێتەبەر فەڕانـسە. زۆریـش بانگـەواز بـۆ هاوپەیمانـەتیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێـران کـراوە، بـەلاّم وا دیـارە ئـەو هەولاّنـە بـەهۆی ناکۆکییـەکانی نێـوان حیـزب‌و رێکخـراوە ئێرانییـەکان سـەر نەکەوتوون. بەتایبەتی لە بـەر ئـەوەی ئەو رێکخراوانە هیچ تەشـکیلاتێکیان لـە نێوخـۆدا نیـە، بـەلاّم پێگـەی گەلیـیان هەیەو ئەگـەر هەلومـەرجی دێموکراتییـان بـۆ بڕەخـسێ ئـەوان دەتـوانن رێکخراوەکانیـان دروسـت بکەنـەوە. هـەر چـەند خومـەینییش رێکخراوێکی نییە، بەلاّم پێگەیـەکی بەرینی لە نێو پیـاوە ئایینییـەکان دا هەیە کە لە نێو کۆمـەلاّنی خـەڵك دا زۆریـان دەسـت دەڕوا. پاشـان گـوتی هەست دەکا لەو سالاّنەی لـە پێـشدان رووداوی شۆڕشـگێرانە دێنـە پـێش. حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لـەو رووداوانـەی لـە ئێـران دا دەگـوزەرێن دوور نیـە، بـەلاّم کۆسـپی سـەر ڕێگـەمان حیزبـی توودەیـە کـە هەڵوێـستێکی خـەراپی بەرانبـەرمان هەیەو ئێوە باشترتان ئاگا لێیـە.پـێش بینییەکەی رێبـەری شـەهید قـاسملوو هاتـەدی‌و ئـەو ڕاپەرینـە گەلییـە تەقییـەوە کـە بـە سـەرۆکایەتیی خومەینی سالّی ١٩٧٩ حکوومـەتی شـاى رووخانـد. لـەو رۆژە گەردەلوولاوییانـە دا ئـەمن بـۆ دوو مەبەسـت چـوومە تـاران. یـەکیان ئاگادار بوون لەو ئالّوگۆڕانـە بـوو کـە دوای رووخـانی شـا بەسـەر ئێـران دا هاتبوون. هاوڕێ (عادل حبـە)شم لـە گەڵ بوو کە ئاگادارییەکی بەرینی لـە هێزە سیاسییەکانی ئێـران هـەبوو، و لە نێو کادری رێبەریی حیزبی تـوودەو چریکی فیدایی خەڵك و موجاهیدینی خەڵك و پیاوە ئایینییەکان دا هێنـدێ دۆستی هەبوون‌و بەتایبەتی پێوەنـدیی دەگەڵ زانای پێشکەوتنخواز ئایەتوڵلا تاڵەقانی باش بوو. ئەمە یارمەتیـدەر بوو بۆ ئەوەی بتوانم چاوم بەو حیـزب‌و رێکخـراواو کەسـایەتییانە بکـەوێ. مەبەستی دووەمـیش ئـەوە بـوو کـە سـەردانی بنکـەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعیمان بکەم کـە لـە سـەر سـنووری نێـوان عـیراق‌و ئێـران دامەزرابوون تا لـە پێویستییەکانیان ئاگـادار بم و هـەروەها پێوەنـدی بـە یەکیـەتیی نیـشتمانیی کوردسـتانەوە بگـرم کـە بـە تـازەیی پـارتی سۆسیالیـستی کوردسـتان بـە ڕێبەرایـەتیی رەسـووڵ مامەنـدی کۆچـکردووو دوکتـور مـەحموود عوسمـانی سـەربەخۆی لێ جیـا ببوونـەوە. هـەروا سـەردانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان ( ئێـران)یـش بکەم. پێش ئـەوەی بچمە مـەهاباد، لەو هۆتیلـەی لێـی دابـەزیبووم کـاك مەسعوود بـارزانی سـەردانی کـردم و داوای لێبووردنی کرد لەوەی لە نێـوان پارتی دێموکراتی کوردستان‌و حیزبـی شـیوعیی عـیراق دا گـوزەراوەو لـە پێوەنـدیی خـەراپی نێـوان هـەر دوو حیزب، پێم گوت لەگەڵ ئەوەی عـوزر هێنانەوەکەت قبووڵ دەکەم، هەردوولا ئێمەش و ئیوەش هەڵـەمان بەرانبـەر بـە یـەکتر هـەبووەو ئـارەزوو دەکـەم پێوەنـدیی خەباتگێڕانـەی نێوانمـان بگەڕێتـەوە دۆخـی جـارانی. رۆژی دواتـر دەگـەڵ تێکۆشـەر کـەریمی حیسامی بـە قـەتار بـەرەو مـەهاباد وەڕێ کـەوتین‌و بـەیانی بـوو کـە گەیشتینە وێ . هاوڕێیانمان ماڵێکیان لە دەوروبـەری شـار بـەکرێ گرتبـوو. ئـەمن تێکۆشـەر جـلال دەبباغیـشم لەگـەڵ بـوو. هاوڕێیـان ئەحمـەد بـانیخێلاّنی‌و بەهائـەددین نـووری‌و هێندێ هـاوڕێی دیکـەش وەك ئـەبوو تاراو هی تر بە تـازەیی گەیـشتبوونە مـەهاباد بـۆ ئـەوەی بـچنە بنکـەی پێشمەرگەکانمان لە "ناوزەنگ"



رێبـەری شـەهید قـاسملوو کـە خەبـەری هـاتنی مـن بـۆ مـەهابادی بیـستبوو، دەگـەڵ وەفـدێکی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان( ئێـران) هاتـە ئەو ماڵەی هاوڕێیانی لێ بـوون، پـاش دەسـت‌و مـست و چـاك‌و خۆشـی، شەهید قاسملوو دەستی بە قسە کـردو گـوتی وەك دەبیـنن وەزعەکـە ڕوون‌و سەقامگیر نیەوکێشە لە نێوان حیزب‌و رێکخـراوە جۆراوجۆرەکـان‌و پیـاوە ئایینیـەکان دا هەیـە ، وا دیـارە تـا ئێستا رێبەرایـەتیی خومـەینی قبـووڵ کراوە. لە نێو حیزبـە سیاسییەکان دا موجاهیـدین لـە پێـشەوەن، دوای وان چریکە فیداییەکان‌و ئەو لیبرالاّنە دێـن کە مەیلیان بە لای "مصدق " دایە.

لـە کوردسـتان حـدك( ئـیران) نفووزێکی بەرینی لە نێوان کۆمـەلاّنی خەڵك دا هەیە ..... و بـە هـەر حـاڵ وەزعێکی لیبرالّی هەیە کە تـا ئێـستا دەرفەتی کـاری ئـازادی بـە هـەموان داوە ، بەلاّم کێشەی فکری لـە نێـوان هەمووان دا هەیە. تا ئێستا وەزعەکـە لە سەر خەتێکی دیـاریکراوی سیاسـی جێگیر نەبووەو لەم رۆژانەدا وەفـدێکی کوردستانی دەنێرینـە لای خومـەینی. نـاوبراو ئایـەتوڵلا تالّـەقانیی ناردۆتـە کوردستان بـۆ ئـەوەی راپـۆرتێکی لـە سەر مەسەلەی کورد بۆ ئامـادە بکـا. ئێمە هاتنی تالّـەقانیمان پـێ خۆشـە، چونکە ئەو پێـی خۆشـە گـەلی کـورد مافـە ئیـداری‌و فەرهەنگییـەکانی بـە دەسـت بێنـێ‌و فـەرقی دەگـەڵ پیـاوە ئایینییەکانی دیکە هەیە کە دەیانەوێ مەسەلەی کورد پشت گوێ بخرێ بـەو نـاوە کـە ( هـەموومان موسـوڵمانین‌و هەموومان ئێرانیین). هـەروەها گـوتی ئێمە لە خزمەتتان داین، پێویـستیتان بە هەر چییەك هەبێ ئامادەین بە پێی توانا بۆتان دابین بکەین. پاشان نـۆرە قسەی دا بە من و زۆر بە کـورتی پـێم گوت ئێمـە ئێـستا بووینـە حیزبێکـی ئۆپۆزیـسیۆن‌و هاوپـەیمانیمان لەگـەڵ بـەعس نـەماوەو بووینـە بەشـێك لـە هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستان‌و لـە ژێر دروشمی (دێموکراسـی بـۆ عێـراق‌و حـوکمی زاتیـی راسـتەقینە بـۆ کوردستان) دا کار دەکەین.

دوای گەشـتێك بـۆ ناوچـەی ( ناوزەنگ)و چاوپێکەوتنی مام جـەلال‌و رەسـووڵ مامەنـدو دوکتـور مـەحموود عوسمـان و سـەردانی بنکـەی پێـشمەرگەکان، گەڕامـەوە تـاران بـۆ درێـژەدانی دیـدار لەگـەڵ حیـزب‌و رێکخراوو کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان، راپۆرتێکی دووروودرێژم نووسی‌و نـاردم بۆ هاوڕێ عەزیز محەمەد کە ئەودەم لـە مۆسکۆ بوو.

ئەمن هەولّم دەدا پێوەنـدیی نێـوان حیزبی دێموکرات‌و حیزبی توودە بـاش بکەمەوە، بـەلاّم بەداخـەوە بـە هـۆی هەڵویـستی نالـەباری کیـانووری، سکرتێری حیزبی تـوودە بەرانبـەر بـە دێمـوکرات سـەر نەکـەوتم‌و ئەمـە شوێنەواری خەراپی لە سـەر پێوەنـدیی ئێمـەو تـوودەش دانـا. وا رێکـەوت حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان پێـشانگەیەکی لـە تـاران دانـا کـە خەبات‌و قوربانیـدانی ئـەو حیزبـە لـە پێناو مافە نەتەوایەتییـەکانی کـوردی دا نیـشان دەدا. ئـەمن چـوومە ئـەو پێشانگایە کە خەڵکیکی یـەکجار زۆر لە هەموو نەتەوەکانی ئێران‌و حیـزب‌و رێکخراوو شەخسییەتە جۆراوجۆرەکـان سەریان لێ دەداو رێبـەری شـەهید بـۆ خۆی پێشوازیی لێ دەکردن.

ئالّوگۆڕەکان‌و بـارودۆخی سیاسیی ئێران بـەرەو راسـت رۆیـشتن، چونکە حکوومـەت هێرشـێکی بـەربلاّوی زەبروزەنگـی کـردە سـەر ژیـانی حیزبایەتی‌و لـە پـێش هەموانیشەوە حیزبـی تـوودەی ئێـران‌و حیزبـی دێموکراتی کوردستان(ئێـران). حیـزب ناچـار بـوو بنکـەکان بگوازیتـەوە بـۆ شاخ‌و هێزە حیزبییەکانی وەکوو هێـزی پێشمەرگە لە چیاکان رێك بخاو شـەڕی زۆر سـەخت لـە نێـوان هێـزە حکوومەتییـەکان‌و پێـشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێنـدێ ناوچـەی رۆژهـەلاّتی کوردسـتان روویـان دا. شەهید قاسملوو سەردانی بارەگای ئێمە لـە (نۆکـان)ی کـردو سـەری بارەگـای یەکیەتیی نیـشتمانیی کوردستانیـشی دا. ئێمـە لـە گـەڵ مـام جـەلال رێـك کەوتین کە پێکـەوە سـەردانی بارەگـای حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتان(ئێـران) بکـەین کـە لـە مـەهابادەوە هـاتبووە شاخ. وەفـدی ئێمـە پێـك هـاتبوو لـە هاوڕێ عەزیز محەمـەدو مـن و وەفـدی (ینك) یـش لـە مـام جـەلال‌و جـەمال ئاغاو چەند کەسی دیکە پێك هـاتبوو، وتووێژێکی دۆستانە لە نێوان هەر سـێ لادا گوزەراو وەفدی ئێمـە چـووە سـەر باسی پێوەندیی ناخۆشی نێـوان حیزبـی دێموکراتی کوردستان(ئێـران) و پـارتی دێموکراتی کوردستانیش‌و بریار درا کە هاوڕێ عەزیز محەمەد هەوڵی باشکردنی پێوەندیی نێوان هەردوو حیزب بدا. بـە کردەوەش رۆژی دوایی بارەگای حیزبـی دێموکراتی کوردستان(ئێـران) مـان بـە جێ هێـشت‌و هـاوڕێ عـەزیز لـەوێ ڕا چووە(راژان) بۆ بارەگـای (پـارتی ) بـۆ باسی باشکردنی پێوەندییەکان‌و داوا لە پارتی کرا بۆ چـاوپێکەوتنی هـەر دوو لا ، بەلاّم هەولّەکان ئاکامێکی باشـیان لێ نەکەوتەوە .

رووداوەکانی نێـوان عـیراق‌و ئێـران بەرەو خەراپی رۆیشتن. عیراق شەڕی بە دژی ئێـران هـەڵ گیرسـاندو چـالاکیی شۆڕشـگێرانەی (حـدکا) رووی کـردە ناوچـە سـنوورییەکانی هـەرێمی کوردستانی عیراق....ڕێبـەری شـەهید چووە ئورووپا بـۆ درێـژەدانی چـالاکیی سیاسـیی خـۆی بـە مەبەسـتی بەدەستهێنانی پشتیوانیی دەرەکـی بـۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان. ئێران بە چالاکیی شۆڕشگێرانی گـەلی کـوردی ئێـران‌و چـالاکیی ڕێبـەری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی رۆژهـەلاّتی کوردستان شەهید قـاسملوو زۆر قـەڵس بوو. بۆیە دەزگای جاسووسیی ئێران بـە ناوی وتووێژ بۆ چارەسـەری مەسـەلەی کورد لە ئێرانەوە بۆسەیەکی بۆ نایەوەو بە گوللـەی غـەدرو خەیانـەت سـنگی شەقارشەقار کرد. بەمجۆرە کۆتـایی بـە تەمەنی رێبەرێکی دیـاری بزووتنـەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان هات‌و ئەمـە بووە پەڵەیـەکی شـەرم بـە نێوچـاوانی دەزگای جاسووسیی ئێرانەوە .

ئـەوان پێیـان وابـوو بـە تـیرۆری شـەهید قـاسملوو بزووتنـەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێرانیان لـە نێو بردوە، بەلاّم خەراپ حـالّی ببـوون، چـونکە حیزبـی شـەهید قـاسملوو ئێـستاش‌و لـە مـەودواش خـەباتی نەپـساوەی خـۆی بـۆ وەدەسـتهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گـەلی کورد لە کوردستانی ئێران درێـژەی پـێ دەدا.

**شانازی‌و نەمری بۆ رێبەری شەهید قاسملوو**

**ئەوان پێیان وابوو بە تیرۆری شەهید قاسملوو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێرانیان لە نێو بردوە، بەلاّم خەراپ حالّی ببوون، چونکە حیزبی شەهید قاسملوو ئێستاش‌و لە مەودواش خەباتی نەپساوەی خۆی بۆ وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێران درێژەی پێ دەدا**

## لە وتەکانی دوکتور قاسملوی نەمر

### تەنیا تاوانی خەڵکی کوردستان هەڵکردنی ئالاّی کوردستانە

تـاوانی خـەڵکی کوردسـتان تـەنیا ئەوەیـە کـە ئامـادە نـین دان بـە دەسـەلاّتی سـەدەکانی نێوەڕاسـتی ئاخونـدەکان دا بێـنن و بۆیـە کەوتوونەتە بەر رق و تووڕەیی لـە رادەبـەدەری خومـەینی و دەسـت و پێوەندەکانی .

بەشێك لە پەیامی د.قاسملوو بۆ رێکخراوو کەسایەتی‌و هاونیشتمانان لە دەرەوەی وڵات " جامعه نوین و دمکراتیك کردستان ، ژمارە ٤

# قاسملوو، مانگی گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پرشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە

سەعید بەگزادە

پاش ٢٠ ساڵ ئێستاش شوێن پەنجە و شوێنەواری سیاسەت و تیژیی بیری دکتۆر قاسملوو بەسەر نە تەنیا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڵکوو لە هەر چوارپارچەی کوردستان و لە ستراتێژیی هێزە سیاسییەکان و گەورەپیاوانی کورددا دیارە و دەناسرێتەوە. ئەوە بەو مانایە نییە کە بڵێم تێز و بۆچوونەکانی دکتۆر قاسملوو نوسخەیەکن کە ئەمڕۆش راست بەو جۆرەی ٣٠ ساڵ پێش هەبوون دەبێ دەکار بکرێنەوە و هێچ ئاڵوگۆڕێکیان نابێ تێدا پێک بێ یان راست وەک خۆی بەکار دەهێنرێنەوە. دکتۆر قاسملوو خۆی زۆر باش دەیزانی و فێری دەوروبەرەکانیشی دەکرد کە سیاسەت و هەڵوێست و ئامانجەکان نابێ نەگۆڕ بن. جیهان دایم لە ئاڵوگۆڕ دایە و نیاز و ویستەکانی کۆمەڵیش دەگۆڕێن. کەسێک بە جێ نامێنێ کە بتوانێ سەردەمی خۆی و داهاتوو باش لێک بداتەوە و خۆیان دەگەڵ رێک بخا. بۆ رێبەر گرینگ رابردوو وەک خۆی نیە، بەڵکوو رابردوو دەبێ چرای تاریکییەکانی داهاتوو بێ.

راستە دکتۆر قاسملوو کورد و خەباتکاری کورد بوو و زیاتر وەک تێکۆشەرێکی کوردایەتی وعەداڵەتی کۆمەلایەتیی کوردستان ناسراوە،بەڵام ئەوەی لە بیری دکتۆر قاسملوودابوو ئازادی و بەربەرەکانی دەگەڵ دیکتاتۆری وهەرچەشنە ناعەداڵەتییەک لەهەر شوێنێک و دەهەر لیباسێکدابوو. پێیوابوو ئینسانەکان بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، ئایین و جنسییەت وەک یەکن و **دەبێ خاوەنی مافی بەرانبەر بن. هەر بۆیەش لە تەواوی ژیانیدا لە هەر شوێنێک ژیابێ، لە کوردستان، تاران، پاریس، پراگ یان لە بەغدا بە پێی جۆری خەبات و داخوازییەکان ئەگەر لە پێشەوەی خەباتکاران و ئازادیخوازان نەبووبێ،هەرگیز لە قەراخ و لە پەراوێزدا نەبووە.** لە ئیران قاچاخ دەبێ، لە پاریس لەسەر داوای دەوڵەتی ئێران دەر دەکرێ، لە پراگ کێشەی بۆ دروست دەبێ، لە عێراق دەر دەکرێ. ئەوانە هەموو نیشاندەری ئەوەن کە قاسملوو ئینسانێکی هەستیار و وشیار و خەباتکاری هەموو بوارەکان بووە و بە پێی هەل و ئیمکان و کات و مەکان نەیتوانیوە لە ئاست نابەرابەری و ستەمدا جا بەهەر رەنگ و شێوەیەک بووبێ، بێدەنگ یان تەسلیم بێ و تەنانەت چاویان لێ بنوقێنێ.

لەسەر دکتۆر قاسملوو زۆرم بیستبوو، بەڵام بە حوکمی کاری حیزبی و تەشکیلاتیم بۆ ماوەیەکی بەرچاو هەموو حەوتووانە و بەتایبەت رۆژانی هەینی ئیزنم هەبوو لە لای بمێنمەوە و لە نزیکەوە چاوم لە هەڵس و کەوت و لێدوانەکانی ببێ. لەو ماوەدا زیاتر زانیاری و توانایی هەمەلایەنەی کاک دکتۆرم بۆ دەرکەوت.


وەک خۆی باسی دەکا و پاشانیش راستیی وتەکانی لە ژیانی سیاسیی ئەودا دەر دەکەوێ، هەر لە مێرمنداڵییەوە چارەسەری مافی کوردانی بۆ گرینگ بووە و هەستی بە چەوساوەیی و مافخوارویی نەتەوەکەی کردوە.

دکتۆر قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی لە نێو لاوانی کوردرا دەست پێ کرد، دەگەڵ حێزبی توودەی ئێران وەک هێزێکی سەراسەری کە لەو سەردەمدا نوێنەرایەتیی چەپی ئێرانی دەکرد و بۆ ئەو سەردەم و کات هێزیکی خەباتکار بوو،کاری کردوە. لە حیزبی توودەدا هەوڵی داوە کە کار و چالاکییەکانی زیاتر رووی لە کوردستان بێ. ئەوەش تا رادەیەک بۆ لایەنی بۆچوونی ناسیۆنالیستیی ئەو دەگەڕێتەوە کە لەو سەردەمیشدا چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی لە روانگەی ئەودا ئەولەویەتی هەبووە.

پاش ئەوەی کە ماوەیەک لە درەوە دەمێنێتەوە و خەریکی خوێندنی باڵای خۆی دەبێ و هاوکاتیش لە چالاکانی هەرە پێشەوەی خەباتکارانی کورد و ئێرانی بووە، دەگەڕێتەوە کوردستان و دەگەڵ هاوڕێیانی لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا هەوڵ بۆ رێکخستنەوەی حیزب و گەشاندنەوەی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دەدا.

نەخش و رۆڵی ئەسلیی دکتۆر قاسملوو وەک رێبەرێکی وشیار و بە توانا راست لەوسەردەمەوە خۆ دەردەخا.

لەو سەردەمەدا حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وەک تەنیا حیزبی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان دوچاری ئالۆزی و شێواوییەکی زۆر بووە. بەشێک لە رێبەرانی ئەسلیی حیزب لە زیندانەکانی شای ئێراندان. ئەو بەشەی دیکەش کە ناوەندی رێبەریی خەباتیان بۆ کوردستانی گەرمێن راگوێزتوە، لە نێوان خۆیاندا تەواو ناکۆکن و لە نەتیجەی تەکرەوی و ئیدارەی نادێمۆکراتیکی حیزبدا، بەڕێوەبەری و بەدەنەی حیزب بە سەر چەند بەش و دەستەی چووکدا بڵاو بوون.



**ئەوەی لە بیری دکتۆر قاسملوودابوو ئازادی و بەربەرەکانی دەگەڵ دیکتاتۆری وهەرچەشنە ناعەداڵەتییەک لەهەر شوێنێک و دەهەر لیباسێکدابوو. پێیوابوو ئینسانەکان بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، ئایین و جنسییەت وەک یەکن**

توانایی و لێزانیی دکتۆر قاسملوو، هاورێیانی لێک کۆدەکاتەوە و تەشکیلاتی حیزبی ناوەرۆک و سیمایەکی رێک و پێک و دێمۆکراتیکی پێ دەدرێ و حیزب بە تەواوی دەبووژێتەوە و پەیوەندی و موناسبات و ئیعتباری خۆی پەیدا دەکاتەوە.

لە ماوەیەکی کورتدا نەخش و رێبەری و توانایی قاسملوو تەنانەت شوێن لەسەر هەلس و کەوتی رێکخراوەکانی کوردی پارچەکانی دیکەش دادەنێ و، تا رادەیەکی زۆر دەبێتە راوێژکاری رێبەرانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بە تایبەت بەشی گەرمێن. زۆرجار هێزە کوردستانییەکان چ لە پێوەندیی بەینی خۆیاندا و چ لەرادەی وتوویژ و دارشتنی ویست وداواکانی کورددا بۆ باس و دانوستاندن دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە توانایی دکتۆر قاسملوو کەڵکیان وەرگرتوە. ئەو باش دەیزانی چۆن لەدەرفەتەکان کەڵک وەربگرێ و قەت ویشک و یەکلایەنە بە سیاسەت و رابردووە نەدەنووسا. لای ئەو سیاسەت هونەر و کەرەسەی ئیدارە و مودارا و گونجان و کێبەرکێی گەیشتن بە ئامانجەکان بوو.

لە رادەی نێونەتەوەییشدا دۆستایەتی و پێوەندیی دەگەڵ زۆر کۆڕ و کۆمەڵ و رێکخراوی سیاسی و کەسایەتییە ناسراو و ناودارەکاندا هەبوو. ئێستاش لە درێژەی پەیوەندییەکانی ئەودا کە چاوت بەو کەسایەتییە بیانیانە دەکەوێ باس لە بیری تیژ و کراوەیی فکری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک دکتۆر دەکەن و حەسرەتی لەدەستدانی ئەو گەورە پیاوە لە زمانی ئەوانەوە دەبیسرێ و باس لەوە دەکەن کە ئەگەر لەم هەلومەرجەدا قاسملوو لە حەیاتدا با رەنگ بوو مێژووی کورد بە جۆرێکی دیکە تۆمار کرابا. لە هەمانکاتدا دکتۆر قاسملوو لە لای هێزە رزگاریخوازە عەرەب و ئێرانییەکان و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو نەتەوانە جێگایەکی تایبەتی و قسەرۆیشتوویی خۆی هەبوو. توانایی مودیریەت و بەڕێوەبەریی بزووتنەوەی کورد و پەیوەندی و دۆستایەتی دەگەڵ زۆر کۆروکۆمەڵی بریاردەری جیهانی و قسە رۆیشتوویی لە لای ئێرانییە ئازادیخوازەکان ببوونە هۆی ئەوە

کە رژێمەکانی ئێران بە پادشایی و ئیسلامییەوە لە دکتۆر قاسملوو نیگەران بن و لێی بترسێن. ترسی ئەو حکوومەت و رژێمانە لە دکتۆر قاسملوو تەنیا لە بەر ئەوە نەبوو کە سکرتێری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە. هەر دووک رژێم قاسملوویان بە مەترسیی هەرە گەورەی حکوومەت و دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران دەزانی. هەر بۆیەش لە کاتێکدا کە قاسملوو دەیویست پاش شەری عێراق و ئێران، کوردستانیش ئاسایشی خۆی بەدەست بێنێ و ئێران بە گشتی ئارامی و ئاسوودەیی بە خۆوە ببینێ، بە پلانێک کە دەمێکە لەسەر کوردان بە تاقی دەکرێتەوە، لە بەینیان برد. شەهید کرانی دکتۆر قاسملوو زیانێکی گەورە بوو کە لە داهاتووی ناوچەکەمان بە گشتی و بە تایبەت لە کورد کەوت. هەمیشە دەڵێین دوژمن خەیالی خاوە و بە شەهید کردنی رێبەرانمان ناتوانێ خەباتەکەمان بشکێنێ و هەنگاومان پێشل بکا. ئەوە راستە و خەباتی رزگاریخوازیی کورد هەتا ئامانجی نهایی بەردەوامە، بەڵام خۆ کفر نیەو درۆش نیە بڵێین لانی کەم تا ئێستا جێگای قاسملوومان بۆ پڕ نەکراوەتەوە. راستە لە ماوەی دەسەلاتی دکتۆر قاسملووشدا حیزبی دێمۆکرات لەت بوون و ناکۆکیی تێ کەوتوە. ئەوەش دەگەڵ ئەوەی کە رووداوێکی سەیر و سەمەر نەبوون و لە مێژوو و رابردووی زۆربەی حیزب و رێکخراوەکاندا بینراون، زیاتر شێوە و جۆری بۆچوون وجیاوازیی بەرێوەبەریی کەسایەتییەکان دەگرێتەوە،و بە هێچ جۆر ئەو لایەنە بەهێزانەی دکتۆر قاسملوو ناشکێن ولێیان کەم ناکەنەوە،و بە هەموو خوسوسیاتی چاک و کزی وەک رێبەرێکی گەورەی کورد لە مێژوودا جێی گرتوە و لانی کەم تا ئێستا قاسملوو مانگی گەشاوەی نێو ئەستێرە هەرە پڕشنگدارەکانی خەباتی رزگاریخوازانەی کوردە. توانیان قاسملوو شەهید بکەن، بەڵام ناتوانن ئاواتی کورد و قاسملوو بکوژن. خەباتی رزگاریخوازانەی کورد لە دکتۆر قاسملوورا دەستی پێ نەکردوە کە بە شەهید کردنی ئەویش تەواو ببێ. راستە رێبەری و توانایی قاسملوو تایبەتی بوو،س بەڵام ناحەزانی کورد دەبێ دڵنیابن کە کورد بێ دکتۆر قاسملووش خەباتی خۆی هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی درێژە دەدا.

**بەڕێز بێ یادی شەهیدانی وییەن.**

**سوئێد**

**١٩-٠٦-٢٠٠٩**



**سەعید بەگزادە**

ساڵی ١٣٣٦ لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. هەتا دیپلۆمی خوێندوە. ساڵی ١٣٥٧ بووە بە ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان . لە سازمانی جەوانانی حیزب دابووەو لە دامەزرێنەرانی یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان بووە چەند دەورە لە بەرێوبەریی لاوانی مەهاباد دابووە. پاشان لە کۆمیتەکانی حیزبی لە مەهاباد و بانە کاری کردوە. ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بووە.

پاشان ساڵی ١٣٦٣ نوێنەری دەفتەری سیاسی لە یەکیەتیی لاواندا بووە، کە کاک دکتۆر لە دەفتەری سیاسیدا خۆی سەرپەرسەستیی دەکرد و بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو رۆژانی هەینی لە بەیانی هەتا دوا نیوەرۆ لە لای دوکتور قاسملوو دەمایەوە.

پاشان لە بەشی پێوەندییەکان لە سلێمانی و بەغدا کاری کردوە، وەک کەسی دووهەم و کەسی یەکەم. پاشان نوێنەری حیزب بووە بۆ پەیوەندی دەگەڵ ئەحزابی ئێرانی.

لە دەرەوەی وڵاتیش لە ساڵی ١٩٩٤وە لە کۆمیتەی بەرێوبەریی دەرەوەدابووە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی، بەرپرسی کۆمیتەی سکاندیناوی، بەرپرسی سوئێد، بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتو بەرپرسی کۆمیتەی پەیوەندییە خاریجییەکان و بەرپرس و نوێنەری حیزب لەدەرەوە بووە.

نزیک بە ٢٠ ساڵ ئەندامی ئەسڵی و جێگر و موشاویری کۆمیتەی ناوەندی بووە

# پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد و دوکتۆر قاسملوو

هەیاس کاردۆ

پاراستنی بەرژەوەندی گشتی و تێکۆشان لەپیناوی دەستەبەرکردنی قازانجە هاوبەشەکانی نەتەوەی دابەش کراوی کورد وێڕای ئەوە کە لێکدانەوەی جۆراوجۆری لەسەرە،لە هەمان کات دا کارێکی چەتوون و پڕ دەردیسەریشە.ئەگەر مەبەست لەبەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کورد هەوڵدان بۆ وەسەریەک خستنەوەی هەموو پارچە لیکدابڕاوەکان و دروست کردنەوەی وڵاتی سەربەخۆی کوردان بێ،بە داخەوە هەتا ئێستا نە هیچ لایەنێکی سیاسی و نە هیچ کەسایەتییەکی خاوەن نفووزی کورد بە کردەوە خۆی لەقەرەی نەداوە.ئەگەر لێر و لەوێ بینیومانە،یان بیستوومانە هێندێک دروشمی جوانی خەڵک پەسند بەرز کراونەتەوە و ترووسکەی هیوایەکیان لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا دروست کردوە،ئەوە قەت لە مەیدانی کردەوەدا خۆی نەنواندوە و تەنانەت دروشمەکانیش پاش قەدەرزەمانێک کاڵ و کاڵتر بوونەوە، هەتا وای لێ هاتوە بە فەرامۆشی سپێردراون.هۆ یان هۆیەکانی هەوڵ نەدانی بە کردەوە لەو بوارەدا هەرچی بێ مەبەستی جێی باسی ئەم نووسینە نیە.بەڵام بێتوو مەبەست لە پاراستنی قازانجە گشتییەکانی کورد هەوڵدان بۆ کاری هاوبەش لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو و جێی پەسند بێ،ئەوە دەکرێ دوکتۆر قاسملووی وەک یەکێک لە شیلگیرترین تێکۆشەرانی ئەو ڕێگایە بە حیساب بێنین.لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بۆ ڕێز گرتن لە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، هەوڵە بێ وچانەکانی ناوبراو لەو پێناوەدا بێنمە بەرباس.

**بناخەی هەوڵە بەربڵاوەکانی شەهید قاسملو لە چوارچێوەی تێکۆشانی دیپلۆماسیدا بەمجۆرە دارێژرابوو کە: بە بیر کردنەوەی سەربەخۆ،بە بڕیاری سەربەخۆ،دەگەڵ هەر کەس و لایەنێک کە پێویست بێ پێوەندی بگرە.لە هەموو پێوەندییەکاندا سنووری قسە و باس و بڕیارەکان بەجۆرێک دیاری بکە کە وێڕای ئاوەڵا هێشتنەوەی مەیدانی خۆ نواندن، قەت هێڵی سووری بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد نەبەزێ**

دەکرێ هەوڵەکانی دوکتۆر قاسملوو لە پێناو پاراستنی قازانجە گشتییەکانی بزووتنەوەی کورد لە سێ بواری جیاوازدا لێک بدەینەوە کە ئەمانەن:

١- نووسین و وتاری زارەکی (شفاهی).٢- دیپلۆماسیی دەرەکی و نێوخۆیی.٣- مەیدانی خەباتی بەکردەوە .

یەکەم- نووسین و وتاری زارەکی.دوکتۆر قاسملوو لە پێشەوەی ئەو ڕووناکبیر و تێکۆشەرانەی کوردە کە زۆر زوو هەستیان بە گرینگیی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد کردوە و لەو بوارەدا قەڵەمیان گێڕاوە.ناوبراو هەر لەسەرەتاکانی دەستپێکردنی ژیانی سیاسیی خۆی دا بە لێکدانەوەی وردی ڕەوتی گەشەی شعووری نەتەوایەتی پێی لەسەر ڕەوا بوونی یەکگرتنەوەی کوردستان داگرتوە و بە هەموو لایەکی نیشان داوە کە کورد یەک نەتەوە و کوردستان یەک وڵاتە..کتێبی "کوردستان و کورد" کە وەک نامەی دوکتۆرای نەمر قاسملوو بۆ یەکەم جار بە زمانی چێکی نووسراوە و لە ساڵی ١٩٦٣ی زایینی دا بڵاو کراوەتەوە و دواتریش وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی دیکە، ڕوانینی ئەو تێکۆشەرە بەرانبەر بەو مەسەلەیە بەڕوونی دەردەخا.دوکتۆر قاسملوو هەر چەند ئەو کتێبەی بۆ باسی پێوەندی یە ئابوورییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەردەمی دەسەڵاتی ئاغایەتی دا نووسیوە ، بەڵام لەگرینگیی مەسەلەی سیاسیی نەتەوەی کوردیش خافڵ نەبووە و هەربۆیە بەشیکی گرینگی کتێبەکەی بۆ ئەو باسە تەرخان کردوە.تێگەیشتنی ئەو کاتی ئەو تێکۆشەرە لە وەزعی گشتیی کورد و مەسەلە هاوبەشەکەی، دەربڕی هەڵسەنگاندنی زانستییانەی کێشەی نەتەوەی کورد بە پێوانەی ئەو کاتی یە."...هەمووی ئەوانە بوونە هۆی پێکهێنانی وەزعیکی زۆر تایبەتی.نەتەوەیەکی دابەشکراو دەبینین کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی خەبات دەکا و سنووری چەند دەوڵەتێک هێزەکانی لێک دابڕیوە و لەکاتی گرینگ و ناسکیش دا لەگەڵ هێزی یەکگرتووی ئەو دەوڵەتانە و تەنانەت هێندێ دەوڵەتی تریش بەرەوڕوو دەبێ".(کوردستان و کورد.ل ٢٧٨ .کوردی). یان لە جێگایەکی دیکە دا نووسیویەتی:"کەوابوو جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بەهیچ جۆر بە مانای لێکدابڕان نیە و بەپێچەوانە،پاش ئەو سەربەخۆییە هەل و مەرجی پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لە نێوان هەموو دەوڵەتەکانی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا پیک دێ کە دەکرێ بە شیوەی فیدڕاسیۆن بێ".(هەمان سەرچاوە.ل ٣١٢).بە گشتی خەمی نەتەوەیەکی ماف پێشێلکراو بە جۆرێک مێشکی قاسملووی لاوی بە خۆیەوە مەشغووڵ کردبوو کە بە نووسینی تێزی زانستگایی خۆی ویستبووی ڕەوا بوونی ئەو مەسەلەیە بە گوێی خەڵکی دنیا بگەیەنێ.باس کردن لە مەسەلەیەکی ناسکی وەک سەربەخۆیی کورد لە کتێبی "کوردستان و کورد" دا،وەک شکڵ گرتنی بیرکردنەوە قووڵەکانی ناوبراو خۆی دەرخست کە لە ڕاستیدا جەوهەری باوەڕە نەتەوییەکانی ئەوی نیشان دا.لە کتێبی "کوردستان و کورد" دا دوکتۆر قاسملوو بۆ یەکەم جار و بۆ هەمیشە دوو ئەسڵی خەبات هاوکات دێنێتە گۆڕێ کە دواتریش پێی وەفادار دەمێنێتەوە.ئەو دوو ئەسڵەش بریتین لە:خەبات بۆ ڕزگاریی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بە شیوەیەکی گشتی.

دواتریش و لە هەموو ئەو کاتانە دا کە دوکتۆر قاسملوو لە ڕێگای نووسینەکانی یەوە هاواری بۆ کورد کردوە و ویستوویەتی نیوەرۆکی خەباتەکەی شی بکاتەوە، قەت لەو ئەسڵە لای نەداوە و هیچ بەربەستێک ڕێگای دەربڕینی ئەو ڕاستی یەی لێ نەگرتوە.هەرچەند ئاشکرایە ناوبراو بەکردەوە لە بەشیکی کوردستان دا خەباتی کردوە و هەموو هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بەلانی کەمی ماف و داخوازەکانی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان وەگەڕ خستوە،بەڵام هەر کات پێویست بووبێ ئاوڕی لە کێشەی هاوبەشی هەموو کورد داوەتەوە .لەبەر ئەوە کە دوکتۆر قاسملوو دەیەویست لە ڕێگای سیاسییەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە گونجاوترین ڕێگای مومکین بە ئاواتەکانی بگا،لە نووسینەکانی دا بەدایم هەل ومەرجی لەبەر چاو گرتوە و قەت توندڕۆیی نیشان نەداوە. نێوەرۆکی وتارە چاپکراوەکانی،وتووێژە رادیۆیی و چاپەمەنی یەکانی، کۆنفرانسە خەبەری یەکانی،دەربڕینە ڕەسمی و دیپلۆماسی یەکانی و بەگشتی ئەوەی پێی دەگوترێ دەڵانی (تراوش) بیروبۆچوونەکانی قاسملوو، هەمووی باس لە پێویستیی دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆ گەیشتنی کورد بە ئازادی دەکەن.دیارە نووسینی ڕێبەری حیزبێکی سیاسیی بەرپرس ناتوانێ وەک نووسینی ڕووناکبیرێکی دەست ئاواڵە باسی گیروگرفتەکانی کورد بکا.بەو حاڵەش هەرکەس نووسراوەکانی شەهید قاسملوو بخوێنێتەوە دەتوانێ پەی بەجەوهەری بۆچوونی ناوبراو لەو پێوەندییەدا بەرێ.

دووهەم- دیپلۆماسیی دەرەکی و نێوخۆیی.لەو بوارەدا کارنامەی دوکتۆر قاسملوو ئەوەندە بەرجەستەیە کە هەر بۆ ئافەرین دەبێ.ئێستا پاش تێپەڕینی بیست ساڵ بەسەر شەهید بوونیدا و دوای ئەوەی هەزاران بابەتی لەسەر نووسراوە و قسەی زۆری لەسەر کراوە،ڕەنگە کەم کەس لە هەوڵی ئەو تێکۆشەرە بۆ ناساندنی مەسەلەی گشتیی کورد لە دەرەوە بێ ئاگا بێ.بەڵام بەداخەوە ئەوکات کە ناوبراو کەلێن و قوژبنی وڵاتانی ئورووپایی دەکرد بۆ ئەوەی دۆستێک بۆ کورد بدۆزێتەوە و لەسەر مافی کورد وەقسەی بێنێ، کەم کەس لێی بەئاگا بوو.گرینگ ئەوەبوو کە هەرچەند دوکتۆر قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بە مەئموورییەت لە لایەن ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەوە خۆی بێر و بەوێ دادەکرد،بەڵام دەردی هەموو کوردی دێنایە بەرباس و دۆستی بۆ هەموو کورد پەیدا دەکرد.بنیاتی فرانس لیبرتێ بە سەرۆکایەتیی خانمی دانیال میتران یەک لەو ناوەندە یارمەتیدەرە فەرانسەیی یانەیە کە لە ڕێگای دوکتور قاسملووە خزمەتەکانی بەکورد دەست پێ کرد و دواتر پەرەی پێدا.نفووزی شەهید قاسملوو لە نێو حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێمۆکراتەکانی ئورووپا دا کارێکی وای کرد کە پێی کورد بۆ ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بکرێتەوە، بەچەشنیک کە هەتا هاتوە نەخشی کورد لەو تەشەکولە نێو نەتەوەییەدا پەرەی پێدراوە.ناسیاویی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ چەندین لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووسی ئورووپایی، هاندەری وان بۆ هاتن بۆ کوردستان و ئاگادار کردنی بیرو ڕای گشتی لەسەر وەزعی ئەم گەلە چەوساوەیە بووە.بەشیک لەو ڕۆژنامەنووسانە دواتر وەک دۆستی زۆر نزیکی کورد دیفاعیان لە مافە ڕەواکانی ئەم گەلە کردوە بە جۆرێک کە بەشێکیان ئێستاش هەر درێژە بەو کارە دەدەن.دوکتۆر قاسملوو چونکە لە هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی خۆیدا بەرژەوەندییە گشتی یەکانی کوردی لەبەر چاو بوو،قەت لە هەوڵە دیپلۆماسی یەکانیدا خۆی یان حیزبەکەی بەزیانی لایەنەکانی دیکەی کورد وەپیش نەدەدا.بەردەوامی و نەگۆڕیی بۆچوونی نەمر قاسملوو لەو پێوەندییەدا وای کرد کە ئەوە ببێتە نەریتی حیزبی قاسملوو لە داڕشتنی پێوەندی یە دۆستانەکانیدا.هەر بۆیەش بۆ وێنە پێوەندیی دووروودرێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەگەڵ حکوومەتی عیراق، قەت چووکترین زیانی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردەکانی باشوور نەگەیاند.بە گشتی بناخەی هەوڵە بەربڵاوەکانی شەهید قاسملوو لە چوارچێوەی تێکۆشانی دیپلۆماسیدا بەمجۆرە داڕێژرابوو کە: بە بیر کردنەوەی سەربەخۆ،بە بڕیاری سەربەخۆ،دەگەڵ هەر کەس و لایەنێک کە پێویست بێ پێوەندی بگرە.لە هەموو پێوەندییەکاندا سنووری قسە و باس و بڕیارەکان بەجۆرێک دیاری بکە کە وێڕای ئاوەڵا هێشتنەوەی مەیدانی خۆ نواندن، قەت هێڵی سووری بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد نەبەزێ.لەو چوارچێوەیەدا ئەگەر چاو لە ڕابوردووی دوکتۆر قاسملوو و حیزبەکەی بکەین دەتوانین دەرسی فیداکاری لێ فێر بین.وەنەبێ ئەو تێکۆشەرە هەر لە پێوەندییە دەرەکییەکانیدا ئەسڵی پیرۆزی بەرژەوەندی گشتیی کوردی لەبەرچاو گرتبێ، بەڵکوو پێوەندیی دوکتۆر قاسملوو دەگەڵ هەموو ڕێکخراو و کەسایەتییە کورد و ئێرانی یەکانیش هەر بەپێی ئەو معیارە دادەڕێژرا. دوکتۆر قاسملوو ئەگەر دەگەڵ لایەنێکی کوردی دادەنیشت مەبەستی وەرگرتنی ئیمتیازی شەخسی یان حیزبی نەبوو.بە پێچەوانە هەمیشە ئامادە بوو ئیمتیاز بدا بەشەرتێک کاردروستایی بۆ مەسەلەی کورد بەگشتی بکرێ.ئەو کە سیاسەتمەدارێکی وشیار و دیپلۆماتێکی کارامە بوو دەیزانی رایەڵ و پۆی پێوەندییەکان چۆن بەیەکەوە گرێ بدا بە جۆرێک کە وێڕای پاراستنی ئەسڵی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی،خەباتی هەر پارچەی کوردستانیش پەکی نەکەوێ.

سێهەم- مەیدانی خەباتی بەکردەوە. مەیدانی بەکردەوەی خەبات بۆ دوکتۆر قاسملوو چوارچێوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو.هەر چەند بوعدی بیر و ڕوانینی ئەو نەمرە لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا مەیدانێکی زۆر بەرینتر لە حیزبایەتی داگیر کردبوو،بەوحاڵەش تێکۆشان لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بۆ وی مایەی شانازی بوو.ناوبراو کاتێک ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی وەئەستۆ گرت کە حیزب بەدەست ڕێبەرایەتییەکی ناکارا و بێ پلان و هیوا دەینالاند.حیزبی دێموکڕاتی پێش ڕێبەرایەتیی قاسملوو- دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان- نە خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون و دیار بوو،نە لە تەشکیلاتێکی کارا و یەکگرتوو بەهرەمەند بوو.بەوانەشەوە، تووشی ترازان لەخەتی سەربەخۆیی و لادان لە پرەنسیپی حیزبایەتی ببوو.هەوڵەکانی شەهید قاسملوو بە هاوکاریی دۆستانی نزیکی،بوون بەهۆی ئەوە کە بەرنامە و پێڕەوی سەردەمیانە بۆ حیزب گەڵاڵە بکرێ،ئوسوولی دروستی حیزبایەتی جێگای سەرڕۆیی بگرێتەوە،خەتی سەربەخۆ بڕیاردان جێگیر بکرێ،ڕێک و پێکی و ئوسوولی تەشکیلاتی لەبەرچاو بگیرێ،ئەندامانی حیزب دەگەڵ ماف و ئەرکەکانیان ئاشنا بکرێن و بە گشتی ئەو کەرەسانەی بۆ بەڕێوەبردنی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێر لازمن فەراهەم بکرێن.

حیزبی تازە زیندوو بۆوەی ژێر ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو دەبوایە وێڕای نەزم دان بە پێوەندییە نێوخۆییەکان و هەوڵدان بۆ سەقامگیر کردنی ئوسوولی حیزبایەتیی مودێڕن،تاکتیک و ستراتێژیی خەبات و تێکۆشانیشی دیاری کردبایە.بەلەبەر چاو گرتنی وەزعی تایبەتیی حیزبی دێموکڕات و بزووتنەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،چووکترین هەڵە لە داڕشتنی ستراتێژیی نەتەوەیی دا دەیتوانی زەبری قەرەبوو نەکراو لە ویجهە وئیعتیباری ئەو حیزبە بوەشێنێ. یەکێک لە خاڵە هەرە ناسک و گرینگەکانی پێوەندیدار بەو ستراتێژییە، لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوایەتی بوو بە بێ ئەوەی وڵاتانی دەوروبەری دژ بەکورد بهاروژێنێ.داڕشتنی

←






# له ئاسمان یەکتریمان ناسی..!!

مومتاز حەیدەری

**کورتەبیرەوەریەك**

**بـەڵێ، لەجەرگـەی ئاسمـان، لەگەڵ د. قاسملووی رووناکبیری سـەرکردە یـەکتریمان ناسـی. ئـەوجارێکی دیکـەش بەیـەکجاری رۆحی فرییە ئاسمان..!**



من بـەش بـەحاڵی خـۆم، وەکـو مێـر منـداڵێکی چـاوکراوەی باشـی خێزانێکـی رۆشـنبیری‌و نیـشتمانپەروەرو وڵات پـارێز، ناوەڕاسـتی چـلەکانی سـەدەی رابـردوو، هـەر زوو: (وشـەو، دەسـتەواژەی وەك خـەبات، بەندیخانـە، خۆپێـشاندان، زاراوی، کۆمـاری کوردسـتان، حزبـی دیمـوکرات، پێـشەوا قـازی، شـەهیدانی ١٩ی حـوزەیران، مـەلا مستەفای بارزانی، مامۆستا هـەمزە عەبدوڵڵا، کارەساتی تەڵبەندکردنی خێزانـە گـەڕاوەکانی بارزانییـان لەمەهابادەوە کە لەرۆژئاوای شـاری هەولێر نیشتەجێ کرابـوون .. هتـد. ئەو شتانەی بەجۆرێك لـەجۆرەکان، بـەرگوێم کـەوتبوون، بەتایبـەتی پاش شۆڕشی ١٤ تـەمووزی ساڵی ١٩٥٨، ئـەو ساکە ئەنـدامی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان ــ ی عێـراق بووم.. رۆژێکیان لـەبارەگای لاوانـی کوردسـتان بـووم ــ چـاپخانەکەی تێکۆشـەری ناسـراو سـەید مەجید بەرزنجی زەلامێك بەجل‌و بـەرگێکی تایبەتی کوردی،هـەروەها گـورەوی وبەلـەك پێـچێکی تونـدوتولی لـەپێ بوو..!! خۆی بەناوی : ( ئەحمـەد تۆفیق) و حزبی دیموکرات ناساندو گـوتی میـوانی پـارتیم منـیش یەکـسەر ئاگـاداری برادەرانـی لێژنـەی ــ پێـی دەگـوترا لێژنـەی محـەلی ــ پـارتیم کـرد.. ئـەوانیش گوتیـان: بگەینـە مـاڵی هـەڤاڵ شەمـسەدین مـوفتی لەقـەڵات.. منیش لەگـەڵ خـۆم بۆمـاڵی بـەڕێز کـاك شەمـسەدین مـوفتیم بـردو گەرامـەوە ئـەوەی جێـی وەبیرهێنانەوەیـە، ئـەو برادەرە ــ واتە کاك ئەحمەد تۆفیـق– پێمـان زۆر عەتنیکـە بـوو ــ ئەنتیکـە ــ تورەگەیـەکی گـەورەی بەسـەر شـانەوە بـوو.. دیـاربوو هەنـدێ – وەکو جانتە– کەل‌و پەلی تێدا بـوو، بـۆم دەرکـەوت لـەنێو ئەوکـەل‌و پەلانەدا، ژمارەیەك کـارتی وێنـەدار ــ رەش‌و سپی ــ هەبوو.. کەوێنـەی پێـشەوا قـازی و سـەیفی قـازی‌و سـەدری قـازی لـەخۆ گرتبـوو، کارتـەکانیش بـۆ ئـەوە درووسـت کرابـوون پیتـاك ــ یارمـەتی ــ بـۆ حـەدەکا کۆبکرێتـەوە، بـەهای کارتـەکانیش بـەم جـۆرە بـوون: ( ٢٥٠ فلـس، ٥٠٠فلـس، یـەك دینـار– هـەزار فلـس). پاشـدان، بـەبڕیاری پـارتی کـارتی پیتاکـەکان دابـەش کران بـۆ ئـەوەی پارەکۆبکرێتـەوەو ئەنجامیش درا.

شـایانی باسـە، مـن سـاڵی ١٩٦٠ یەکەم نووسـینم بـەزمانی عـارەبی لەرۆژنامەی (الحضارە) ی شـاعیری بـەناوبانگی عێراقـی (کـاظم السماوی) لـەبارەی یـادی کۆمـاری کوردسـتان بڵاوکـردەوە.. ئـەوەی راستی بێ، کە پـاش بڵاوبوونـەوەی زۆر دڵخـۆش بـووم وقاچـم عـەردی نـەدەگرت..!! ئـیتر لەوسـاوە، بەپێی زیادبوونی هۆشـی سیاسـی‌و هەسـتی نەتـەوەیی زانیـاریی زیـاتر لـەبارەی حزبـی دیمـوکراتی کوردستان ـ بەتایبەتی بەهۆی کاك سـاڵح حەیـدەریی بـرا گەورەمـەوە وەدەست دەهێنا.

لـەکۆتایی شەسـتەکانی سـەدەی رابـردوو بـوو، لەمۆسـکۆ بـووم کتێبێکم دەسکەوت لەبارەی کوردو کوردسـتان بەقەڵـەمی عـەباس ئـەنوەری نوسـرابوو. بـە وردی خوێندبوومـەوە هـەر ئەوەنـدم دەزانـی ئـەو (عـەباس ئەنوەرییـە) یەکێکـە لەتێکۆشـەرە رۆشـنبیرانی کوردسـتانی–ئێـران– بەرێکـەوت مـانگی رەشـەمە ــ شـووبات ــ ی سـاڵی ١٩٦٨، مـن لەمۆسـکۆوە بـەنهێنی دەگەڕامـەوە نیـشتمان یەکەم ویستگە لەشاری پـڕاگ ــ پایەتـەختی ئەوسـای دەوڵـەتی یـەکگرتووی چیکۆسلۆفاکیا بـوو– لەئۆتێلی حـزب دایانبەزانـدم چـەند رۆژێ لـەوێ مامـەوە، لەپاشـان بەرێگـەی هێڵـی ئاسمـانی چـوومە سوریا..

ئەو رۆژانـەی لەئۆتێلەکـە بـووم، کەسـم نەدەناسـی! بەرێکـەوت لەگـەڵ هـاوڕێ (عـەرەبی بوهـالی) سکرتێری حزبی شیوعیی جـەزائیر یـەکتریمان ناسـی، رۆژانـە پێکـەوە دادەنیشتین.. هاوکات یەکێکی بـاڵا بەرزی گەنم رەنگ و قژرەشم دەدی هاتوچـۆی ئۆتێلەکـەی دەکـرد، چالاك دیاربوو ئـەوە بوو لـەرۆژی دیـاریکراودا، بەرپرسـانی حـزب منیان بـردە فرۆکەخانەیـەك، نازانم نـاوی چـی بـوو..؟! لەفرۆکـەدا لەشـوێنی دیـاریکراودا، دانیـشتم سـەیرم کـرد، پیـاوە بـاڵا بەرزەکـە لەتەنیـشتم دانیـشتوە..!! نەئـەو دەنگ .. نـەمن دەنـگ، بەتایبـەتی کـەمن بـەنهێنی دەگەڕێمـەوە لەمەسەلەی پەیوەندی‌و قسەکردن هەستیار بووم.. پاش نیو سەعاتێك لـەئاسمان دەفـڕین، بـەزمانی رووسی پرسـی: خـەڵکی کـوێی، بـۆ کـوێ دەچێت.. منیش لەسـەر خـۆ وەڵامـم داوە، گـوتم خـەڵکی عێـراقم، خـەڵکی کوردسـتانم (ئیـز ئیراکا، ئیزکوردستانا)!! دەچمە سـوریا نـەمگوت بـۆ عێـراق دەگەڕێمـەوە ، چـونکە گەرانـەوەم بۆ عێـراق نهێنـی بـوو.. یەکسەر فـەرمووی تـۆ کـوردی..؟! بـەڵێ کوردم..!!

ئـیتر وردە، وردە دەسـتمان بەقسە کردن کرد.. ئەو پرسیاری دەکرد، منیش بەئەسپایی وەڵامـم دەدایەوە.. بێ ئەوەی بزانم ئـەوە کێیـە..!؟ پاشـدان کـەزیاتر باسی کوردمـان دەکـرد، مـن گـوتم لـەم دواییـە، لەمۆسکۆ کتێبێکـی چـاکم لـەبارەی کـوردەوە خوێنـدەوە ( بـەتایپ و رۆنێـو بـەزمانی عـەرەبی چـاپ کرابـوو). فەرمووی دانەرەکەی کێ بوو..؟

گـوتم: ( عەباسـی ئـەنوەری) بەپێکەنینـەوە فـەرمووی: دانـەری کتێبەکـە عەباسـی ئـەنوەری دەناسـی..؟! گـوتم نـەخێر نایناسـم..!!! دیـسان بەپێکەنینـەوە فـەرمووی حـەز دەکەی بیناسـی..؟! گـوتم، بـەڵێ حـەز دەکـەم بیناسـم! فـەرمووی ئـەو – نـاو– ە واتـە ( عەباسـی ئـەنوەری) گـۆڕاوە خـاوەنی کتێبەکە نـاوی د. عەبدولڕەحمان قـاسملووە..!! حـەز دەکـەیت بیناسی..؟!.

دیسان گوتم بـێ گومـان حـەز دەکەم بیناسم، چونکە کتێبەکـەیم زۆر بەدڵ بوو..!

بـێ ئـەوەی مـن بناسـی ئـەو یەکـسەر گـوتی مـن د. عەبـدولرەحمان قـاسملووم، مـن پێموایـە لـەنێوان قـسەکانمان متمانەی پەیدا کردبوو، چونکە زۆر هۆشیارانە قسەی دەکرد. هاوکـات فەرمووی تـۆ کێـی؟، منیش خـۆم ئاشکرا کرد، چونکە مـن بـەناوێکی دیکـە سـەفەرەکەم دەکـرد. گـوتم مومتـاز حەیـدەری، کۆمۆنیـستم بەنهێنی دەگەڕێمەوە وڵات.!!

فەرمووی برای شـەهید جـەمال حەیـدەریی؟ گـوتم بـەڵێ یەکسەر هـەردووکمان زۆر بەپـەرۆش‌و گەرمەوە بێ ئەوەی هەست بکـەین لـەنێو فرۆکـە داین‌و لـەئاسمان دەفـڕین، لـەجێی خۆمـان راست هەڵـساینە سـەرپێ‌و دەسـتمان لـەملی یـەکتری کـردو یـەکتریمان مـاچ کـرد.. !!! سەرنیشینەکانی فرۆکەکـە سەرسـام بـوون، بەسەرسـورمانەوە تەماشـای ئێمـەیان دەکـرد..!! نەیانـدەزانی مەسەلە چیە..؟! ئیتر پاش تـەواو بـوونی دەسـت لەملانەگەرمەکـە، دانیـشتینەوە دووبـارە زۆر بەراشکاوانە پێم گوت گەرانـەوەم لەسوریاوە بۆ عێراق نهێنی دەبێ.. جانازانم لەرێگا بەسەلامەتی دەرباز دەبم؟!.. پـێم گـوت: بێگومـان سەردانی مامۆستا هـەمزە عەبدوڵڵا دەکەیت– چونکە مـاڵی مامۆستا هـەمزە عەبـدوڵڵا هـەردەم بارەگەیەکی کراوەی سیاسی بوو، هـەموو لایەنـەکانی سیاسـی هاتوچـۆیان دەکـرد فـەرمووی مامۆسـتا هـەمزە، دۆسـتێکی نزیکمە، پیاوێکی گەورەیە، زۆریش هاتوچۆی دەکەم..

منیش بەدکتۆرم گوت: دوو بتـل ڤۆدگای چاکم بـۆ مامۆستا کڕیوە ئەگەر دەکرێ تۆ لەگەڵ خۆت بۆی بەری‌و پێشی بڵێی ئاگاداری هاوڕێ عـەزیز محەممـەد سـکرتێری حـزب بکات کەبەرێگاوەم ئەگـەر نـەگیرێم ئـەوە پـاش چـەند رۆژی دیکـە دەگەمە بەغدا.. هتـد.. بـەزووترین کـات سـەردانی مامۆسـتا هـەمزە عەبدوڵڵا دەکەم..!!

فـەرمووی زۆر باشـە.. دوو بتـل ڤۆدگا کەلەناو جانتاکەی بەردەستم بوون، یەکسەر وەریگـرت خستیە ناو جانتاکەیەوە.

پاشماوەیـەك گەیـشتینە فرۆکەخانـەی ئەسـتەمبوول بـۆ مـاوەی (٤٥) دەقیقـە لـەوێ ماینەوە لەوکورتە ماویەشدا دکتـۆر باسی ئەستەمبول‌و کوردو تورکیای بـۆ دەکـردم.. بەهـەر حـاڵ گەیـشتینە دیمەشـق ئـەو بـەجیا لەئۆتێلێکی گەورە دابـەزی، منیش لەئوتێلێکی بچکۆلانە دابەزیم.. ئـەو دیسان بەفڕۆکە رووی لەبەغدا کرد، منیش پـاش چـەند رۆژێك چـوومە وڵاتی کوێت. لەوێش بـەئۆتۆموبێلی گەورەی کرێ، بەسەلامەتی بەشەو گەیـشتمە شـاری بەسـراو،هەر بەوشـەوە، نیـوە شـەوبوو دیسان بـەئۆتۆمبێلێکی گـەورە واتـە نەفـەرەکانی زۆربـوون. بـۆ رۆژی دوایـی گەیـشتمە شـاری بەغـداو بەسەلامەتی لەگەڕەکی ـ وەزیریە ـ بەکەس‌و کارم شاد بووم.

رۆژی پاشتر سـەردانی جـەنابی مامۆستا هـەمزە عەبدوڵڵام کرد و زۆر، زۆر کـەیف خـۆش بـوو بەڕاسـتی ئێمـەی زێـدە خـۆش دەویـست. مامۆسـتا هـەمزە فـەرمووی دیاریەکـەت گەیـشت، بتلێکیـشمان نـوش کـرد!! کـاك عەزیز ئەم شـەو بۆئێرە دێت! بە پەرۆشـەوە بیـستنی هـەواڵی بەسەلامەتی گەرانەوەتانـە..! هـەر ئەو شەوە، بەجـەنابی کـاك عـەزیز محەمـەد لـەماڵی مامۆسـتا هـەمزە شادبووم.



ئـیتر پـاش گەرانـەوەم، نـاوە ناوە هەندێ جار بەرێکەوت لـەماڵی مامۆستا هـەمزە، یـان لەشوێنێکی دیکـە بەخزمـەت د. قـاسملوو دەگەیـشتم .. بەڕاستی پیـاوێکی زۆر خـۆش مەحـشەر، قـسەزان‌و زیـرەك و دەم بەپێکـەنین‌و کۆمـەڵ پەروەر بوو..!!

یـەکێ لـەو دەرسـانەی لەجـەنابیان فێربـووم ئـەوەبوو، رۆژێکیـان لەشـەقامی (النهـر) شەقامێکی جوان‌و پڕ کۆگای جل‌و بـەرگی مـودرێنی ژنانـەبوو، پیاسـەم دەکـرد هـەر ئەوەنـدەم زانی یەکێ بانگی کردم، گوتی کـاك مومتاز ئەوەنـدە سـەیری ئاسمـان مەکـە، پیـاوی فـەقیریش ببینـە، منـیش ئـەوە لێـرەم.....!! ڕاسـتییەکەی سـەیری باڵاخانـە جوانەکانی ئەو شەقامەم دەکرد..! هەڵبـەت فەرمـوودەکـەیم، وەك پەنـدێکی سـوودبەخش وەرگـرت لـەوە فێربـووم، کـەمرۆڤ هـەردەم لەگەڵ خەڵك دابێ‌و خەڵك ببینـێ ــ لووت بەرزو بەفیزنەبێ..!!

بـەڵێ، شـەهید د.قـاسملوو، بەیـەکێ لـە سـەرکردە رووناکبیرو تێکۆشەرە گەورەکانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست ونزیك دەژمێردرێ. سەد حـەیف و مخـابن بـۆ ئەوکۆسـتە گەورەی جووڵانەوەی رزگاریخوای گـەلی کوردسـتان بەتایبـەتی رۆژهـەڵاتی نیشتمان، کوردستانی گەورە بەگشتی.

**گیـانی شـادو رەوانـی ئـەو رووناکبیرە سـەرکردەیە هـەردەم زیندوو بێت**

–٢٠٠٩/٦/٦– هەولێر –
کوردستان

درێژەی

## پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد و دوکتۆر قاسملوو

سیاسەتێکی ئاوا لە هەلو مەرجێکی حاستەمی ئەوکات دا بە بێ بوونی کەسایەتییەکی وەک دوکتۆر قاسملوو زۆر زەحمەت بوو.ناوبراو کە زۆر زووتر و لەدەورانی خوێندنی لە ئورووپا دا خۆی بە چەکی بیروباوەڕی نەتەوەیی تەیار کردبوو، بڕیاری پەسند کردنی ئەو خاڵەی وەک "ئەسڵێکی نەگۆڕ" لە سیاسەتی داهاتووی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان دا جێگیر کرد.واتە حیزبی دێمۆکڕاتی ژێر رێبەریی دوکتۆر قاسملوو بڕیاری دا و بەرنامەشی بۆ داڕشت کە وێڕای کاری بەردەوام لە چوارچێوەی کوردستانی ژێردەستی ئێران و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان،بە هیچ پاساو و بیانوویەک و لەژێر کاریگەریی هیچ هێز و لایەنێکی دەرەکی دا،دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی کورد هەنگاو نەنێ و پلان دانەڕیژێ.ئەوە هەرچەند بە زەقی لە نێو بەرنامەی حیزب دا خۆی دەرنەخست،بەڵام چونکە لە باوەڕێکی قووڵەوە سەرچاوەی گرتبوو زۆر زوو بوو بە فەرهەنگ و ئیتر تەشکیلات و بەدەنەی حیزب لەسەر قەوارەی ئامووزشی ئەو هێڵە خۆی قایم کرد.خەتێک کە هەم بۆ حیزبی دێمۆکڕات شانازی بەدواوە بوو،هەم هەتا رادەیەکیش لەسەر دامەزرانی پێوەندییە دۆستانەکانی لایەنە سیاسی یەکانی کورد شوێنی دانا.شانازیی ئەو ئیدە و رێبازە دروست و نەتەوەیی یەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانیش دەپێش دا بۆ بیری تیژی دوکتۆر قاسملوو دەگەڕێتەوە کە سەرەتایەکی باشی بۆ داهاتوویەکی روون دەست پێ کرد.هەر وەک ساڵەکانی دواتری تێکۆشانی حیزبی دێمۆکرات و تەنانەت دوو دەیە دوای شەهید بوونی ئەو رێبەرە مەزنەش دەری خست،حیزبی قاسملوو لەو ئەسڵە پیرۆزە لای نەداوە و هەروا بۆ پاراستنی قازانجە هاوبەشەکانی کورد ئامادەیە لەخۆی مایە دانێ.بەوەش نەک لە تواناو و حورمەتی کەم نەبۆتەوە بەڵکوو بۆتە ئۆلگووی ئەو رێبازە.

ئەوانەی فەرمانی شەهید کردنی قاسملوویان دەرکرد لە رادەی نفووزی مەعنەویی ئەو لە نێو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان باش ئاگادار بوون.ئەگەر بەشێک لە خۆشەویستیی قاسملوو بۆ خەباتگێڕیی ئەو،بۆ زانایی ئەو،بۆ دووربینیی ئەو،بۆ دیپلۆمات بوونی ئەو،بۆ خەڵکی بوونی ئەو و بۆ کارامەیی ئەو دەگەڕێتەوە،بێگومان بەشێکی بەرچاویشی هەڵقوڵاوی پابەند بوونی ناوبراو بە ئەسڵی "پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوایەتی لە سەرووی هەموو بەرژەوەندی یەکانە".ئەسڵێک کە قاسملوو کردییە چرای رێگای تێکۆشانی و هەتا ما پێی وەفادار مایەوە.

-ئوستڕالیا-٢٠٠٩/٦/١٠

# دوکتور قاسملوو، ڕێبەر و زانای ئاشتیخواز

بێهرۆز کوردئەحمەدی

چێ گــوارا، شۆڕشــگێڕی ئازادیخوازی ئەمریکای لاتین دەڵێ: *'ئەو کەسەکەپێش بەشەڕێک ناگرێ کەدەکرێ خۆی لێ لادەی، خاینە، هەروەک ئەوکەسەش کەپێشی شەڕێک دەگرێ کەلادانی لێ مەحاڵە، خەیانەت دەکا..."*

ڕێبەری زانا و شۆڕشگێڕی کورد دوکتور عبدالرحمن قاسملوو، ڕۆژی ١٣-٧-١٩٨٩، لەسەر مێزی وتووێژی ئاشتیی لەگەڵ نوێنەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەشاری ڤییەنی پێتەختی ئوتریش، کەوتەبەر دەسڕێژی ئەو بەناو دیپلۆماتانەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، گیانیان بەختی ئازادی و ئاشتیی لەکوردستاندا کرد.

ساڵی ١٩٧٩ بەهاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لەئێران، لەبەر ئەوەی خەڵکی کورستان بە وشیاریی و دووربینیی سیاسیی خۆیان، نەچوونەژێرباری هەڵبژاردنی نادێموکراتیانەی ڕژیمی ئیسلامی و، تێکڕا ڕەدی ئەو داوایەی خۆمەینییان دایەوەکەبەپێچەوانەی هەموو وادەو بەڵێنیەکانی سەبارەت بەدامەزرانی مەجلیسی موئەسێسان و هەڵبژاردنی ئازاد بە بەشداریی نوێنەرانی هەموو گەلانی ئێران، دەیەویست سەرجەمی خەڵک لەئێراندا — کەئەو بەئوممەتی ئیسلامی ناو دەبردن — دەنگ بەدامەزرانی کۆماری ئیسلامی، وەک تاقەئالتێرناتیف بدەن.

لەو دەمداو لەهەل و مەرجێکدا کەخومەینی وەک خوایەک چاوی لێ دەکراو سەرو ڕیشی لەمانگ دا دەبینرا و تاڵەمووی لەبەرگەکانی نێو قورئاندا بەرچاو دەکەوت و، هەر چەشنە نەیاری و بەرپەرچدانەوەیەکی ئەو، وەک کوفری موتڵەق لە قەڵەم دەدرا؛ دووربینیی سیاسی و ئازایەتیی کەم وێنەی خەڵکی کوردستان، بۆ وەستان لەبەرامبەر ئەو داواو لەڕاستیدا ئەو فەرمانەناڕەواو دیکتاتۆرانەیەدا، بوو بەهۆی ئەوەکەڕژیمی کۆماری ئیسلامی و خومەینی، تووشی شۆک و خۆفێکی چاوەڕوان نەکراو بوون و بەپەلەفەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان بەناوی جیهاد بەدژی کافران دەرکراو تەنانەت ئیدیعایان کرد کەئەرتەشی ئیسرائیل ئەوەلەکوردستان لەشاری سنەدا دامەزراوە!

لەڕاستییدا گرتنی ئەو هەڵوێستە بەجێیەکە٣٠ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانەوە دەرکەوت، نیشاندەری وشیاریی ڕێکخراوی سیاسیی کوردستان و بێشک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەرەوەی هەمووانەوە بوو، کەشەخسییەتێکی زانای بەهێزو سیاسەتمەدارێکی ئاشنا بەڕاز و ڕەمزەکانی سیاسەتی مودێڕنی چەرخی بیستەم وەک دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد.


پێش هەڵگیرسانی شەڕ بەدژی کوردستان، دوکتور قاسملوو لەیەکەم پەیامەڕەسمییەکانی خۆیدا ڕایگەیاند کەکوردستان شەڕخواز نیەو دەیەوێ لەڕێگای ئاشتی و هێمنانە، مافەکانی خۆی مسۆگەر بکا. زۆر بە ڕوونی باسی کرد کەگەلانی ئێران و یەک لەوان خەڵکی کوردستان بۆ هێنانەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی شۆڕشیان نەکردوە، بەڵکوو ئامانج لەڕاپەڕین و گۆڕینی سیستەمی سیاسیی ئێران، بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و سەقامگیرکردنی یەکسانی و گەیشتنی خەڵک — بەموسوڵمان و غەیرە موسوڵمانەوە - بەدێموکراسییەکی ئینسانی بووە.

ئەو پێش بینییە هەرە بەرزە سیاسییەو ئەو وشیارییەکەم وێنەیە، کەئەودەم زۆر کەس و ڕێکخراوی حەپەساندو زۆر تیر و تانەی ئەوانی هەم بۆ حیزبی دێموکرات و هەم بۆ خەڵکی کوردستان و هەمیش بۆ شەخسی دوکتور قاسملوو ڕاژاند، ئەمڕۆ دوای ٣٠ ساڵ دەرکەوتوە کەچەندە لەجێی خۆی دابووە.

دوکتور قاسملوو بێجگە لەوەکەلەبیر کردنەوەو لەڕاگەیاندنی هەڵوێستی سیاسیدا، پرس و ڕای بەهاوڕێیان و ڕاوێژکارانی دەکرد، زۆر جاریش لەهەر شوێن و ناوچەیەک هەوڵی دەدا، پرسیاریش لەخەڵکی ئاسایی لەهەر چین و توێژێک بکا. من وەک قوتابی و هاوسەنگەر و هاوڕێی دوکتور قاسملوو، فرە جار بەچاوی خۆم دیومە، کەئەو ڕیبەرەزانایە تێدەکۆشا ڕێبازی سیاسی و ستراتێژیی خەباتی خۆی و حیزب و گەلەکەی لەسەر ئەساسی پرسیار و ڕاو ڕاوێژ، نەک هەر لەڕێبەرایەتیی شۆڕشدا، بەڵکو لەپێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکدا بدۆزێتەوەو دەکاریان کا. بۆ وێنەساڵی ١٩٧٩ و پێش شەڕی ٣ مانگە، ئەو دەم کەدوکتور تازە لەتاران گەڕابۆوە شاری سنە، ئێوارە هەتا گەیشتن بەدەفتەری حیزب، ماشێنەکەی لەشەقامی فێردۆسی لای‌دا و کەسێک کەدوکانەکەی لەوێ بوو، بەناسینەوەی دوکتور، هاتەپێش و بەگەرمی سڵاو و چاکەی کردو داوای کرد کەدوکتور قاسملوو دابەزێ و چایەک بخواتەوە. دابەزین و چووین دانیشتین. بەدەم چاخواردنەوە، دوکتور لەوی پرسی باشەئێوەپێتان وایە خودموختاریمان بۆ وەردەگیرێ؟ ئەو پیاوەوریایەش (کەناوی نابەم) بەدەم لاتاو دادان بەخومەینییەوە، گوتی هیچمان پێنادرێ، خاسترە خۆمان فریو نەدەین! ئەم ئاخوندگەلەدز و درۆزنن!! ئەمەتەنیا نموونەیەک لەوشیاریی خەڵکی کوردستان و هەروەها وشیاریی دوکتور قاسملوویە کەجارەهای جارو لەبۆنەو کات و شوێنی تردا دوپات کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زۆر چاکی دەزانی کەفاشیزمی مەزهەبی، هیچ ڕێز و حورمەتێک بۆ مرۆڤ و ئازادی و دێموکراسیی دانانێ. بەڵام ئەو وەک ڕێبەرێک کەمتمانەی خەڵکی پێ بوو، نەیدەتوانی هەروا لەناکاو بەخەڵکی خۆی بڵێ هەستن شار و دێ بەجێ بێڵن، ئەمەبکەن و ئەوەبکەن. ئەو دەیزانی کەئەو ڕاستییە تاڵە، واتە کۆماری ئیسلامی، هەر چونێک بێ جڵەوی شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەدەستەوەگرتوە و ئیدەو ئامانجەکانی لێ‌دزیون، بۆیە دەبوو لەسەرەخۆ بجووڵێتەوە، تووشی بڕیاری بەپەلەو هەڵەنەبێ و هاوکات کەستراتژیی دیفاعی چەکدارانەدادەڕێژێ، چرکەیەکیش لەهەوڵدان بۆ خولقاندنی هەلو مەرجی هێمنانەو ئاشتییانە- تەنانەت لەگەڵ ڕژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی — نەوەستێ. ئەگەر دوکتور قاسملوو لەدەورانی شۆڕشداو هەتا ئەو کاتەکەلەژیاندا بوو، ساڵێ جارێک سەری ئورووپای دەدا، هەموو کۆششی ئەوەبوو کەوەک باڵیۆز و نوێنەری ئاشتی و ئازادی، ئیدەکان و ئاواتەکانی شۆڕش و خەڵکی کوردستان بەبیروڕای گشتیی دنیای ڕۆژئاوا بگەیەنێ و، هاوکات سیاسەت و کردەوەی دوور لەمرۆڤایەتیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا بکا.

**ڕوانگەی دوکتور قاسملوو لەسەر شەڕ**، زۆر جار لەوتار و نووسین و وتووێژو هەڵوێستەکانی‌دا بەئاشکرا دەردەکەوت. دوکتور قاسملوو دژی شەڕ بوو؛ ئەگەر فەرمانی دیفاعی بەپێشمەرگەدەدا، تەنیا بۆ ئەوەبوو کەنەدەکرا دەست لەسەر دەست دانێ و ڕێگا بدا لەشکری فریوخواردووی دەسەڵاتی حاکم، بەکوردستان وەربن و هاونیشتمانانی ئەو بکوژن. دوکتور قاسملوو شەڕی کوردستانی بەشەڕی دیفاعی دەزانی و ناو دەبرد. دەیگوت ئێمەنەچووینەسەر ماڵ و حاڵ و خاک و زێدی خەڵکی تر. ئەوەئەوانن، دوژمنە، کۆماری ئیسلامییە، کەبەناڕەوا پەلامارمان دەدەن و لێمان دەکوژن و کەرامەت و شەرافەتمان پێشێل دەکەن؛ ئەگەر دیفاع و بەربەرەکانێ نەکەین، لەبەرامبەری هەر پرەنسیپ و هەر ماناو نرخێکی ئینسانی‌دا، دادەمێنین و لەدوا ڕۆژدا مێژوو لەسەرمان دەنووسێ کەخۆیان حازر بوون زوڵم و زۆر قبووڵ بکەن، ترسەنۆک بوون، باوەڕیان بەمافی خۆیان نەبوو؛ ئەوەی داهاتووی کوردیش لێمان خۆش نابێ و بەبێ وەفا و بێ ئامانج و خوارەڕێ و نەزانمان لەقەڵەم دەدا...

**ڕوانینی دوکتور قاسملوو بۆ ئاشتییش**، پێوەندیی نزیک و بێ ئەم لاو لای لەگەڵ ڕوانگەی ئەو لەسەر شەڕدا هەبوو. زۆر جار دەیگوت و دەینووسی و ڕایدەگەیاند کەشەڕ، بۆ خولقاندنی ئاشتی دەکا. پیاوێک، مرۆڤێک، ڕێبەرێک، شۆڕشگێڕێکی وەک دوکتور قاسملوو لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا و لەهەلو مەرجی شەڕ و شۆڕشدا، جارێک کەسێک لەبیری نیە بەدەنگی بڵیند قسەی کردبێ؛ تەنانەت لەکاتی تووڕەییدا



لەسەرەخۆیی خۆی دەپاراست و هیچ کاتێک قسەی سووک و بێ بایی تەنانەت بەدوژمنەکانی قەستەسەری خۆی و گەکەلەی نەدەگوت کەوابوو دیارە مرۆڤێکی وا، خوازیاری ئاشتی و، نەیاری شەڕ و ماڵوێرانییە. ئەمەسروشت و ڕەوشت و مێنتالیتەی ئینسانەکەلەگەڵ هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەو بڕیاردان و کردەوەی دا، پێوەندیی نەپساوەی هەیە.

هەرچەند ئەم بەرامبەرکردن و موقایەسەیە لەجێی خۆی دا نەبێ، بەڵام هەموو خەڵکی دنیابەچاو دیتیان و بەگوێ بیستیان کەخومەینی لەگەڕانەوەی‌دا بۆ ئێران، لەوەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسەکەدا کەپرسی چ هەستێکت هەیە، بەنێو چاوانی گرژ و مۆن کەغەزەب و شەڕ و مەرگی لێ‌دەباری، گوتی هیچ! هەر زووش فەرمانی شەڕی داو کوردستان و ئێرانی لەچەندین شەڕی ماڵ وێرانکەردا بە فەتەرات داو هەتا جامی زەهریان لەگەرووی نەتکاند، هەدای نەداو ملی دانەنواند.

دوکتور قاسملووش کەدێموکراتێکی دنیادیدەی خوێندەواری مودێڕنی لاییک و پێشکەوتنخواز بوو، لەمەجلیس و دانیشتنی‌دا، بزەو قسەی خۆش لەسەر زاری ون نەدەبوو و تەنانەت لەکاتی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی سیاسیدا، تێدەکۆشی هەوای زاڵ بەسەر قسەکانی یا نووسینەکانی‌دا، دوور بێ لەوشەی ڕەقو، پڕ بێ لەشەپۆل و ئاواتی هێمنی و ئاشتی...

**ڕوانگەو ڕوانینی دوکتور قاسملوو لەسەر دیالۆگ و وتووێژیش زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو.** هەر لەڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، سەرەڕای ئەوەکەگەلەکەی دوکتور قاسملوو تووشی خەسارەت و ماڵوێرانیی شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامیی ببوو، هەموو جارێک ڕایدەگەیاند کەڕێگا چارەی مەسەلەی کوردستان ڕێگای ئاشتیخوازانەیە. بۆ ئەو مەبەستەش دیارەهەموو هەوڵی خۆی دەدا؛ ڕووی لەڕێبەرانی وڵاتانی ئورووپایی دەکرد و داوای لێدەکردن کەڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی تێ‌بگەیەنن کەکوردستان خوازیاری شەڕ نیە، بەڵام تەسلیمی بڕیاری زوڵم و زۆریش نابێ. ئەگەر دوکتور قاسملوو خوازیاری ئاشتی و بەرگریی لەشەڕ و، کۆتایی هێنان بەشەڕ نەبوایە، ئەوەندەی هەوڵ نەدەدا کەئاخرەکەی بەداخەوەلەداوی تێرۆریستان بکەوێ. دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری کەم هاوتای جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، بۆ زۆربەی ڕێبەران و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناسرابوو. ئەوان دەیانزانی کەرادەی خۆشەویستیی دوکتور قاسملوو لەنێو خەڵکی خۆیدا تا کوێیە؛ ئەوان دەیانزانی کەلەگەڵ ئەو کەڵەپیاوەیان پێ‌ناکرێ، بۆیەهەر لەزووڕا بڕیاریان دا کەگیانی پاکی بستێنن.

دوکتور ئەوەندە باوەڕی بەئاشتی هەبوو کەحازر بوو نوێنەرانی ڕژیمی ئیسلامی قبووڵ بکاو لەگەڵیان دانیشێ. ئەو دانیشتنەو ئاکامەکەی، بوو بەهۆی خەسارێکی گەورەو زیانێکی قەرەبوو نەکراو. خەسارێک نەک هەر بۆ کورد و کوردستان، بەڵکو بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بۆ هەموو جیهانیش. مەگەر کوردستان چەند دوکتور قاسملووی پەروەردەکردوەو دەکا؟ مەگەر ئێران چەند ڕێبەری ئاوا کارامەو زانا و مودێڕن بەخۆیەوە دەبینێ؟ مەگەر لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ وەیشوومەو شەڕ و دواکەوتوویی‌دا، چەند مودیری ئاشتیخواز و لێوەشاوەی وەک دوکتور قاسملوو هەیە؟ داخوا مەگەر جیهانی ئێمەگەیشتۆتە ئەو جێگایەکەئیتر پێویستی بە ڕێ نیشاندەران و مرۆڤ‌ناسان و ئاشتیخوازانی وەک دوکتور قاسملوو نەبێ؟!

ئەمڕۆ دوای ٣٠ ساڵ لەهاتنەسەرکاری ڕژیمی تێرۆر و مەرگ و خەفەقانی کۆماری ئیسلامیی و، پاش ٢٠ ساڵ تێپەڕبوون لەتێرۆر و مەرگی ناوادەی دوکتور عبدالرحمن قاسملوو، کەکۆماری ئیسلامی بەدوای بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆمار و، تێکچوونی پایەکانی هەموو درۆ و دەلەسەیەک، لە حاڵێکدا ئێران یەکپارچەئالۆزی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین بەدژی یەکێک لەڕەشترین دیکتاتۆرییەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە؛ یاد و ناو و لەهەموو گرنگتر بوونی ڕێبەرێکی لێوەشاوەو خۆشناو و دێموکراتی وەک دوکتور عبدالرحمن قاسملوو، کەڕێ پیشاندەری ئەم ڕاپەڕینەمەزنە بێ، لەهەموو کاتێک زیاتر هەست پێدەکرێ. بێ‌شک ئەم ڕاپەڕینەبەقازانجی خەڵک و بەقازانجی ئیدەکان و پێش بینییەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ئێرانێکی بەتەواویی ئازاد و کوردستانێکی ئازادتر تەواو دەبێ.

٢٠ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک دوکتور قاسملووی مەزن لەئارامگەی "پێرلاشێز"ی پاریسدا ئارامی گرتبوو، دوکتور "بێرنارد کۆشنێر"ی وەزیری دەوڵەتی ئەوکات و وەزیری دەرەوەی ئێستای فەڕانسە، لەبەر چاو و گوێی هەموو جیهاندا، ڕووی لەدوکتور قاسملوو کرد و وتی: *'بریا هەموو ڕێبەرانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەقەد تۆ دێموکرات دەبوون..."*


## "قاسملوو"

**لەسەر پردی شەقامێکی**
**شاری پاریس،**
**نزیک خورپەسانی**
**بارەگای گۆی "پێرلاشیز"**
**دڵم گوشرا لەناکاوێک،**
**کەهاتەبیرم**
**بەرزایی گیانی زیندووت...**
**دڵم گوشرا**
**کەبیرم... چوو**
**بۆ کەیکەشانی**
**ناوی قەت لەبیر نەچووت...**
**پرسیم***
**چی بوو ئەو سروەیە،**
**لە"ئەیفێل"یش بەرزتر فڕی؟**
**کێ بوو هات و،**
**خەمگینترین،**
**گۆرانیەکانی بۆم چڕی...؟!**
**وتیان**
**ئەوە قوتبە پیرۆزەی زانستە،**
**لێرە سەرخەوێک دەشکێنێ...**
**وتیان**
**ئەوەکۆترە نەخشینەی ئاشتی‌یە،**
**باڵەسپیەکانی**
**لێک دێنێ...!**

ژمارەی تایبەت

# دوکتور قاسملوو، ناسێنەری پرسی کورد بە ڕۆژئاوا

مستەفا شلّماشی




**(لە بارەی گرنگیی پە یدا کردنی دۆست و پشتیوان بۆ بزوتنە وەی کوردستان لە ڕوانگە ی دوکتور قسملوو و ڕۆلّی ئە و ڕێبەرە لە ناساندنی پرسی کورد بە ڕۆژئاوا دا.)**

من دوکتور قاسملووم لە چەند قۆناغی جیاوازدا ناسیوە. یەکەم جار کە ناوی ئەوم بە گوێ ئاشنا بوو، لە سیاسەت هەر تێنەدەگەیشتم. لاوێکی شازدە ساڵە بووم کە تەنیا هەستم بە چەوساوەیی‌و ژێر چەپۆکیی گەلەکەم کردبوو. غەمم لەوە دەخوارد کە کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانی جووڵانەوەی ٤٦ ، ٤٧ و بەشێک لە کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە باشووری کوردستان پەرش و بڵاو بوون و هەر کەس ڕووی لە جێگایەک بوو. ئەمن وەک لاوێکی کرچوکاڵی دەربەدەروناڕاستەوخۆ قوربانیی دەستی ڕژیمی سەرەڕۆی پەهلەوی، لە سەر کوتی جووڵانەوەی ٤٦، ٤٧ دا (بۆیە دەڵێم ناڕاستەوخۆ چونکە بۆ خۆم تا ئەو کاتە بەشدارییەکی ئەوتۆم لە جووڵانەوەدا نەبووە، بەڵکوو بە هۆی شەهید کرانی مەلا ئاوارەی برام و ڕاوەدوونانی براکانی دیکەم و بنەماڵەکەمان لە لایەن ڕژیمی پەهلەوییەوە تووشی ڕاکردن و ئاوارەیی ببووم) و تینووی تۆڵە کردنەوە. لەو سەردەمە دا تە نیا دوو ئارەزووم هەبوو، یەکەم کۆبوونەوەی هەموو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک ڕێکخراوداو دووەم بوون بە ئەندام و پێشمەرگە لەو ڕێکخراوەدا. ڕاست لەو سەروبەندەدا دەنگۆی هاتنەوەی دوکتور قاسملوو بۆ باشووری کوردستان بڵاو بۆوە. هە ر لەگەڵ ئەو دەنگۆیەدا باس لەوە دەکرا کە ئەو ئینسانێکی دیپلۆمات، زانا، سیاسی و هەتا بلێی کوردەو تەنیا ئەو دەتوانێ ئەو خەڵکە پەرش و بڵاوە لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوەو گوڕو تینێکی تازە بدا بە حیزبی دێموکڕات و جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەو ڕۆژانە خەبەری خۆش هەبوون. لە لایەک وتوویژی بارزانی لەگە ڵ حکوومەتی عێراق و بڵاوبوونەوەی بەیانی ١١ ئازار، لە لایەک هاتوچۆو لێک خڕبوونەوەی کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە پێکهاتنەوەی بنەماڵەی کوردی لە باشووری کوردستان لە ئارادا بوو. لە بیرمە براگەورەکەم جەنابی مامۆستا مەلا محەممەدی شلّماشی سەفەری بەغدای کردو چاوی بە دوکتور قاسملووو کەوت. کە گەڕایەوە گوتی مستەفا ئەو کابرایە شتێکی لە دەست دێ، دەڵێی خوا بۆ سەرۆکی دروست کردوە. هە م گفتوگۆی، هەم سەروشکڵی و هەم زانایی و دنیا دیدەییەکەی بۆ ئەو کارە دەست دەدەن. بە تەماشە هەموو کوردەکانی ئەو دیو لە دەوری خۆی کۆکاتەوە. کە ئەوەم بیست شاگەشکە بووم و هیوام تێگەڕا کە بەو زووانە دوو ئاواتە گرنگەکەم وەدی بێن.

> **کۆماری ئیسلامیی ئێران باش دەیزانی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە جووڵانەوەدا چییە، هەربۆیە تەنانەت بە شێوەیەکی ڕووهەڵماڵاوانە، لە سەر میزی وتووێژ، لە نیو جەرگەی وڵاتانی ئازاد دا پیلانی تیرۆری بۆ داڕشت و ئامادە بوو لەو پێناوەدا ئیمتیازی زۆر گەورەی ئابووری بدا**

هەر واش بوو، دوای ماوەیەک کۆنفرانسی ٣ گیرا، کومیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردراو دوکتور قاسملوو بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. منیش بەرەبەرە زۆرتر تێکەڵاوی حیزبییەکان بووم ، هەر چەند جارێ نەم دەتوانی ببمە ئەندامی حیزب. چوونکە تەمەنم نەگەیبووە ١٨ساڵان. بەڵام زۆری پێنەچوو کە حیزبی دێموکڕات لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا خۆی گرت و زۆربەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە دەوری خۆی کۆکردەوە. تەمەنی منیش گەیشتە ١٨ ساڵ و بووم بە ئەندامی حیزب و هەردووک ئاواتەکەم وەدی هاتن. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت تێگەیشتم کە تازە وردە وردە ئاواتە ئەسڵییەکانی خۆم و گەلەکەم لە مێشکم دا سەر هەڵدەدەن و ڕەنگە هەموو تەمەنیشم بەشی وەدیهاتنی بەشێکی بەر چاو لەو ئاواتانە نەکا. ئەوەی گرنگ بوو ڕێگای ناسینی دوکتور قاسملووم بۆ کرایەوە. تەنانەت چەند جار شانازیی ئەوەم هەبوو لە ماڵێ خۆمان بە خزمەتی بگەم و گوێ لە وتە بەنرخەکانی ڕاگرم.

هەر ئەو سەرو بەندی باس لە زانایی و دیپلۆمات بوون و کوردایەتیی دوکتوور قاسملوو دەکرا. لە نێو کۆڕو کۆمەڵی فەرهەنگی وسیاسیی کوردەکانی باشوری کوردستان دا کە ئەوکات زۆر کۆڕی سیاسی و فەرهەنگییان پێک دێنا و ئەمنیش بەهۆی کەسانی وەک مامۆستا هێمنی شاعیر، مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە و کاک کەریمی حیسامیەوە کە جاروبار سەریان لە سلێمانی دەداو ئەمیش لە گەڵ وان خۆم بە کۆڕە کان دا دەکرد، باسی بلیمەتیی دوکتور قاسملووم زۆر دەبیست. هەروەها باس لەوە دەکرا کە خەریکە جێ پێی خۆی و حیزب لە عێراق بەهێز دەکا و هەم لە لای کوردەکان و هەم لە لای دەوڵەتی عێراق ڕێزی تایبەتی لێ دەگیرێ. لە ڕاستییش دا هەروابوو. دەکرێ بلیمەتیی دوکتور قاسملوو لە باری دیپلۆماسییەوەو مێتۆدی ئەو بۆ کاری دیپلۆماسی و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتەکان، بێ ئەوەی سەر بەخۆیی لە بڕیاردان دا بکرێتە قوربانی، بە پێوانە کردنی ئە و پە یوەندییەی کە هەر لە سەرەتای وەدەست گرتنی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکڕات دا هەم لەگەڵ کوردی باشوور و هەم لە گەڵ دەوڵەتی عێراق دایمەزراند بپێورێ. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە زۆر بە حەق لە کورتە مێژووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا لەو بارەوە ئاوا دەڵێ:

هەر ئەو بناغە پتەوو دروستەی پەیوەندی لە گە ڵ دەوڵەتی عێراق بووە کە زۆر جار ئێمەی لە گرتنی هە ڵوێستی ناڕاست بەرامبەر بە بزووتنەوەی کوردی عێراق پاراستوە.

تا ئەو کاتە دوکتور قاسملوو بۆ من تەنیا فریشتەی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پێم وابوو ئێستا ئیدی ئامڕازی سەرکەوتنمان بە دەستەوەیە و زۆری پی ناچێ دەگەڕێینەوە زێدی خۆمان. بە پێکهاتنی کۆنگرەی ٣ ی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بەشداری کردنم لەوێدا دوکتور قاسملووم باشتر ناسی. یا باشترە بڵێم ئەو زۆرتر ڕووی دامێ و هەلی بۆ ڕەخساندم کە ڕووی قسە کردنم لەلای ئەو هەبێ‌و لە خۆم ڕاببینم ڕووبەڕووی دانیشم و تەنانەت پرسیاری لێ بکەم. بەتایبەت کاتێک زانی سەرەڕای وەدواکەوتن لە مەدرەسە دیسان دەستم بە خوێندن کردوەتەوە و لە ئاخر ساڵەکانی وەرگرتنی دیپلۆمدام، زیاتریش مەیدانی قسەی پی دەدام و وەڵامی پرسیارەکانی بە شێوەیەکی درێژتر دەدامەوە. هەر چەند بەداخەوە شانسی ئەوەم کەم بوو کە بەتیرو تەسەلی ببینم. چونکە دوکتور لەو کاتەدا بەشی زۆری کاتی خۆی لە دەرەوە بوو ئەگەر لە عێراقیش بوو، من لە سلێمانی و ئەو لە بەغدا. دیارە ئەو کەلێنەم بە خوێندنەوەی نووسراوەکانی لە ڕۆژنامەی کوردستان و بڵاوکراوەکانی دیکەدا پڕ دەکردەوە. بە هەرحاڵ هەر ئەوکات دوکتور قاسملوو بۆ من ئولگویەک بوو، کە زۆرجار ئاواتم دەخواست ، ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەرسەدێک لە زانایی و لێوەشاوەیی ئەوم بە نسیب ببێ. ئاواتیک کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، وەدی نەهاتوە.

بە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەمان بۆ نێوخۆی وڵات، تەنانەت هەلی وەم بۆ ڕەخسا کە لە نیزیکەوە لەگەڵ چەندین تایبەتمەندیی دوکتور قاسملوو ئاشنا بم. لە کاتی شەڕی سێ مانگەدا بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک لە ئاشی پشکاوێ لە نیزیک مەنزڵەکەی دوکتور قاسملوو میوان بووم. ئەمن تازە لە باشوری کوردستان ڕا گەڕابوومەوەو کارێکی ئەوتۆم نەبوو، جگە لەو وردەکارانەی کە جاروبار دوکتور پێی دەسپاردم. شەوانەش دوای نان و پەنیر و ترێ ڕەش خواردنەکە جار وبار دوکتور قسەی دەکرد و ئێمەش کەڵکمان وەردەگرت. ئەو کات زۆر جار دەچووە سەر وەزعی دنیا و باسی پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی و پێویستی ناساندنی مەسەلەی کورد لە نیو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دەکرد. باسی کار وباری دیپلۆماسیی دەکرت و شتی وای دێنا گۆڕێ کە بۆ من زۆر تازەییان هەبوو هەرچەند ئەو کاتە خۆم بە خوێندەوار دەزانی و چەند ساڵێکم لە کتێب خوێندنەوەو بەشداریکردن لە هەستەی موتالەعاتی دا بە سەر بردبوو، بەڵام زۆر سەرم لێ دەرنەدەکردن.

لە کۆنگرەی چوارەوە کە شانازیی ئەندامەتیی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانم پێ بڕا و هەلی ئەوەم دەست کەوت کە لە دەفتەری سیاسی دا بەردەوام پەیوەندیم لەگەڵ دوکتور قاسملوو هەبێ، تازە بە تەواوەتی دەریای زانست و لێوەشاوەیی ئەو بلیمەتەم دی. زاڵ بوونی دوکتور قاسملوو بە سەر هەموو ڕێچکەکانی زانستی دا ئەویان کردبوو بە سیاسەتمەدارێکی شاز لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا. ئەو لەگەڵ ئابووریزان ئابووریزان، لەگەڵ دیپلۆمات، دیپلۆمات لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناس و تەنانەت لەگەڵ شاعیرو ئەدیب، شاعیر وئەدیب بوو.

بە تایبەت باری دیپلۆماسییەکەی دوکتور قاسملوو زۆر سەرنج ڕاکێش بوو. لە دەفتەری سیاسی‌دا ئێمە زۆرجار میوانی گەورەی سیاسی و سەرکردەی سیاسیمان دەهات. هەر لە ڕێبەرانی کوردەوە، هەتا ڕێبەرانی ڕێکخراوە ئێرانییەکان، هەتا نوێنەرانی دەوڵەت، هەتا ڕۆژنامەنوسانی ناوچەیی و دەرەوە سەردانیان دەکردین. لە هەلو مەرجی جۆراوجۆردا، لە سەرکەوتن و تێشکان دا، لە هەموو ئەوکاتانەدا کە دەفتەری سیاسیمان لە مهاباد، لە سەر



شاخانی ناوچەی مهاباد، لە شیوەجۆی ناوچەی سەردەشت، لە مەزناوێی ناوچەی سەردەشت، لە گەلاڵێی باشووری کوردستان و لە گەورەدێی باشووری کوردستان لە نیزیکەوە ئاگام لە هەڵس و کەوتی دوکتور قاسملوو بوو. لەو دیدارانەدا، قەت نەم دی، ڕێبەرایەتیی دانیشتنەکەی لە دەست دەر بهێنرێ. دوکتور قاسملوو بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و دەرخستنی زانستی خۆی کارێکی وای دەکرد کە میوانەکان زۆرتر دەبوونە گوێگر هەتا وتەبێژ. دوکتور هەمیشە بە سەر دانیشتنەکاندا زاڵ بوو ، بە جۆرێک کە سەرکردە بە ناوبانگەکانیش، بە دڵخوازی خۆیان ڕۆڵی سەرکردەی کۆبوونەوەکەیان پی دەسپارد.

ساڵی ١٩٨٣ ی میلادی کە ئەمن بۆ شەش مانگان وەک بەرپرسی حیزب لە دەرەوەی وڵات لە پاریس بووم، هەلێکی باشتریشم بۆ ڕەخسا تا دوکتور قاسملووی دنیادیدە و بلیمەتی دیپلۆماسی باشتر بناسم. لە دیدارەکانی‌دا لەگەڵ زۆر کەسایەتیی کورد، ئێرانی و ئورووپایی دا، لە بەشداری کردنی دا لە کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکاندا، لە شێوەی باس کردن و قەناعەت پێکردنی دا، زۆر کەڵکم وەرگرت و لێی فێر بووم. دەتوانم چەند وێنەیەک باس بکەم کە هەر لەو ماوە کورتە دا دوکتور قاسملوو بە ڕاستی هونەر نمایی تێدا کرد.

_هەر ئەوکات کۆنگرەی ساڵانەی حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە بوو کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش دەعوەت کرابوو. ئەمن لە خزمەت دوکتور قاسملوودا وەک نوێنەرایەتیی حیزب چووین بۆ کۆنگرەکە لە شاری "لیۆن" بەڕێوە چوو. لە نێو هێزە کوردییەکان دا لە بیرمە بەڕێز مام جەلالیش لەوێ بوو، کە نوێنەری ئەو کاتی یەکیەتیی نیشتمانی لە فەڕانسە بەرێز ئەحمەد بامەڕنیشی لەگەڵ بوو. لە ماوەی دوو ڕۆژدا ئێمە توانیمان لەگەڵ ١٢ هەیئەتی نێونەتەوەیی حیزبی و دەوڵەتی دا چاو پێکەوتن بکەین. من بە ئینگلیزییە کەچ و کروچەکەی خۆم ڕووم لە هەر هەیئەتێک دەکرد و پێشنیارم دەکرد لەگەڵ ڕێبەرمان دوکتور قاسملوودا دیدار بکەن نەیان دەگوت نا فەورەن قەرارمان دادەنا. لەو دانیشتنانەدا سەرنجم دەدا دوکتور لە هەموو ئامرازەکان کەڵکی وەردەگرت بۆ زاڵبوون بەسەر کەش و هەوای کۆبوونەوەکەدا. بە باسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و



# لەبارەی د. قاسملووە وتراوە:

ئێمە دوکتور قاسملوومان بە دێمۆکراتێکی گەورەو سەرۆکێکی مەزن ناسیبوو کە دەیویست ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی گەلەکەی بە مافی بەرانبەر لەگەڵ گەلانی دیکەو یەکگرتنێکی دۆستانەو ئازادانە بگەیەنێ.

**هانس کوشنیك بەرپرسی کۆمیسیۆنی نێونەتەوەیی**

**هانس ئیبر هارد دینگلین بەرپرسی دەبیرخانەی نێونەتەوەیی حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی ئاڵمان**

***

دوکتور قاسملوو خاوەن ئەو تایبەتمەندییە بوو کە وێڕای هەست کردن بە بەرپرسایەتییەکی گەورە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەك بە مەبەستی ئازادی گەلی کورد تێ دەکۆشا کە تا ئەو جێیەی دەکرێ ڕادەی قوربانییەکانی ئەو ڕێگەیە کەم بکاتەوە. ئێمە دەزانین کە هۆو مەبەستی هەوڵدانەکەی بۆ وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی ئێرانیش هەر ئەوە بووە.

**یورگین رینتس لە دەفتەری فیدڕاڵی حیزبی سەوزەکان (ئالمان)**

***

بە لە دەست چوونی کاك قاسملوو هێزە چەپ و دیمۆکراتیکەکانی ئێران شەخسییەتێکی خەباتگێڕ، سیمایەکی گەورەو جێی بڕوا لە ئاستی میللی و نێونەتەوەیی دا لە دەست دا.

**کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتیکی خەڵکی ئێران**

***

ئەم شەهیدە بەڕاستی ڕێبەرێکی سیاسیی لێهاتووو شەخسییەتێکی ناسراو بوو لە سەر ئاستی کوردستان و جیهان دا.دوکتور قاسملوو لەپێناوی زامن کردنی تەواوی مافە رەواکانی گەلی کورد لە سەر بنچینەیەکی دیمۆکراسییانە هاتبووە مەیدان و هەر لەو ڕێگەیەش دا شەهید کرا.

**بەرەی کوردستانی عێراق**

***

ئێمە دڵنیاین ئەو پیاوکوژانەی کە ئەم تاوانە دڕندانەیان ئەنجام دا، لە توانا و زیرەکی و لێهاتوویی ئەو کەڵە سەرکردەیە زەندەقیان چووبوو.

**لە پەیامی هاودەردی کۆمیتەی بەڕێوە بردنی مەڵبەندی رۆشنبیریی کورد لە لەندەن**

***

....دوکتور قاسملوو ڕێزێکی یەکجار زۆری لای دیمۆکراتەکانی سەرانسەری جیهان بە تایبەت سۆسیال دیمۆکراتەکان هەبوو. ئەو سەمبولی خەبات لە ڕێگەی ئازادی و دیمۆکراسی و دادپەروەری بۆ زۆر لێکراون بوو.

**لە پەیامی پیەر مۆروا سەرۆکی پێشووی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست**

***

عەبدولڕەحمانی قاسملوو مرۆڤدۆست و لایەنگری ئاشتی بووو باوەڕێکی قووڵی بە ئاشتی هەبوو. لە سەر بناخەی ئەو باوەڕەش بوو کە پێی وابوو توندوتیژی و چەك، لەگەڵ پێکەوە ژیانی بە ئاشتیی ئینسانەکان و لێك تێگەیشتنی ئەوان، نەگونجاوو ناتەبان.

**وتاری مادام دانیەل میتران سەرۆکی بنیاتی فرانس لیبرتە**

***

ئەوان لە پەیامی ئاشتیی ترسان بۆیە پێغەمبەری ئاشتیان کوشت

**لە قسەکانی دوکتور بێرنارد کۆشنێر**

***

دوکتور قاسملوو ئەنسیکلۆپیدیایەکی زیندوو بوو

**کریس کۆچێرا**

***

لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی قاسملوو، دەتوانم بیری کراوەو بەرین روانینی ئەو لە بارەی مەسەلەکانی جیهانەوە، ناو بەرم. روانین و بۆچوونەکانی وی لە چوارچێوەی تەنگی ناوچەدا، بەرتەسك نەدەبوونەوە، لەو بارەوە ئەو لەگەڵ هەموو شەخسییەتە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە جیاوازی هەبوو.

**وتاری بەڕێز ئالین شێنال دەبیری نەتەوەیی حیزبی سۆسیالیستی فەڕانسە لە کاروباری مەدیتەرانە دا**

***

پێم وایە ئەو رەسمی گەورە پیاوانی هونەرو سیاسەتە دەبن بە ئاوێنەیەکی گەورە لە بەرانبەر میللەت و کۆمەڵی خۆیان دا تا هەموو لا بتوانن خۆیانی تێدا ببینن.

**وتاری دوکتور کەندال نزان، سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس**

***

بزووتنەوەی کوردستان بۆ زۆر لە دەسکەوتەکانی خۆی قەرزداری زانایی و زیرەکیی سیاسیی قاسملوویە.

**مێهدی خانبابا تێهرانی**

***

## لە وتەکانی دوکتور قاسملوی نەمر

### جێگەی ژنان لە کۆماری ئیسلامی دا

لە حاڵێك کە ژن ئیلهامدەری هونەرمەندان بۆ خولقاندنی بەرهەمەکانە، تەعلیماتی کۆن و رزیوی خومەینی مەقامی ژنی هێناوەتە خواروو کردوویەتی بە بوونەوەرێکی چادربەسەر، رەشپۆش و بێ مایە، بوونەوەرێك کە شیاوی کۆیلەتییە، مەجبوورە لە ماڵ دا زیندانی بێ بۆ ئەوەی خزمەتی پیاوان بکاو دوور لە کۆمەڵی پیاوان درێژە بە ژیانی خۆی بدا.

وتاری " سەبارەت بە فەرهەنگ "کوردستان" ژمارە ٩٤

### مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان

...ئێمە لە کوردستان دەرسی نیشتمانپەروەری دەدەین بە خەڵك و هەرچەند داوا لە پێشمەرگەکان دەکەین کە ئازایانە دژی دوژمن شەڕ بکەن و بۆ وەدەست هێنانی ئازادی تێ بکۆشن، هەر لەو کاتەش دا فێریان دەکەین کە چۆن بژین. چونکە ئامانجی هەرە بەنرخی ئێمە لە مردن، لە خەباتێکی زەرووری و خوێناوی دا کە بە سەریان دا سەپاوە، وەدەست هینانی ئازادی بە مەبەستی باشتر ژیانە.

وتاری " سەبارەت بە فەرهەنگ "

### تەنیا تاوانی خەڵکی کوردستان هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە

تاوانی خەڵکی کوردستان تەنیا ئەوەیە کە ئامادە نین دان بە دەسەڵاتی سەدەکانی نێوەڕاستی ئاخوندەکان دا بێنن و بۆیە کەوتوونەتە بەر رق و تووڕەیی لە رادەبەدەری خومەینی و دەست و پێوەندەکانی .

بەشێك لە پەیامی د.قاسملوو بۆ رێکخراوو کەسایەتیو هاونیشتمانان لە دەرەوەی وڵات " جامعە نوین و دمکراتیك کردستان ، ژمارە ٤

### کوردستان سەنگەری ئازادیی سەرانسەری ئێران

خەڵکی کوردستان داوای " دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان " دەکەن ، ئەوان لە بەرانبەر دەسەڵاتی کۆنە پەرستانەی ئاخوندەکان دا نەك هەر بەرگری لە بایەخە ئینسانییەکانی خۆیان دەکەن بەڵکو بۆ ئازادیی سەرانسەری ئێران تێ دەکۆشن، ئەو شانازییەش بۆ هەتا هەتایە بۆ خەڵکی کوردستان دەمێنێتەوە کە لە قۆناغە هەرە سەختەکانی مێژووی هاوچەرخی وڵاتەکەمان دا کوردستانیان کردۆتە سەنگەری رزگاریی سەرانسەری ئێران و بۆ پاراستنی ئەو سەنگەرەش گیانی خۆیان بەخشیوە.

سەرچاوەی پێشوو

### خەباتگێڕانی رێگەی ئازادی کێن ؟

خەباتگێڕانی رێگەی رزگاریی ئێران هەر ئەوانە نین کە چەکیان لەشانەو لە بەرەکانی شەڕدا دژی رێژیمی ئاخوندی شەڕ دەکەن ، بەڵکوو تێکڕای ئەوانە کە بە گوێرەی توانای خۆیان بەگیان ودڵ بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەربەرەکانی دژی رێژیمی ئاخوندی دا بەشدارن، تێکۆشەرانی رێگەی ئازادین

سەرچاوەی پێشوو

**درێژەی**

# دوکتور قاسملوو،ناسێنەری پرسی کورد بە ڕۆژئاوا

تەنانەت قسەی خۆش و نوکتە هێنانەوەو شیعر خوێندنەوە ئەوەندەی ڕێز بۆ خۆی بەدەست دێنا کە ئەگەر دوایە نەتیجە گیرییەکی سیاسیی دەکرد، لایەنەکەی بەرامبەری لە پەسندکردن زیاتر هیچی بۆ نەدەمایەوە. لە ئاخری کۆنگرە دا کۆبوونەوەیەکمان هەبوو لەگەڵ نوێنەرایەتیی یەکیەتیی نیشتمانی. مام جەلال ڕووی لە دوکتور کرد گوتی سەرتان زۆرقاڵ بوو، ئاگادار بووم هەیئەتی زۆرتان دین، بێشک بە وردەکاریی دیپلۆماتیکی خۆت مەسەلەی کوردت وا پێناساندوون ئیدی لە بیریان نەچێتەوە.

کریس کۆچێرا ڕۆژنامە نووسی فەڕانسەویی کوردناس، سە بارەت بە دوکتور قاسملوو ئاوا دەڵێ:

قاسملوو کە بە ٦ تا ٧ زمان قسەی دەکرد، زۆر بە فەرهەنگ، خاوەنی هۆشێکی لە ڕاددەبەدەرو خۆش مەشرەفییەکی هەموو لایەنە بوو. ئەو خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆیە کە دەتوانێ لە وەڵاتێکی پان و بەرینی وەک ئێران دا خودموختاری بۆ گەلەکەی دابین کا.

_ لە شوڕای میللیی موقاوەمەت دا کە ئەوکات ماوەیەک بوو لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان هەڵکێڵابوو، بە هۆی ئەوەی کە لە بەرامبەر هێژەمۆنی تەڵەبییەکانی موجاهیدین و خۆبەزۆرزانییەکانی بەنی سەدر دا ڕادەوەستا، من دوو جار لە گەڵی بووم. دوکتور قاسملوو بە سەر کۆبوونەوە کان دا زاڵ بوو جێگایەکی گەورەی بەتایبەتی لەلای کەسایەتییە ناودارەکانی وەک دوکتور مەتین دەفتەری، دوکتور پاکدامەن، دوکتور هەزارخانی ....و بە دەست هێنابوو. بەجۆرێک کە مەسعوودی ڕەجەوی و بەنی سەدریش زۆر حیسابیان لێ دەکێشاو لە ڕاستیدا بە جۆرێک خۆیان لەوە دەپاراست کە لەگەڵی بکەونە موناقەشەی دوورو درێژەوە. بە تایبەت بەنی سەدر خۆی لە قەرەی نەدەدا.

_ دوکتور قاسملوو زۆر لە بیری ئەوەش دا بوو کە بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بە دنیای دەرەوە، هەماهەنگی و یەکیەتییەک لە نێو هێزە کوردیەکانی سەرانسەری کوردستان هەبێ. بە تایبەت کۆدەنگی بەرەوڕووی دنیای دەرەوەی بە پێداویستییەکی گەورە دەزانی. هەر لە سەر داوای ئەو ساڵی ١٩٨٣ کۆبوونەوەیەک لە نێوان ٣ حیزبی گەورەی ئەوکاتی کوردستان واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سوسیالیستی باکوری کوردستان پێک‌هات کە میواندارەکەی حیزبی ئێمە بوو. لەلایەن یەکیەتیی نیشتمانییەوە دوکتور کەماڵ فواد، لەلایەن حیزبی سوسیالیستەوە کاک کەماڵ بوڕقای و لەلایەن حیزبیشەوە من لە خزمەتیان دابووم. دوکتور قاسملوو گەڵاڵەیەکی پیشنیار کردبوو بۆ هاوکاری بە تایبەت لە دەرەوە و بۆ خۆشی لە زۆر بوارەوە زەمینە سازیی بۆ کردبوو لە نێو کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا. بە داخەوە ئەو پڕۆژەیە دواتر پاشگوێ خرا، ئەگەر لەو کاتەوە کورد لە دەرەوە یەک دەنگی هەبایە، ئێستا کارمان لە جێگایەکی دیکە بوو.

بە ڕاستی دوکتوری شەهید ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ناساندنی مەسەلەی کورد بە بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی و بۆ خۆشی باشترین باڵوێزی کوردستان بوو لە دەرەوەی وڵات. لە هەشتاکان دا دەفتەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پاریس کە بە هەوڵ و کۆششی ئەو دامەزرابوو، وەک سەفارەتێکی هەموو کوردستان چاوی لێ دەکرا و هێزە سیاسییە کوردیەکان کەڵکیان لێ وەردەگرت. دوکتورقاسملوو هەوڵی دەدا لە نێو هەمو بوارەکان دا و لەهەموو وڵاتەکان دۆست بۆ کورد و جووڵانەوەکەی پەیدا بکا. بە هەوڵ وکۆششی ئەو دەیان ڕۆژنامەنووس، دوکتوری بێ سنوور، کەسایەتیی سیاسی، ڕێبەری وڵاتان ، هونەرمەندو تەنانەت تێکنۆکڕات بوونە دۆستی کورد. سەردانی کوردستانیان کرد، بیمارستانی گەڕۆکیان لە شاخێکەوە بۆ شاخێکی دیکەی کوردستان دەگواستەوە و لە وهڵاتەکانی خۆیان دا پێشوازیان لە پێشمەرگە بریندارەکان، یا لە خوێندکارەکان دەکرد.

دوژمنی غەدداری کورد، کۆماری ئیسلامیی ئێران باش دەیزانی ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە جووڵانەوەدا چییە، هەربۆیە تەنانەت بە شێوەیەکی ڕووهەڵماڵاوانە، لە سەر میزی وتوویژ، لە نیو جەرگەی وڵاتانی ئازاد دا پیلانی تیرۆری بۆ دارشت و ئامادە بوو لەو پێناوەدا ئیمتیازی زۆر گەورەی ئابووری بدا. بە هیوای ئەوەی داوێنی دایکی نیشتمان بتوانێ دیسان ڕۆڵەی وەک دوکتور قاسملوو پێشکەش بە بزاوی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بکا. چونکە بەراستی پێویستمان بە بلیمەتی ئاوا زۆرە.

٢٥ /٦ /٢٠٠٩

هولەند

# روانگەی د. قاسملوو لە سەرنەتەوە (ملت) و ناسیۆنالیسم

لوقمان زەهرایی




زۆرلە شۆوینیستە فارسەکان بۆ ئەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد بشێوێنن ،هۆوییەتی کوردی بە ئێرانی بوونیەوە وەکوو چەمکێکی سیاسی دەبەستنەوە وکورد وەکوو" قوم" پێناسە دەکەن وهەموو کات ئیدەعای ئەوە دەکەن کە کورد ناتوانێ پێناسەی نەتەوە بوون بۆ خۆی بکا، چونکە تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوەی تێدا نیە و کورد یەکێک لە "ئەقوامی ئێرانیە ". ئەو ڕەگەزپەرستانە، نەک " لە بەر حوببی عەلی بەڵکوو لە بەربوغزی عومەر" پەنا دەبەن بۆ ئەو ڕستەیەی کە گۆیا د.قاسملوو پێش زیاترلە ٢٠ ساڵ لە مەوبەرکوتویەتی کە " کورد لە هەرئێرانییەک ئێرانیترە". یانی بە کەڵکی خراپ وەرگرتن لەو مەسەلەیە دەیانهەوێ وانیشان بدەن کە بەڵێ د. قاسملووش کوردی وەکوو نەتەوە پێناسە نەکردوە ولە روانگەی ئەویشەوە کورد یەکێک لە "ئەقوامی" ئێرانییە. هینێدێک لە ئەحزابی بە ناو چەپی کوردیش بە تایبەت هی رۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆیان زیاتر وەکوو حیزبی سەراسەری پێناسە دەکەن سالانێکی دوورو درێژە کاریان بۆتە هێرشی ناڕەوا بۆ سەر ناسیۆنالیزمی کوردی وبە کۆنەپەرست ودژ بە ئازادی ومافی یەکسانی ژن وپیاو تاوانباری دەکەن و، هەموو هەوڵ وفکریان ئەوەیە کە بە قەولی خۆیان پێش بە گەشە کردنی بیری " ناسیۆنالیزمی کۆنەپەرستانەی کوردی " بگرن وستراتیژی تێکۆشانی سیاسییان بۆتە دژایەتی بێ بنەما لە دژی کورد وخەباتە ڕزگاریخوازییەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. لە ڕاستیدا لێکدانەوەی ئەو بە ناو کۆمونیستانە دژایەتی تەواوی هەیە لە گەڵ بۆچوونەکانی مارکسیستەکان ولە سەرەوەی هەمووان لنین کە بڕوای بە دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ گەلانی ژێرستەمی گەلانی حاکم هەیە. لەو پێوەندییە دا، دواتر ئاوڕێک لە بیروئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو دەدەمەوە وکتێبی "کردستان وکرد" لە نووسینی ئەو رێبەرە لێوەشاوەیە دەکەم بە بنەما بۆئەو بابەتە.

بە بڕوای من دوکتور قاسملوو خاوەنی چەندین کەسایەتی بووە کە دەکرێ بەم جۆرە دابەشیان بکەم.
یەکەم : دوکتور قاسملوو دێموکراتێکی چەپ بووە وبڕوایەکی قوولی بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ ویەکسانیی ژن وپیاوهەبووەو هەردەم تێکۆشاوە بنەما دێموکراتییەکان لە نێو حیزبی دێموکرات وکۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان داجێگیربکا.
دووهەم : دوکتور قاسملوو سۆسیالیست بوو، ئەو بڕوای بە دابین کردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان وعەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبوو. بۆ ئەو مەبەستەش ڕای وابوو کە سۆسیالیزم بە بێ دێموکراسی ناتەواوە وهەربۆیە "کورتە باس" هێنایە نێو حیزبی دێموکرات وتێ کۆشا " سۆسیالیزمی دێموکراتیک" ببێ بە ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دێموکرات وتاکوو ئێستاش ئەو دروشمە بە برێک ئالوگۆر لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەیە.
سێهەم: دوکتور قاسملوو باوەڕێکی قوولیشی بە نەتەوە بوونی کورد هەبوو. دەکرێ بلێم ئەو لایەنەشی بە هێزبووە وئەوەش لە رۆانگەو بۆچوونەکانی خۆیدا، بە تایبەت لە کتێبە مێژووییە بە ناوبانگەکەی " کردستان وکرد" دا بە ڕوونی خۆی دەردەخا. هەروەها بیروبۆچوونی هاوسەنگەرانی کە لە نزیکەوە لە گەلی ژیاون وبە باشی ئاگاداری روانگەکانی بوون، ڕاستیی ئەو بۆچوونە دەردەخا. روانگەی ناسیۆنالیستیی دوکتور قاسملوو، تاریف ولێکدانەوەی ئەو بۆ نەتەوە تەوەری سەرەکیی بابەتەکەی من پێک دەهێنن وبۆ ئەومەبەستەش هەولم داوە بە پێی توانا روانگەکانی ئەو رێبەرە کاریزماتیکەی گەلی کورد بخەمە بەر لێ کۆلینەوە.

ماموستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەلێ: " دوکتورقاسملوو لە ڕێگای دابین کردنی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دا تێ دەکۆشا. هەولی دەدا چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان بۆ هەتاهەتایە لە نێو بچێ و چارەنووسی گەلان بکەوێتە دەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان. ئەو ئیمانێکی قوولی بە دێموکراسی هەبوو. بۆجێگیربوونی دێموکراسی لە نێو ریزەکانی حیزب ولە نێوکۆمەڵ دا بە هەموو توانایەوە تێ دەکۆشا وئەگەرجاروباریش لە ئاکامی برەو پێدانی دێموکراسی دا زیانێک بە حیزب گەیشتبا، دوکتور قاسملوو دەی گوت، ئەمە باجی دێموکراسییەوکەسێک دێموکراسی بوێ، دەبێ باجەکەشی بدا. دوکتور قاسملوو نیشتمانپەروەرێکی کورد بوو. باوەڕی تەواوی بە چارەنووسی هاوبەشی گەلی کورد هەبوو، سەرکەوتن وتێک شکانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان بوایە بە سەرکەوتن یان تێک شکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دادەنا ولەو ڕێگایەش دا زۆر جار بە دروستی دەزانی قازانجی کاتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان فیدای قازانجی ستراتیژیکی گەلی کورد بکا. (نیوسەدە تێکۆشان، بەرگی دووهەم، ل. ٢٠٧ ـ ٢٠٨).

کاک حەسەن ڕەستگارلە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەلێ " ئەوەندەی ئەمن لێێ حاڵی بم، ئەوفکری بە لای باری ناسیۆنالیستی دا زۆربە قووەت بوو. دوای ئەوەی کە دوکتوراکەی وەرگرت و، تێزی دوکتوراکەی کە کتێبی " کوردستان وکورد" ە نووسیویەتی، ئەگەر تەماشای بکەین، دیارە لە وێ مەراعاتی زۆر شتی کردوە کە بۆ وەی کتێبەکە چاپ بێ یان ئەسلەن بۆ خۆی عەقیدەی وابوو، ئەوەی نازانم، بە لام بە باری ئەوەی دا کە میللەتی کورد میللەتێکی گەورەیە وحەقی سەربەخۆیی هەیە وحەقی ئازاد بوونی هەیە تەئسیری زۆرلە سەر شەهید دوکتورقاسملووهەبوو بۆئەوەی ببێتە کوڕی میللەتی خۆی ولەو ڕێگایە داهەوڵ بدات وڕاشی وابوو کە حیزبێکی کوردی دەبێ موستەقیل لە ئەحزابی دیکە بێت، مەسەلەن لە حیزبی تودەی ئێران کە حیزبێکی سەرتاسەری بوو. ئەو فیکرە لە وی دا تەقوییەت ببوو کە کورد بۆ خۆی لیاقەتی ئەوەی هەیە کە حیزبی خۆی هەبێ، سەربەخۆ بێ، بۆ خۆی بڕیاربدا وبە قەولی دەلێن نۆکەری هیچ حیزب و سازمانێکی دیکە نەبێ. (دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێرن وشۆرشگێرێکی دێموکرات، ل. ١٥٠ ـ ١٥١).

دوکتورکەماڵ مەزهەرئەحمەد لە بابەت کەسایەتیی دوکتور قاسملوو دەلێ: " عیشقی شەهید د.قاسملوو بەرانبەر کورد و کوردستان بێ ئەندازە وبێ سنوربوو، لە بن نەدەهات، کەس بەرلەو نەیتوانی بە ڕادەی ئەو تینی ئەوعیشقە پیرۆزە بگەیەنێتە ناو خاکی ئەورووپاوە، هەستی دەیان ودەیان سیاسەتمەداروکەسایەتی وڕۆژنامەنووسی ئەورووپی بە ناوبانگی بە لای کێشەی نەتەوەیی کورد دا ڕاکێشا. (دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مودێرن وشۆرشگێرێکی دێموکرات، ل. ١٧٤).



بە چاوخشاندنێک بە کتێبی "کردستان وکرد"ی د.قاسملوو کە یەکەم جار بە زمانی چەکی ولە ساڵی ١٩٦٢ لە ولاتی چێکۆسلۆواکی دا بلاو بۆتەوە بە تەواوی چەواشە کاریی پان ئیرانیستەکانمان بۆ دەردەکەوێ. د.قاسملوو لە تاریف کردنی نەتەوە وناسیۆنالیسم و تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوە وناسیۆنالیسمی کوردی نەک هەر کورد بە "قەوم" پێناسە ناکا، بەڵکوو بە خستنە ڕووی کۆمەلێک بەڵگە نیشانی دەدا کە کورد نەتەوەیە ولە سەرئەو باوەڕەیە کە کورد مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆی هەبێ وناسیۆنالیسمی کوردیش بە دێموکراتیخواز ودژی ئیمپریالیست پێناسە دەکا وبۆ ئیسپاتی هەرچی زیاتری ئەو بۆچوونەی خۆی ئاماژە بە قسەکانی لنین دەکا کە کوتویەتی " ناسیۆنالیزمی بورژوازی هەرکام لە نەتەوەکانی ژێر ستەم ناوەرۆکی دێموکراتیکی هەیە کە دژی زوڵم وستەم وچەوسانەوەیە و ئێمە بە تەواوی پشتیوانی لە ناوەرۆکی دێموکراتیکی دەکەین". (کردستان وکرد، ل. ٣١٢).

لە بەشی سێهەم، فەسلی دوازدەهەم لە چاپی فارسی کتێبی( کردستان وکرد) دا لە لێکۆلینەویەک کە لە سەرنەتەوە کراوە، لە باسێک لە ژێر ناوی " **کامڵ بوونی نەتەوەیی گەلی کورد**" دا د.قاسملوو بە هێنانەوەی کۆمەلێک بەڵگە ئیسپاتی دەکا کە کورد نەتەوەیە نەک " قەوم ". بەرێزی بۆ ئەومەبەستە دوو پرسیاری گرینگی هێناوەتە بەر باس. یەکەم " ئایا دەکرێ کوردەکان وەکوو نەتەوە پێناسە بکرێن ؟ ". دووهەم" ئایا باشترنیە کە کوردەکان وەکوو کەمایەتییەکی میللی چاو لێ بکرێن ؟". د. قاسملوو بۆئەو مەبەستە لێکدانەوەی خۆی لە مەڕ تاریف ومانا کردنی نەتەوە بە وشێوەی کە لە خوارەوە دێ دەخاتە ڕوو. (وەرگێرانی لە فارسیەوە بۆ کوردی لە لایەن نوسەری بابەتەوە ئەنجام دراوە، هۆیەکەشی ئەوە بووکە چاپی کوردییەکەیم دەست نەکەوت).
" زۆر جار وشەی " نەتەوە" بە دروستی مانا نەکراوتەوە، بەلام زانستی سەردەم چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆمانای ئەو وشەیە داناوە. نەتەوە کۆمەلێک لە ئینسانەکان دەگرێتەوە کە لە ڕەوەندی مێژوویی دا سەریان هەلداوە وجێگیربوونە. کۆمەلێک لە ئینسانەکان تەنیا دوای تێپەرکردنی دەورانێکی دیاریکراو لە پێشڤەچوون پێناسەی نەتەوەیان بۆ دەکرێ.

بە لام ئەوەی ڕاستی بێ بناغە وژێرخانی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە پەیوەندیی بە گەشە کردنی سەرمایەدارییەوە هەیە وئەو نەتەوانە هاوڕا لە گەڵ گەشە کردنی نیزامی سەرمایەداری جێگیر بوون. شتێکی ڕوونە کە بنچکەی گەشە سەندنی نەتەوەکان بۆ نیزامەکانی ڕابردووی کۆمەلگا لە سەردەمی کویلەداری و دەرەبەگایەتی دەگەرێتەوە. بە لام سەرەڕای ئەمانەش ،بۆئەوەی کە کۆمەلێکی ئینسانی وەکوو نەتەوە پێناسە بکرێ، بوونی هینێدێک شەرت و شرووت پێویستە کە گرینگترینیان بریتین لە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، ژیانی ئابووریی هاوبەش وداب ونەریتی هاوبەش کە لە ژیانی فەرهەنگیی نەتەوە دا ڕەنگ دەداتەوە. پێشتر ئاماژەمان بەوە کردبوو کە گەلی کورد کۆمەڵێکی ئینسانییە کە خاوەنی رابردووی مێژووییە ولە سەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە پێناسە کراوە ".( کردستان وکرد، ل. ٣٠٠).

" ئێستا با بزانین ئەوتایبەتمەندییانە ی کە کورد وەکوونەتەوە پێناسە دەکەن کامانەن؟ هەروەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، زمانی کوردی، زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە وبوونی جیاوازیی بچووک لە نێوان زاراوەکانی کوردی دا ڕاستیی ئەو مەسەلە یە ناگۆرێ. بوونی زاراوەکان و ژێرزاراوەکانی جۆراوجۆرتەنانەت لە ولاتانی پێشکەوتووش دا ڕاستییەکی حاشا هەلنەگرە. نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کوردەکان تاکوو ئێستاش خۆی مەسەلەیەکی گرینگە. بە لآم ئەوە بەومانایەش نیە کە زمانی کوردی تاکوو ئێستا پێشڤەچوونی بەرچاوی بە خۆیەوە نەدیوە وبەومانایەش نیە کە گۆیا یەکێک لە زاراوەکانی زمانی فارسی بێ ،بەو جۆرەی کە هینێدێک بانگەشەی بۆ دەکەن.هیچکام لە رۆژهەلاتناسە ناسراوەکان هیچ شک وگومانیان نیە لە مەرگەشە سەندنی زمانی کوردی بە ڕادەی پێویست. یەکەمین کتێبی رێزمانی کوردی لە ساڵی ١٧٨٧ بلاو بۆتەوە. بۆیە نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو، پێش هەموو شتێک بەو مەسەلەوە پێوەندیی هەیە کە ئێمە خەت ونووسینێکی هاوبەشمان نەبووە".

"هەروەکوولە بەشەکانی پێشتردا ڕوونمان کردەوە، زمانی کوردی بە پیتی عەرەبی، لاتین و رووسی دەنووسرێ وئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لە نێوان چەند ولآت دا دابەش کراوە ولە زۆربەی ئەو ولآتانە دا خویندن ونووسین بە زمانی کوردە یاساخە. کەوابوو،لە روانگەی مێژووییەوە لانیکەم کات ودەرفەت پێویستە تاکوو خەت ونووسینی یەکگرتوو وزمانی ستانداری کوردی پێک بێ. ئاکام ئەوەیە کە نەتەوەی کوردیش خاوەنی زمانی هاوبەشە کە وەکوو یەکێک لە هۆکارەکانی جیاکەرەوە ی نێوان گەلان پێناسە دەکرێ. لە لایەکی دیکەوە هیچ کەس حاشا لە بوونی خاکی هاوبەشی کوردەکان ناکا. چونکە لە

**دوکتور قاسملوو دێموکراتێکی چەپ بووە وبڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤو یەکسانیی ژنو پیاو هەبووەو هەردەم تێ کۆشاوە بنەما دێموکراتییەکان لە نێو حیزبی دێموکراتو کۆمەڵگای کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا جێگیر بکا**

## تەواوی خاوەرناسان وهەموو ئەوانەی کە قۆلی هیمەتیان بۆ لێکۆلینەوە لە سەرکوردان هەڵمالیوە لە سەر ئەو راستیە هاوڕان کە کوردەکان لە تەواوی نەتەوەکانی دراوسێی خۆیان جیاوازن. کوردەکان کولتووری تایبەت بە خۆیان پاراستوە وهیچ کام لە گرووپە نژادی و زمانییەکان نەیانتوانیوە بیتوێننەوە

رۆژگارانی زۆر کۆنەوە کوردستان وەکوو زێد و نیشتمانی کوردان ناسراوە. خاکێک کە هەزاران ساڵە رۆلەکانی ئەو گەلە لە ناو کێو ودەشت ودۆلی دا دەژین. دابەش کردنی کوردستان بە هۆی سنوورە سیاسییەکانەوە لە نێوان چەند ولاتاندا هیچ لە راستی مەسەلەکە ناگۆرێ. لە بابەت ژیانی هاوبەشی ئابووری روانگەی زۆر جۆراوجۆر هەیە. ئەوەی راستی بێ لە نێوکوردەکاندا ژیانی ئابووریی هاوبەش بەوشێوەیەی کە لە ولاتانی وەکوو فەرانسە وئیتالیا دەبینرێ، بەرچاو ناکەوێ. لەو پێوەندییەدا تەنانەت لە مابەینی کوردەکان وتورکەکان دا جیاوازی هەیە،چونکە تورکەکان لەوبارەوە لە کوردەکان لە پێشترن. هۆیەکەشی بەرەو پێش چوونی بە ئەسپایی رەوەندی گەشە سەندنی سەرمایەداری لە کوردستانە. هۆیەکی دیکە ی ئەومەسەلە دابەشبوونی کوردستان لە نێوان چەند ولات دایە وبەشەکانی بە شێوەیەکی فەرمی لێک جیا کراونەوە ولەناو هەرکام لەو بەشانەش دا کوردستان دابەش کراوەتەوە. ئەوەش شتێکی سروشتییە کە هەمووی ئەوهۆکارانە بوونەتە ئاستەنگ لە بەردەم دروست بوونی ژیانێکی هاوبەشی ئابووری". (کردستان وکرد، ل ل. ٣٠٠ـ ٣٠٢).

"سەرەرای هەمووئەوانە، بەرەوپێش چوونی پێوەندیی سەرمایەداری وبوونی جیاوازی لە ژیانی گوندنشینەکاندا، گەورەتر بوونی شارەکان وپەرەسەندنی بازرگانی وپێوەندییەکان لە بە هێزبوونی مانەوەی نەتەوەی کورد دا دەوەر دەبینن. ئەوەش بەومانایەیە کە، ئەگەر نەتوانین باس لەژیانیکی ئابووریی هاوبەشی کامڵ لە کوردستان دا بکەین، ناتوانین حاشاش لە بوونی جۆرێک ژیانی هاوبەشی ئابووری لە کوردستان دا بکەین. پێشتر باسمان کردبوو کە سەرەرای بوونی سنوورە دەستکردەکان، کوردەکان خاوەنی پێوەندیی بەربلاوی ئابوورین، بۆ وێنە دەتوانین باس لە پێوەندییە ئابوورییەکانی کوردەکانی ئێران وعێراق بکەین. جگە لەمانە، ژیانی ئابووریی هاوبەش دیاردەیەکی نیسبی یە ونەتەوەکانی هاوسێی کوردەکان وەکوو فارسەکان، تورکەکان، عەرەبەکان وئازەرییەکان لە بواری ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە وەکوو کوردەکان وان. ئەوانیش لە هیندێک ناوچە یەکیەتیی ئابوورییەکی بە هێزیان هەیەو لە هیندێک ناوچەش لێی بێ بەشن". (کردستان وکرد، ل. ٣٠٢ـ٣٠٣).

"داب ونەریتی هاوبەشی کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی شتێکی روون ودیارە. تەواوی خاوەرناسان وهەموو ئەوانەی کە قۆلی هیمەتیان بۆ لێکۆلینەوە لە سەرکوردان هەڵمالیوە لە سەر ئەو راستیە هاوڕان کە کوردەکان لە تەواوی نەتەوەکانی دراوسێی خۆیان جیاوازن.کوردەکان کولتوری تایبەت بە خۆیان پاراستوە وهیچ کام لە گرووپە نژادی و زمانییەکان نەیانتوانیوە بیتوێننەوە. خەباتی دووردرێژی کوردەکان لە پێناو پاراستنی هۆوییەتی میللیی خۆیان دا،بەردەوام بۆتە هۆی مانەوە وپاراستنی داب و نەریتی هاوبەش وفەرهەنگی نەتەوەییان. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە لە دوای شەری جیهانیی دووهەم و بە تایبەت لە سەردەمی **کۆماری دێموکراتیکی کوردستان** داهەستی نەتەوایەتی لە نێوکوردەکان دا زۆر بە هێز بووە". (کردستان وکرد، ل.٣٠٣ ).

### کاریگەریی نەرێنیی ئایینی هاوبەش لە سەر گەشەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی کورددا:

د. قاسملو لە سەرئەو باوەرِیە کە ئایینی هاوبەش کاریگەریی زۆرنەرێنی لە سەر گەشەسەندنی هۆوییەتی نەتەوەیی کورد داناوە وبۆ ئەو مەبەستەش دەنووسێ کە " ئایینی هاوبەش یەکێک بووە لە ئاستەنگەکانی بەردەم کە پێشی بە گەشەسەندن و کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی گەلی کورد گرتوە. دەسەلاتداران لە ئیسلام، ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان وەکوو کەرەسەیەک بۆ داپۆشینی ستەمی نەتەوەیی خەلیفەکانی بەغدا وسولتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش خۆیان وەکوو خەلیفە پێناسە کردوە کەڵک وەرگرتوە. بۆ نموونە لە سەردەمی شەری جیهانیی یەکەم دا کوردەکان دەرفەتێکیان بۆ رەخسا تاکوو بۆ دابین کردنی مافەکانی نەتەوەیی وبۆ بە دەستەوە گرتنی چارەی خۆ نووسین خەبات وبەرخۆدان بکەن، بە لام بە بیانووی جیهاد ئەوانیان فریوداو بۆ ماوەیەک هۆش وفکری کوردەکانیان لەو زولم وستەمەی کە لە لایەن تورکەکانەوە دەرحەقیان دەکرا بە لارێدا برد". " ئەوە راستە کە دین وەکوو یەکێک لە هۆیەکانی کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی بە ئەژمار نایە، بە لام دەکرێ کاریگەریی ئایین لە سەر دروست بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی گەلی کورد لەو هەڵسەنگاندنەی خوارەوە وەکوو نموونە بخەینە بەرچاو. هەرچەند ناوچەی کرماشان لە بواری ئابووری وکۆمەلایەتی لە پێشترە، خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەیی لە دەڤەری مەهاباد بە هێزترە. چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین، بە لام کوردەکانی کرماشان شیعەن. ئەو جیاوازییە مەزهەبییە بۆتە هۆی ئەوە کە ستەمی نەتەوەیی لە مەهاباد ئاشکراترخۆی بنوێنێ. ئەو مەسەلە یە هەستی خۆراگریی کوردەکان دەباتە سەرەوە ولە ئاکام دا دەبێتە هۆی بە هێز بوونی هۆشیاریی نەتەوەیی. بێ گومان دابەش بوونی کوردستان لە نێوان چەند ولاتی جیاوازدا ئاستەنگێکی دیکەیە لە سەر رێگای کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەویی گەلی کورد. کەوابوو نەتەوەی کورد خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە بۆ کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیەکی جیاواز پێویستن. بەو هۆیەشەوە، هەروەکوو چۆن باس لە نەتەوەکانی دیکە دەکەن، دەکرێ وەکوو نەتەوە باس لە کوردیش بکرێ. چونکە سێ شەرتی گرینگ وسەرەکیی کامڵ بوونی هۆوییەتی میللی بریتین لە زمان، زێد ونیشتمان وداب ونەریتی هاوبەش کە هەموویان بە تەواوی لە گەلی کورد داهەن وزۆرجاربوونی ئابووریی هاوبەش وەکوو هۆیەکی سەرەکی بۆ کامڵ بوونی هۆوییەتی نەتەوەیی حیسابی بۆ ناکرێ. بە سرنجدان بەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە باسکران دەکرێ گەلی کوردیش وەکوو یەکێک لە گەلانی دانیشتووی رۆژهەلاتی ناوەراست چاولێ بکرێ کە لە حالی حازردا خەریکی کامڵ کردنی هۆوییەتی نەتەوەیی خۆیەتی ".( کردستان وکرد، ل ل. ٣٠٣ ـ٣٠٥ ).

### مارکسیستەکان ومافی دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد:

د.قاسملوو بۆ سەلماندنی نەتەوە بوونی کورد وبۆ ئەوەی ولامێکی باشی بە چەپەکانی ئێرانی دابێتەوە کە بە هەڵە یان بە ئانقەست بیرو بۆچوونەکانی مارکسیسم بە تایبەت هی لنین لێک دەدەنەوە ولەو رێگایەوە دژایەتیی کورد ومافە نەتەوەییەکانی دەکەن ئاماژە بە روانگەی مارکسیستەکان ولە سەرەوەی هەمووان لنین دەکا وبە هێنانەوەی کۆمەلێک فاکت چەواشەکارییەکانی پان ئیرانیستە چەپ وراستەکان دەخاتە روو، لەوبارەوە دەنووسێ " مارکسیزم ـ لنینیزم مافی دیاری کردنی چارەی خۆ نووسینی بۆ هەموو گەلان بە رەسمی ناسیوە. لنین لە هەڵس وکەوت لە گەڵ رێفۆرمیستەکان دا دەلێ " دیاری کردنی چارەنووسی نەتەوەکان یانی سەربەخۆیی سیاسیی ئەو گەلانە ودامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوەیی". لنین هەرلەو پەیوەندیە دا دەلێ " مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بەشێک لە بەرنامەکانی مارکسیستەکانە لە بواری مێژوویی وئابووری تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش بریتیە لە دیاری کردنی چارەنووسی سیاسی، واتە سەربەخۆیی دەوڵەتی ودروست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی میللی".

د.قاسملوو لە درێژەی باسەکەی دا دەنووسێ" لنین لێبراوانە لە دیاری کردنی مافی چارەنووس پشتیوانی دەکا وهەموو ئەوانەی کە دژایەتی ئەومافە دەکەن وبە جۆرێک مانای دەکەنەوە وشامیلی مافی سەربەخۆیی نابێ دەداتە بەر رەخنە. لنین لەوبارەوە دەلێ " سۆسیالیستی نەتەوەی حاکم ئەگەر لە کاتی شەر یان ئاشتی دا لە هەمبەر دابین کردنی مافی سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێر ستەم تێ نەکۆشێ سۆسیالیست نیە وتەنانەت ئەنترناسیۆنالیستیش نیە، تەنیا شۆوینیستە. (کردستان وکرد،ل.٣١٨ـ ٣١٩ ).

به بروای من ئەو قسەیەی لنین بۆ ئەورۆی ئێران زۆرلە جێی خۆیدایە، چونکە ئەحزابی بە ناو سۆسیالیست وکۆمونیستی سەراسەریی فارس زمان یان پاشکۆکانی ئەوان کە کوردن وبە ئاشکرا هێرش دەکەنە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی وبزاڤی رزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان، جگە لە کۆمەلێک عەشیرەتی دواکەوتووی رەگەزپەرەست وفاشیست هیچ پێناسەیەکی دیکەیان بۆناکرێ، دەنا ئەگەر بەراستی سۆسیالیست وکۆمونیست بان وبروایان بە مافی بەرابەری ویەکسانیی مرۆڤەکان هەبوایە، شەری نارەوایان بە سەر کورد دا نەدەسەپاند. ئەو بەناو ئەحزابە کۆمونیست وسۆسیالیستانە هەردەزانن بڵێن " پاراستنی تەمامیەتی ئەرزیی ئێران" وەکوو ئەوەی هەموو ئێران بە رۆژهەلاتی کوردستانیشەوە ملکی بێ ئەم لاو ئەو لای باب وباپیریان بێ و دەبێ نەتەوەی فەرمانرەوا هەرفارس بێ وهەر ئەوانیش لە تارانەوە لە جیاتی گەلی کورد بیربکەنەوە و برِیار بدەن. ئایا ژیان وگیانی مرۆڤەکان نابێ لە خاک وخۆڵ بە نرختربێ؟ ئەگەر ئینسانەکان نەتوانن ئازاد بژین ولە مافی ئینسانی بێ بەش بن، "تەمامیەتی ئەرزی" بە کەڵکی چی دێ؟ کورد مافی خۆیەتی برِیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا ومافی بێ ئەم لاو ئەولای نەتەوەیی خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێ. چۆن بۆ گەلانی دیکە ئەو مافە شتێکی رەواو بەرحەقە، بە لام بۆ کورد ناحەق؟ چ یاسایەکی سەرزەوی وئاسمانی ئەو مافە تەنیا بۆ کوردان بە نارەوا دەزانێ بە لام بۆ خەلکانی دیکە بە رەوا؟

د.قاسملوولە مەردیاریکردنی مافی چارەنووس دەنووسێ " **کوردەکان هەر وەکوو هەر نەتەوەیەکی دیکە مافی دیاریکردنی چارەنووس ودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە. لە بابەت مەسەلەی کوردەوە شتێکی تایبەتیش هەیە وئەویش ئەوەیە کە بۆ گەلی کورد تەنیا لە وەدەست هێنانی سەربەخۆیی دا خۆ نابینێتەوە، بەڵکوو لە پێش هەموو شتێکدا وەدەست هێنانەوە یەکیەتیی نەتەوەییە. بۆ نموونە دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە عێراق دا بە مانای جیا بوونەوەی کوردستانی عێراق نیە، بەڵکوو بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراق لە گەل کوردستانی ئێران وتورکیەیە.** (کردستان وکرد، ل. ٣١٩ ).

**هەرئەندازە یەکیەتیی کوردستان نامومکین ونادروست بێتە بەرچاو، حەق وایە کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کورد بە فەرمی بناسێنرێ**. چونکە دان پێنان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان بە بێ جیاوازی و هەلاواردن، بە بێ لە بەرچاوگرتنی رادەی حەشیمەتی ئەو گەلەی کە باسی لێوە دەکرێ ورادەی پێشکەوتنی ئەو ولاتەی کە نەتەوەی ناوبراو تێی دا دەژی، بە مانای قەبوڵ کردنی بیروبۆچونەکانی ئەنترناسیۆنالیستی ومافی یەکسانیی گەلانە. ئەوەی کە هەل ومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی



درێژەی

# ڕوانگەی د. قاسملوو لە سەرنەتەوە (ملت) و ناسیۆنالیسم

دەوڵەتێکی سەربەخۆلە بارە یان نا، ئەوەی کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک یان مانەوەی ئەو نەتەوە لە گەڵ چەند نەتەوەی دیکە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لایەنی ئەرێنی ونەرێنی هەیە، ئەوەی کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا، ئەوەی کە ئەو داوایە لە ژێرسێبەری ڕێژیمێکی سەرمایەداری دا ئیمکانی وەدیهاتنی هەیە یان تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سۆسیالیستی دا، نابێ ببنە هۆی حاشا کردن لەو ڕاستییە کە تەواوی نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان ودامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە.(کردستان وکرد،ل. ٣١٩. ٣٢٠).

**جیا بوونەوەی کوردستان ودامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە هیچ شێوەیەک بە واتای جیاوازیخوازی (تجزیه طلبی) نیە وبە پێچەوانەوە دوای ئەو سەربەخۆییە هەل ومەرجی پێویست بۆ دروست بوونی یەکیەتیی نێوان تەواوی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دەتوانێ لە شێوەی فدراسیۆن دابێ، پێک دێ.( کردستان وکرد، ل. ٣٢٥).**

**مەسەلەی کورد لە ڕوانگەی شۆوێنیسمی فارسەوە:**

هەرەکوو لە سەرەتادا ئاماژەم پێ کرد شۆوێنیسمی فارس بەردەوام دژایەتیی کورد ومافە نەتەوایەتییەکانی کردوە و بە هەموو توانایەوە هەوڵی بۆ سڕینەوە ناسنامەی نەتەوەی کورد داوە وەدەکرێ بڵێم کە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان تاکوو ئەمڕۆش بە شێوازی جۆراوجۆرو سیستماتیک بەرەوپێش بردوە. ئەوان جگە لە لایەنی سیاسیی مەسەلەکە هەوڵیشیان داوە لە بواری زمانی ومێژوویی وفەرهەنگییش دا ژێنۆسایدی نەتەوەی کورد کامڵ بکەن. یەکێک لەو لایەنە سیاسییانەی کە خۆی بە هێزێکی سەراسەری ناساندوە وڕابردوویەکی کۆنی هەیە ڕێکخراوی" جبهه ملی ایران" ە کە لە ساڵی ١٣٤٩ هەتاوی دا لە نامیلکەیەک دا لە ژێر ناوی **"ئەفسانەی گەلانی ئێران"** بە قەڵەمی م . ماکان کە لە لایەن چاپخانەی "مزدک" سەربەو ڕێکخراوەیە چاپ وبڵاوکراوەتەوە فرە گەلی بوونی ئێران بە تەواوی ڕەد دەکاتەوە وحاشا لە بوونی زمانەکانی دیکە لە ئێراندا دەکا وبۆ ئەو هەموویان، زاراوەن جگە لە فارسی نەبێ.

دوکتور قاسملوو بۆ بەرپەرچ دانەوەی ڕوانگە شۆوینیستیەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە بابەتێک دا لە ژێر ناوی **" واقعییەتی گەلانی ئێران وئەفسانەی م ماکان"** بە باشی داکۆکی لە کورد ومافەکانی کردوە وبە هێنانەوەی زۆر بەڵگە بۆچوونە ڕاسیستییەکانی ئەو ڕێکخراوەی بەرپەرچ داوەتەوە. نووسینەکەی دوکتور قاسملوو بۆ ئێستاش هەر تازەیەیە وبۆیە بە پێویستم زانی کە ئاورێکی لێ بدەمەوە. ئەو ڕوانگەیەی ڕێکخراوی "جبهه ملی ایران" نەک ئاڵوگۆری بە سەردا نەهاتوە، بەڵکوو زۆر ڕێکخراوی دیکەی چەپ وراستی سەراسەرییش پەیرەوی لێ دەکەن وکردوویانە بە ستراتیژیی خۆیان بۆ دژایەتیی نەتەوەی کورد وخواستەکانی. ئەوەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە هەڵبژاردەیەک لە نووسینەکەی . ماکان وهەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوویە.

" ئاغای ماکان کە خۆی وەکوو سۆسیالیست پێناسە دەکا لە مەڕ نەبوونی گەلانی جیاواز لە ئێران دا دەنووسێ "فیکری گەلانی ئێران فیکرێکە بە هۆی نۆکەرانی ئیمپریالیزم لە دەرەوە ڕا هاتوە ونیسبەت دانی بە لنین نە تەنیا لادانێکی گەورەیە، بەڵکوو بێ حورمەتی بەو پیاوە مەزنەشە" (لاپەڕەی ٤٦). لە درێژەی ئەو باسە دا ئاغای ماکان دەنووسێ " ئێمە بێجگە لە نەتەوە (گەل)ی ئێران لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە دا گەلێکی دیکە ناناسین". (لاپەڕەی ٤٣). دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ " ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا کە بە کردەوە حاشا لە بوونی نەتەوەکانی تری ئێران وەک ئازەربایجانی، کورد و ... هتد دەکا ودان بە هیچ چەشنە مافێکی نەتەوایەتی بۆ ئەو نەتەوانە دانانێ، بیروڕای لە گەڵ بیروڕای ئاغای ماکان کە دەڵێ لە ئێران دا تەنیا نەتەوەیەک هەیە وئەویش نەتەوەی ئێرانە بە تەواوی یەکە. پان ئێرانیستەکانی نۆکەری شا لە تاقمی پزیشکپووریش ئامانجیان هەر ئەوەیە کە هەموو گەلانی ئێران بە ناوی نەتەوەی ئێران بێتە ژێر ئاڵای پان ئێرانیزم". " هەم لە سەردەمی ڕەزاشا وهەم لە سەردەمی ئێستادا ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی هەموو بزووتنەوەیەکی گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانی بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتیی خۆیان بە جیاوازیخوازی تاوانبارکردوەو ئاغای ماکانیش هەروا دەکا. ڕێژیمی کۆنەپەرستی بنەماڵەی پەهلەوی، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان بە دەستکردی بێگانەکان دەزانێ وبە توندی سەرکوتی کردوون وسەرکوتیان دەکا".( تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.٢٤٨).

ماکان لە درێژەی باسەکەی دا دەنووسێ " هەموو ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد وهەموو تێکۆشانی سیاسی کوردەکان لە ڕاپەڕینەکانی چەکداری یەوە بگرە تا بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە هاندانی بێگانە بووە. ئەو بێگانەیە جارێک عوسمانی یە و جارێک ئینگلیزوجارێک ئەمریکایە وجارێک یەکیەتیی سۆوییەتی. ماکان دیسان بەردەوام دەبێ و دەڵێ " بەم چەشنە ڕوون دەبێتەوە کە ڕاپەڕینەکانی کوردستان لە ئێران دا بناغەیەکی نەتەوایەتی وزانستییان نەبووە و بەڵکوو بە هاندانی بێگانە ودابین کردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان هاتوونە دی". دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ " ئایا ماکان بە ڕاستی هێندە ساویلکەیە وا بیربکاتەوە کە ئەگەر هەستی نەتەوایەتی نەبوایە گەلی کورد بۆ دابینکردنی مەبەستی ئیمپریالیستەکان ئەو هەموو خوێنەی دەڕشت. ئایا سمایلی شەریف زادە ومەلا ئاوارە وسولەیمانی موعینی ودەیان شەهیدی تر بە هاندانی بێگانە دەستیان دایە چەک ؟ ئایا زۆر بێ ئینسافی نیە مۆری نۆکەرایەتیی ئیمپریالیزم لە ناوچاوانی ئەو شەهیدانە بدرێ کە ڕابەری ڕاپەرینە چەکدارانەکەی ئەم دواییانەیان کرد لە دژی ڕێژیمی دژی نیشتمانی وکۆنەپەرستی شاهەنشایی، ئەویش لە لایەن کەسێکەوە کە خۆی بە ئازادیخواز ودژی ئیستعمار دەزانێ ؟ (تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل. ٢٥٥. ٢٥٦ ).

ماکان، کۆماری کوردستان لە مەهاباد بە دەستکردی بێگانە دەزانێ وقازی محەممەد بە کارگێری بەڕێوەبردنی سیاسەتی بێگانەکان لە کوردستان دا. ئەو ئیددیعا دەکا کە " ئەو کۆمارە هەر لەبەر ئەوەی پشتی بە کۆمەڵانی خەڵک نەبەستبوو، چونکە بزووتنەوەیەکی جیاوازیخوازانە بوو بە بێ بە گژیەکداهاتنێکی سەختی عەسکەری لە گەڵ ئەرتەشی پەهلەوی لە بەریەک هەڵوەشا". دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ " دیارە ئاغای ماکان لە بارەی کۆماری مەهابادەوە زۆرکەم ئاگادارە. بە شاهیدیی دۆست ودوژمن (ئەوەندە بەسە کە ماکان تەماشایەکی کتێبی "نجفقلی پسیان، لە مەهابادی خوێناوییەوە تا لێوارەکانی ئاراز" بکا). قازی محەممەد وکۆماری مەهاباد بە چەشنێکی بێ وێنە جێگای خۆیان لە ناو خەڵکی کوردستان دا کردبۆوە. ئێستاش کۆماری مەهاباد دیاردەی خەباتێکی دووروردرێژی مێژوویی ولانی چاکە وخەراپەی ئەو کۆمارە میراتێکی گەورەیە بۆ گەلی کورد. نە ئاغای ماکان ونە شۆوێنیستەکانی تری فارس بە گشتی و نە کۆنەپەرستیی حەمەرەزاشا ناتوانن کاریگەریەتیی مەعنەویی ئەو کۆمارە لە ناو بەرن.

دوکتور قاسملوو لە درێژەی باسەکەی دا دەنووسێ " سرنج ڕاکێش ئەوەیە کە ئاغای ماکان لە (ل. ٤٠) لە حیزبی توودەی ئێران داوا دەکا کە لە دژی مافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێران خەبات بکا. ماکان دەڵێ لە نیوان دروشمی دیفاع لە تەواویەتی ئەرزیی ئێران ومافی دانانی چارەنووسی گەلانی ئێران دا کە هەردووکیان لە بەرنامەی حیزبی توودەی ئێران دا هاتوون ناتەبایی هەیە". ( تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل.٢٥٨ . ٢٥٩ ).

**مەسەلەی زمان لە ڕوانگەی م . ماکان:**

فارسە شۆوینیستەکان لە بواری زمانیشەوە هەمووکات هەوڵ دەدەن کە زمانی کوردی بە لقێک لە زمانی فارسی پێناسە بکەن ووا نیشان دەدەن کە بە قەولی خۆیان "چونکە کورد نەتەوە نیە وقەومە، کە وابوو ناتوانێ زمانی سەربەخۆشی هەبێ". م . ماکان لەو پەیوەندیە دا دەنووسێ " زمانی دەری زمانی هەموو خەڵکی ئێرانە، چونکە ئەو زمانە بە ناوی زمانی دانیشتووانی ئێران لە پرۆسەی (ڕەوت)ی مێژوویی دا پێک هاتوە وپەرەی ئەستاندوە". دوکتور قاسملوو لە وڵام دا دەنووسێ" ئەوە کە منداڵی ئازەربایجانی بۆ یەکەم جار لە قوتابخانە دا تووشی زمانی فارسی دەبێ وتێ دەگا کە بە "سوو" دەڵێن " آب" و بە " چۆرەک" دەڵێن " نان"، بۆئاغای ماکان گرینگ نیە. ئەوناتوانێ تێ بگا کە زمانی فارسی بۆ منداڵانی ئازەربایجانی وکورد زمانی زگماکی نیە. ماکان بە ئاشکرا دەری ناخا وادیارە ئەو ئازایەتی وڕووهەڵماڵاوییە لە خۆی دا شک نابا. بە لام بەرهەمی لێکدانەوەکەی ئەوەیە کە هەموو گەلانی ئێران دەبێ زمانی فارسی بە زمانی خۆیان بزانن وچونکە ئەوەش لە ڕاستی دوورە، کە وابێ دەبێ مشوورێکی بۆ بخورێ یان ئەوەی کە نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێران دا بە زۆر بتوێندرێنەوە. ئێستا لەوە گەرێین کە ماکان لە ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە دەگێڕێتەوە (ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە کە لە جێگایەکی تردا بە " مووچە خۆری ئاشکراو نهێنیی دەزگای حکوومەتی وڵاتە ئیمپریالیستی یەکانیان ناو دەبا " (لاپەڕەی ٣١)، کە گۆیا ئەو زمانەی هاتۆتە فەلاتی ئێران بە زمانی ئێرانی ناو دەبەن.

ڕاستیی ئەوەیە کە لە فەرهەنگی زمانناسی دا لە هیچ شوێنێک ئێمە تووشی زاراوەی زمانی ئێرانی نابین وهیچ ڕۆژهەڵات ناسێکی ناسراو ئەو زاراوەی بە کار نەهێناوە. بە پێچەوانە هەموو ڕۆژهەڵاتناسان زاراوەی زمانەکانی ئێران بە کار دێنن کە لکێکە لە زمانەکانی هیندوئۆرووپایی. لاڕووس (قاموسی فەرانسەوی) لە لکی هیندوئێرانی دا کە زمانەکانی هیندی وئێرانی دەگرێتەوە، زمانەکانی تازەی هیندی، سانسکریت، پارسیی کۆن، زەتر، فارسی وکوردی ناو دەبا. (لاڕووسی بچووک ١٩٦٤ ، لاپەڕەی ١٤٤٣). دوکتور قاسملوو درێژە بە باسەکەی دەدا ولە بواری زمانەوە دەنووسێ "زاراوەیەکی تر کە ماکان بە کاری دێنی "نیوە زمان" ە. دیارە ئەوەش زاراوەیەکی تایبەتی خۆیەتی. لە زانستی زمانناسی دا زاراوەیەکی وەها نیە وناشزانین کە مەبەستی لە نیوە زمان چیە. ئاغای ماکان ناچار بووە ئەو زاراوە داتاشێ. تا ئەگەر نەیتوانی زمانەکانی ئازەری وکوردی بکاتە بەشێک لە شێوەکانی زمانی فارسی، لانیکەم بتوانێ ناوی نیوە زمانیان بەسەر داببرێ. (تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل ٢٥١. ٢٥٢).

لە بابەت زمانی کوردییەوە ماکان دەنووسێ " چونکە لە زمانی کوردی دا چەند شێوە هەیە ناکرێ پیێ بگوترێ زمان". لە وڵام دا دوکتور قاسملوو دەڵێ" لە پێش دا دەبێ بڵێین کە بوونی چەند شێوەی جۆربەجۆر تایبەتی زمانی کوردی نیە. زمانی ئالمانی کە یەکێکە لە زمانە مۆدێرن وپێشکەوتووەکان، ئێستاش خاوەنی چەند شێوەی جۆربەجۆرە. ناتەواویی زمانی کوردی لەوەدایە کە ئەلف وبێیەکی نیە کە بتوانێ ببێتە بناغە بۆ پێک هێنانی زمانی ستانداردی کوردی. ئێستا لە قوتابخانەکانی کوردستانی عێراق دا بە زمانی کوردی دەخوێندرێ. ڕۆژنامە وگۆڤاروکتێب بەو زمانە بڵاو دەکرێتەوە. لە یەکیەتیی سۆوییتیش هەر وەها. ڕۆژهەڵاتناسەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا هەموو سەلماندوویانە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە. لێک نزیکیی زمانی کوردی وفارسی نابێتە بەڵگەی ئەوە کە زمانی فارسی شێوەیەکی زمانی کوردی یە یان بە پێچەوانە زمانی کوردی یەکێکە لە شێوەکانی زمانی فارسی. مەگەرزمانی رووسی وبیلورروسی یا زمانی رووسی وئۆکراینی جیاوازییان لە نێواندا پترە لە زمانی کوردی وفارسی ؟ تەنانەت دوو نەتەوەی جیاوازییش دەگونجێ بە زمانێک قسە بکەن وەک ئۆتریشی یەکان وئالمانی یەکان، فەرانسەوی یەکان وبلژیکی یەکان، ئینگلیزییەکان وئەمریکاییەکان. (تاڤگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، ل.ل. ٢٥٦ . ٢٥٧ ).

***

ئەو کتێبانەی وەکوو سەرچاوە بۆ ئەو بابەتە کەڵکم لێ وەرگرتوون بریتین لە :


کردستان وکرد، دکترعەبدالرحمن قاسملو. چاپی فارسی، ١٩٩٦

نیو سەدە تێکۆشان، عبدالله حسن زادە، بەرگی دووهەم، ١٩٩٦

دوکتور قاسملوو، ڕێبەرێکی مۆدێرن وشۆرشگێرێکی دێموکرات، کۆ کردنەوەی کاوە بەهرامی

تاڤگەی هەقیقەت، لە کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی، بەرگی یەکەم


٢.٦.٢٠٠٩



**لەم ژمارەیەی کوردستان دا، کۆمەڵێك نووسین و بابەت لە بارەی کەسایەتیی دوکتور قاسملوو، بڵاو بوونەوە.**

**نووسیەنەکان، تەعبیر لە بیروڕای نووسەرەکانیان دەکەن و نووسەران، بۆ خۆیان لێیان بەرپرسیارن. "کوردستان" وەك ڕێزگرتن لە بیرو بۆچوونی نووسەران و مەیداندان بە بیروڕای جیاواز، نووسینەکانی دەقاودەق وەك خۆیان بڵاو کردەوە. ئەوەش لە حاڵێك دایە کە بۆچوونی وا لە هێندێك نووسینی وا هەن کە ئێمە لەگەڵیاندا نین.**

**دەستەی نووسەرانی "کوردستان**

# داستانی سوور

سوارە قەڵادزێیی

(١)

ڕێگا دوورە و هەوراز
شانی بۆ داکردووی ...
زەمەن پلیکانەی تەمەنە و
هێور ... هێور ... تۆی عاشقی
ئەم دەڤەرە وشکە ساڵە ... !!
پێیدا سەر دەکەویە سەرێ ...
ڕێگا دوورە و هەوراز سەختە
تۆی ڕێبواریش ... وچان نادەی
ماندوو نابی
وەك ئەسپێکی تەعلیم دراو ...
بەئۆردوویەك سوپاو قۆشەن
چیات بەستووە بەشانتەوە ... !!
بووی بە "ئەنکیدۆ"ی سەرگەردان
ئەویندراری ڕێی ڕزگاری
بۆ سەرچەشمەی ئاوی نەمری دەگەڕێی
ماندوو نابی ...
هەنگاوەکانت توند دەکەی
هەدا نادەی ...
عەشقێك لە چاوتا شین بووە ...
پەیامێکت بۆ کوردستان
لەکەمەربەندت بەستووە ... !!
هیچ هۆبەو هەوارێك ... نەما
بێ ماندوبوون بۆی نەگەڕێی
ڕایگەیەنی ...
ئەی سەرکردەی داستانی سوور .. !!
ئەی شەهیدی باڵا زراڤـــ
ئەی قاسملوو ... ؟

(٢)

وا بیست وەرزە باخی میکائیل تەمێکی
ئەستوور بەسەریا کشاوە ...
خونچە و گوڵی پێدەشتەکەی
هەناسەی بۆنیان گرتووە
کەزیەو پەرچەمیان جوانیەکەی ئاڵۆزکاوە ... !!
عاشقەکان پێکەنینیان ون کردووە
زەردە بەسەر لێویانەوە هەڵناوەرێ
بیست وەرزە ئاسمان ڕەشپۆشە
خۆربەرگی شەوی پۆشیوە...
ڕێژنە بارانێکی خۆزگە
بەناو دڵدا داناکاتو ...
بەسەر مێرگی هیوامانەدا
وەکو شەونمی بەیانیان دانابارێ
"سوپێر" مانی لەبەرگری خۆی گرتووە
ماچی سەرکەوتن لەسەرلوولەی چەك تۆراوە ...
گوڵاڵە سوورە سەرچۆپیی
زەماوەندی نەورۆز ناگرێ
بیست وەرزەساڵە "تاقەدار"
جەژنی "چوار شەممە سووری"
پیرۆز ناکا ... !!
بۆ "سێزدە بەدەر" بنەماڵەی ئەم وڵاتە
کەبابی بەراتی جەژن
بەسەر ئەندامانی خێزان دابەش ناکا ...

(٣)

ئارد بەبا، باڵانبۆ، شاهۆ
لوتکەی "پەڕاو"
سەریان بۆتە ڕنوەبەفر
ڕیشیان سپی ... پشت کۆماون ...
لەدوای کۆچە ناوادە خوێناوییەکەی تۆ
ئەی ئەستێرە ئاوا بووەکەی ڕۆژهەڵاتم
نەشارۆخی "شیرین بەهارە دەچرێ" ... !!
نەکاوێس و نەماملێ
تێهەڵناکەن لەقەتارێ ... ؟!
ئەو لوتکەیەی هەڵۆ ئاسا ... غاری بەور ... !!
باڵت بۆگرت تاگرِیدەی ... ؟!
تەکانتدا بۆ ئامێزی
تاکو ئێستا چاو لەرێیە
باوەشی بۆ واڵا کردووی
تاکو ئێستا چەپکێ نێرگز وا لەدەستیا
بۆ پێشوازیت لەسەر پێیە....
بۆ میوانیت نوردوێك نان و
کتێبی وەسیەتنامەکەی ... !!
"پێشەوا"ی مەزنی پێیە
تۆماری دادگاییەکەی
سەرانی ڕژێمی پێیە
ئاڵایەکی ڕەنگاوڕەنگی بۆ هێناوی
دایچەقێنی لەچوار تخوب
لەسەر لوتکەی قەندیلەکەی مەندیل سپی
چیای "جودی"
بەرزاییەکانی قامیشلوو ...
لەناو دڵی کۆمارەکەی پێشەواقازی
"چوارچرا" ... !!

(٤)

بیست وەرزە ساڵە جێت هێشتووین
قوتابخانەکەت وەك سەنگەر
چاوی هەرلەسەر سێرەیە ... !!
شوێن پێی پەیڕەومان هەڵگرتووی ... !!
زۆرت مابوو کاروان سەرخەی بە هەورازا
کێڵگە و ڕەزی هەوارەکەت تێراو بکەی ...
سۆزت لەناخی هەرتاکێ دابچێنێ ...
زۆر ... زۆر ... زووبوو ...
دەبوو نەرۆی کۆچ و بارت هەڵنەبەستی
زۆرت مابوو کتێبەکەت هەڵبرێژی
دەبوو ئەمرۆ بۆ کورد هەبای
وەکو ڕابەر بۆ پێش نوێژی
سەردەمی نوێی کۆتایی مێژووت بدیایە
چەند "ۆرك شۆپێکت" لەگەڵ
دنیای بەجیهانی بوون و
گلۆبالیزە سازبدایە
بەچاوی خۆت ڕەوتی بازاری ئازادو ... !!
وەبەرهێنان ....
دیموکراسیی کوردەواریت بدیبایە ... ؟!
ئێمە لەکوێ و ڕێنیسانسی
سەدەی ناوەندی ئەوروپا ...
ئێمە لەکوێ و ...
ریفۆرمخوازیەکەی "کلیف" [١]
"لۆسەر" [١] لەکوێ
ئای ئای گەلۆ ... چەند لێك دوورین ... ؟!

(٥)

زۆر ... زوو...ڕۆیشتی ...
دەبوو لەم وەرزە نسرمە
پشکۆی ئاوردووی ئەم دەڤەرە بوویتایە
ئەمجا بەراوردی فیکرو
مانیفێست و دایلەکتیکی
عەقڵی کوردو "گریك" ی کۆن
خۆرئاوات باش بکردایە
ئەی شەهیدی ئەو داستانەی
سووری بەر لەشکرەکەی بووی
ئەی قاسملوو ... ؟!!
بنچك نەما لە دامێنی چیاکانتا ... !!
ڕەزو ڕووبارێ نابینی
نەبن بە "کل" لەئاوێنەی گەشی چاوتا
کچانی کورد کەزیە و پەرچەمیان ڕنیوە ...
لەحەسرەتا .... سەریان ئەدەن
بەگاشەبەردی بنارتا
شارو گوندێکت نەماوە ... شینگانە نەبێ ...
هەر هەڵدێرو بزنەڕێگای هات و نەهات
هەر پێدەشتێ ڕووەو بنارێکت ببات ... !!
هەر بۆنەیەك وەکو برین
بێتەوە سۆ
هەرنسکۆیەك لەچاومانا لەبیرمانا
بووبێتە چاوگە وەك تابلۆ
تۆی دەبیتە ئەو شانۆیەی
دیمەنەکان دەخەیتە ڕو و... !!
تۆی دەبیتە کارەکتەری
هەنگاو بە هەنگاوی مێژوو ... !!
لەم وڵاتە خەم لەکۆڵە
لە ڕۆمانی بەسەرهاتا
پەیڕەوی "کورتە باسێکە"
دەکرێتە بەرگی پێشمەرگە
دەکرێتە هەگبەی چەکی شان
وێنە وبیرت ...
لەگەڵ هەنگاو بەهەنگاوی ئێمە دایە ... !!
بووی بەفێرگەی وانەکانی ئەم سەردەمە
کتێبێکی لۆککراوی مۆدێرنیتەی
تا ڕێگەی بەرخۆدان ... بڕکا
وێنەیەکی ئەم کتێبە تۆی تێدایە ...
وەکوو دووربین وەك چاویلکە
دەتکەینە سەنگەری چاومان
پەندەکانت تۆماردەکەین
وەکو شیعر ... !!
وەکو گاتا دەیلێینەوە ... !!
خۆمان لێواو لیو دەکەین لەتۆ
لەناو تۆدا دەتوێینەوە ... !!
لەویژدانماندا دەتچێنین ... !!
بەسەرهاتی شەهیدبوونت
ڕۆمانێکی جەرگ بڕە ...
لەرەحمی خەیاڵدانی
هیچ ڕۆماننووسێ نەزاوە ...
تراژیدیای سەرابستانێکی جەهلە
تاهۆڵەکۆستی "جەنگی دوو" ڕوینەداوە ... !!
هەموو ڕۆژێ لەناو ژووری پۆلەکەمان
ئاکارەکانت دەنووسین، یادگارەکانت دەدوێنین
... !!
یەکەم وانەی خوێندنگەیە
وەکو سروود دەیلێینەوە ...
وەکو فیزیك و ماتماتیك
وانە ... بەوانە
دەیخوێنین .... !!

# پیلانی کۆن و ژەنگاوی!

ئەحمەد قادری

هۆ ڕێبەرە گۆڕ غەرییە ئاوارەکەم!
هۆ خەمخۆرە سەوداسەرە، دڵ پڕ ئێش و ئازارەکەم
ئەم پیلانە ژەنگاوییە تازە نەبوو، ڕێی دەیان ساڵی بڕیوە
ژانەبزەی چزەی چزووی، لە ناخی مێژوو چەقیوە
بە پێوانەی مێژووی تەمەن، دوژمنانمان
دوژمنانی کوردستانمان
لە سەر خاکی کوردەواری زۆر لەمێژە
دەستی تاوانیان درێژە
ساڵەهایە لە کوردستان، تۆوی ماتەم دادەچێنن
بە فێڵ و دەهۆو گزی گەڕ، ڕێبەرانمان لێ دەستێنن
گەرەکیانە ئاسەواری نیژادیمان بپڕنەوە
شوێنەوارمان لە سەر زەوی بسڕنەوە
بەسەرهاتی ڕابردوومان، دارماڵ لە ئێش و ئازارە
نەورۆزمان شەختەو زریانە، بێ بەهارە
دڵی مێژووی بەسەرهاتیان لێ دزیوین
بەڵام وەک گەلێکی زیندوو، هەر بەچۆکدا نەهاتووین و، نەبەزیوین
×××
هۆ قاسملووی سەرداری کورد!
دوژمنانمان دەیانزانی، تۆ قیبلەگای هیوای کوردی
دەیانزانی لە بەرزیدا، شاهۆو قەندیل و هەڵگوردی
یەکەمجار کە تۆیان ناسی
دەیانزانی تۆ گەرناسی
لێیان ڕوون بوو، تۆی مامۆستای دیموکراسی
لایان وابوو کە تۆیان کوشت، گەلی کورد بە چۆک دادێنن!
هەستی ئازادی و سەربەستی، لە ناخیدا دەتاسێنن!
بەڵام پیرکورتانی مێژوو، ئاواتەکەیان نەزۆک و، بەرهەمی خەون و خەیاڵ بوو
گزی و گەڕو فێڵ و داویان، وەک بڵقی سەر ئاو بەتاڵ بوو
نەیانزانی بە خەباتی دەیان ساڵەت، کۆمەڵێکت هەژاندووە
گەلێکت ڕاپەڕاندووە
قوتابیانی قوتابخانەی، بیری پێشکەوتووی ڕووناکت
ڕێبوارانی ڕێبازی پیرۆزو پاکت
وەک چیاکانی کوردستان، لە سەنگەری بەرگریدا، ڕاوەستاون و دانامێنن
هەدا نادەن و ناسرەون، ئاواتەکەت وەدی دێنن
نەیانزانی ناوی بەرزت، تیشکی گەشی خۆرەتاوە
خوێنی بە ناحەق ڕژاوت بۆتە نەوت و، گڕکانی تۆڵەی نێڵ داوە
جەستەی دوژمنانی ئاشتی دەسووتێنێ
تەخت و بەختی داگیرکەران تێک دەڕمێنێ
نەیانزانی ڕۆحی بەرزت بە نەمری، وەک ئەستێرە هەموو شەوێ
لە پەڕپەڕۆچکەی ئاسمانی خەبات و خوێن، دەردەکەوێ
پڕ بە گەروو هاوار دەکا: من شەڕخواز نیم، ئاشتیم دەوێ

# ئەو کتێبانەی د. قاسملوو نووسیوونی، یا لە بارەی ئەو نووسراون

ئا: عەلی بداغی

*لە دوکتور قاسملوو، بیرمەندی گەورەی کورد دوو کتێبی چاپکراوی "کوردستان و کورد" و "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی" داو هەروەها نامیلکەی "کورتە باسێك لەسەر سوسیالیزم" بە یادگار بۆ نەتەوەکەی بەجێ ماوە. لەدوای شەهید بوونیشی کۆکراوەی بەرهەمەکانی و کۆمەڵێك کتێب سەبارەت بە رۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد و رەوشی پەروەندەی تیرۆری وییەن و کەسایەتیی دوکتور قاسملوو نوسراون و بە چاپ گەیشتوون. لێرەدا هەوڵ دراوە ئاماژە بە بەشێك لەو بەرهەم و پەرتووکانە بکرێن کە بەرهەمی دوکتور قاسمملوون یا لەسەر کەسایەتی و رۆڵی ئەو لە بزووتنەوەی سیاسی کورد دا نووسراون:*










## چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی

" چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی" دا بەرگی یەکەمی کورتەیەك لەمێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە دوکتور قاسملووی مەزن ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لەسەر پەسەندی دەفتەری سیاسیی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات و بە بۆنەی چلەمین ساڵی دامەزرانی حیزبەوە نووسیویەتی.

" چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی " کە تا ئێستا چوار جار لە چاپ دراوەتەوە، لە سێ فەسڵ پێك هاتوە و باس لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا کودیتای ٢٨ ی گەلاوێژ ی ١٣٣٢ ی هەتاوی لە ئێراندا دەکا. دوکتور قاسملوو بەتەما بوو بەرگی دووهەم و سێهەمی ئەو کتێبەش وەك کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بنووسێ، بەڵام ئەو کارە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی خەبات و لە ماوەی پێش بینی کراودا نەکراو لە دوای شەهید بوونیشی ئەم ئەرکە خرایە ئەستۆی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە و ناوبراو لە ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی دا درێژەی کارەکەی دوکتور قاسملووی لە ژێر ناوی "نیو سەدە تێکۆشان" لە دوو بەرگ دا بە ئەنجام گەیاند.

## تاڤگەی حەقیقەت

تاڤگەی حەقیقەت کە لەسێ بەرگ دا چاپ و بڵاو بۆتەوە، لە راستیدا کۆکراوەی بەشێك لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملووی مەزنەو کاوە بەهرامی ئەرکی سەرپەرستی کردن و کۆکردنەوە و بە چاپ گەیاندنی ئەو بەرهەمانەی لە تویێی سێ بەرگ دا وەئەستۆ گرتوە. جگە لە کورتە باس و شیکردنەوەی کورتە باس، وانەکانی ئابووریی سیاسی، باسێك لە سەر مودیرییەت، وتووێژە چاپەمەنی یەکانی دوکتور قاسملوو لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارە بیانیو نێو خۆییەکانی کوردستان، وتووێژە رادیۆییەکانی دوکتور قاسملوو، پەیامو نامەکانی دوکتور قاسملوو بۆ کەسایەتییە سیاسییەکان، وتارە رادیۆییەکان، وتەکانی شەهید قاسملوو لە کۆبوونەوەکانی حیزبی، بەشێك لە مژارو بابەتەکانی تاڤگەی هەقیقەت لە سێ بەرگی چاپکراوی دان.

## ئێسکۆرت بەرەو تاران

کتێبی " ئێسکۆرت بەرەو تاران" نووسینی پیتەر پلیچ، مافناس و سەرۆکی حیزبی کەسکەکانی وڵاتی ئوتریشە. ئەم کتێبە بە گشتی دیکۆمێنتی تیرۆری ڤییەن و وردەکاریی بە دوادا چوونە پۆلیسی و قەزاییەکانی پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاورێیانیەتی. ئەگەر چی نووسەر بۆ نووسینی ئەو کتێبەو کۆکردنەوەی

زانیارییەکانی پێوەندیدار بە رووداوی تیرۆرەکە دەستی ئاوەڵا نەبووەو ئەو دیکۆمێنتە پۆلێن کراوانە لەلایەن دەزگای پۆلیسو بەشی دژی تیرۆری ئۆتریشەوە گوزینشی لە بەردەستی ئەو داندراون، بەڵام پیتیرپلیچ بەزیرەکیو شیلگیریو وردبینیی تایبەتەوە وردترین زانیارییەکانی پێشو پاش تیرۆر کردنی دوکتور قاسملووی کۆکردۆتەوەو بەروونی پەردە لە سەر سنارێوی پووش بەسەرکردنی پەروەندەی تیرۆرەکەو پیشێل کردنی یاسای وڵاتەکەی لادەداو رێککەوتنو سازانی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئوتریشو کۆماری ئیسلامی بە نرخی بەستنی پەروەندەی تیرۆی دوکتور قاسملووله قاو دەدا.

ئەوی بۆ نووسەری ئێسکۆرت بەرەو تاران گرینگ بووە، ئەوەیە کە کردەوەو رەفتاری ناقانوونیو درزێوی سیاسەتڤانانو دەسەڵاتبەدەستانی وڵاتەکەی لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری سکرتێری حیزبی دێموکرات لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووری دا ئاشکرا بکاو لە قاوی بدا. شایانە باسە ئەم کتێبە بە هۆی حەسەن ئەیوبزادە لە زمانی ئاڵمانییەوە کراوە بە کوردی.

## قاسملوو لە رێبازیدا زیندوە

کتێبی " قاسملوو لە رێبازی دا زیندوە" لە نووسین و ئامادەکردنی قادر وریایە. نووسەر کتێبەکەی بە ٤ فەسڵ دابەش کردوە. فەسلی یەکەمی کتێبەکە هەڵبژاردەیەك لەو وتارو نووسینانەی نووسەری لە خۆگرتوە کە بەبۆنەی تایبەتو لەیادی دوکتور قاسملوو دا نووسراون. فەسلی دووهەمی کتێبەکە تایبەتە بەو وتارو وتووێژانەی دوکتور قاسملوو کە نووسەر وەری گێراونە سەر زمانی کوردی. لە فەسلی سێهەم دا کۆمەڵێك لە پەیامی هاوسۆزیو هاوخەمیی حیزبو رێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکان بڵاو کراوەتەوە کە بەبۆنەی تیرۆری دوکتوری قاسملووی نەمرەوە نووسراونو بۆ حیزبی دێموکرات نێردراون.

فەسلی چوارەمو دوایین بەشی کتێبی" قاسملوو لە رێبازی دا زیندوە" بۆ باسێك لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملووو بەدوا دا چوونی ئەو پەروەندەیە دا تەرخان کراوە.

## خولیاو مەرگی قاسملووی کورد

" خولیاو مەرگی قاسملووی کورد" بەرهەمی رۆژنامەنووسی ڤێنزوئیلایی، کارول پرِوون هووبێر، دۆستی نیزیکی دوکتور قاسملووگەلی کوردە. ئەو کتێبە هەروەك لە پێشەکییەکەی دا هاتوە، بەشێك لە ژیانو خەباتی دوکتور قاسملووو گۆشەیەك لە سەر بردەی پڕ دەردو مەینەتو هەوڵو خەباتی دوکتور قاسملووو نەتەوەی زۆر لێکراوو رزگاریخوازی کورد دەخاتە بەر چاو. ئەم کتێبە بە دوو زمانی ئیسپانیولیو ئینگلیسی چاپو بڵاو بۆتەوەو لەلایەن" فەتاح کاویان" بە زمانی کوردی تەرجومە کراوەتەوە. کارول پرونهووبێر بۆ نووسینی ئەو کتێبە چەندین جار لە نێوخۆو دەرەوی کوردستان لەگەڵ دوکتور قاسملوو وتووێژی راستەوخۆی کردوەو بۆهەر چی زیاتر دەرخستنی باری کەسێتیو لایەنی تیرۆر و پەروەندەی قەزاییی تیرۆر دوکتور قاسملوو سەردانی زۆر وڵات و کەسایەتیی سیاسیی وەك ئەحمەدبن بیلا، سەرۆك کۆماری پێشووی ئەلجەزایر، بێرنارد کۆشنێر وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرانسە، پیترپیلیچ، سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئوتریش، ئوسوالدکپسیلر، بەرپرسی پۆلیسی ئوتریش، جەلال تاڵەبانی، سەرکۆماری عێراقو دەیان کەسایەتیی سیاسی، ئەدەبیو حقوقیی دیکەی کردوە. ئەم کتێبە بەگشتیو بەکورتی باس لە مێژووی کورد، رەوتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد دوای راپەڕینی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، ژیانو کەسایەتیی دوکتور قاسملووو لێکولێنەوە لە پەروەندەی تیرۆری ڤییەن دەکا.

## عەبدولرەحمان قاسملوو، ژیانو رۆڵی سیاسیی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد دا

ئەم کتێبە تویژینەوەیەکی مێژوویيو سیاسییە کەباس لە ژیانو رۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٨٩ دا دەکاو لە بنەڕەتدا تێزی ماستەر (فەوقەلیسانسی) هۆشمەند عەلی مەحموود شیخانی یە کە پێشکێش بە بەشی مێژووی کولێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە کراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنچ بەشی سەرەکی پێك هاتوە: بەشی یەکەمی ئەو توێژینەوەیە بۆ باسێك لە سەر ژیانو کەسێتیی دوکتور قاسملوو لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی دا تەرخان کراوە. لەبەشی دووهەم دا رۆڵی سیاسیی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی رێژیمی پاشایەتی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥ تا ١٩٧٨ خراواتە بەر باسو لەبەشی سێهەم دا ئاماژە بە رۆڵی رێبەریی دوکتور قاسملوو لە بەرەوپیشبردنی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو گەلی کورد لە قۆناغەکانی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی تا کاتی تیرۆر کرانی کراوە. بەشی چوارەمی ئەو توێژینەوەیە باس لە هونەری دیپلۆماسیی قاسملووی نەمر لەگەڵ بزووتنەوەو حیزبە سەرتاسەرییەکانی ئێران، باشووری کوردستان، باکووری رۆژ ئاوای کوردستانو رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا. بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بە هونەری دیپلۆماسیی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی کێشەی کورد بە جیهانی دەرەوەو بەرۆژەڤ کردنی پرسی کوردو دامەزراندنی پێوەندیی کورد لەگەڵ دنیای دەرەوە کراوە.

## دوکتور قاسملوو بانگا ئاشتیو ئازادییە

ئەم کتێبە کۆکراوەی بەشێك لەوتارو نووسینو ژیاننامەی دوکتور قاسملووی مەزنە کە شەهاب خالیدی کۆی کردۆتەوەو بە زاراوەی کرمانجیی سەروو وبە پیتی لاتین بەچاپی گەیاندوە.


چەند بەشێکی ئەم کتێبە بریتییە لە: دوکتور قاسملوو و بزاڤی ئازادیخوازانەی کورد، دوکتور قاسملووو بزاڤی سەرتاسەریی ئێران، رۆڵی دوکتور قاسملوو لە رێبەریی حدكو بەشێك لە وتووێژە چاپەمەنیو رادیۆییەکانی دوکتور قاسملوو.

## دوکتور قاسملوو رێبەرێکی مۆدێردنو شۆرشگێرێکی دێموکرات

کتێبی" دوکتور قاسملوو، رێبەرێکی مۆدێرنو شۆرشگێرێکی دێموکرات" کۆکراوەی کۆمەڵێك لێدوانو بیرورای نووسەران، سیاسەتمەداران و رۆژنامەنووسان سەبارەت بە دوکتور قاسملووە کە لەلایەن کاوە بەهرامییەوە ئامادەی چاپ کراوەو بڵاو کراوەتەوە. ناونیشانی چەند فەسلێکی ئەو کتێبە بریتین لە: دوکتور قاسملوو لە ئاوێنەی رێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکانەوە، یادی ١٠ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، رۆڵی دوکتورقاسملوو لە سەربەخۆیی سیاسیی حیزب دا، دوکتور قاسملوو پێغەمبەری ئاشتی،و دێموکراسیی راستەقینە لە روانگەی دوکتور قاسملووە.

# پانۆڕامای ژیانی د. قاسملوو

کارۆل پرۆونهوویێر




١٩٣٠ ڕۆژی ٢٢ی دیسامبر، لە شاری ورمێ، کوردستانی ئێران لەدایک بووە.

١٩٤٥ حدک ـ ی ئێران لە ١٦ی ئاگوست دامەزراوە.

١٩٤٦ حدک کاری دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی لە چەند شاری کوردستان دەست پێ کرد. قاسملوو بەرپرسی لقی ئەو ڕێکخراوە لە ورمێ بوو. کۆماری کوردستان لە مانگی دیسامبری١٩٤٦داڕووخا.

١٩٤٧ خوێندنی دەبیرستانی لە تاران تەواو کردو بەرێگەی تورکیەدا چووە ئورووپاو لە پاریس دەرسی فەرانسەی خوێند.

١٩٤٨ بوورسی خوێندنی لە پڕاگ وەرگرتو چووە زانستگەی زانستی سیاسیو ئابووریو وەک بەرپرسی یەکیەتیی خوێندکارانی خوێندنگەکەی هەڵبژێردرا.

١٩٥٠و ١٩٥١ لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی خوێندکاراندا لە پڕاگو دوایەش لە بێرلین بەشدار بوو. دەگەڵ هاوژینی ئایندەی هێلین کرۆلیچ ژیانی هاوبەشی پێک هێنا؛ گەڕایەوە ئێرانو لە سەردەمی دیکتاتۆریی حەمەرەزاشای پەهلەویدا بە نهێنیو وەک تێکۆشەرێکی حدک دەژیا.

بوو بە ئەندامی ڕێبەریی حدک، پێنج ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەبوون. [ساڵی١٩٥٣]مینای کچی لە پڕاگ لەدایک بوو،

١٩٥٥ کچی دووهەمی، هیوا، لە تاران لەدایک بوو.[هەر ئەوساڵە] حدک لە حیزبی توودە جیا بۆوە.

١٩٥٩و ١٩٦٠ دەگەڵ هێلین چووە عێراق، بەڵام کچەکانیان لەپڕاگ مانەوە لە زانستگەی بەغدا دەرسی مێژووی کوردیی دەگوتەوە.

١٩٦٠و ١٩٦١ گەڕایەوە بۆ پڕاگو لەخوێندنگەی ئابووری تەدریسی دەکردو خوێندنی دەورەی دوکتورای زانستی سیاسیو ئابووریی دەست پێکرد، تەواوی کردو لە زانستگەی پڕاگ وەک مامۆستای ئابووریی سیاسی کاری دەکردو کتێبی «کوردستانو کورد»ی نووسی.

١٩٦٣ لە عێراق کۆدیتا دەکرێو ئەفسەرەکانی سەر بە حیزبی بەعس دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن.

١٩٦٨شووڕەوی هێرش دەکاتە سەر چێکوسلۆواکی. قاسملوو پێوەندیی خۆی دەگەڵ رابردووی کۆمونیستییەکەی دەپسێنێ. سەددام لەکۆدیتایەکدا بەشداری دەکاو دەبێتە جێگری ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش. [ساڵی ١٩٧٠] قاسملوو دەگەڕێتەوە بەغداو وەک راوێژکاری وەزیری بەرنامەدانان دەست بە کاردەکا.

١٩٧١لە سێهەمین کۆنفرانسی« حدک»دا وەک سکرتێری گشتی هەڵدەبژێردرێ. نوێکردنەوەی حیزبەکەی دەست پێ دەکاو بیروبڕوای سەرەکیی سیاسیی خۆی: دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان لە بەرنامەی حیزبدا دەگونجێنێ.

١٩٧٣ حدک سێهەمین کۆنگرەی خۆی بەڕێوە دەبا. قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبەکە تەئیید دەکرێتەوە.

١٩٧٥ ئێرانو عێراق پەیمانی ئەلجەزایر واژۆ دەکەنو کوردەکان لە پشتیوانیی دەرەکی بێبەش دەکەن. ئەرتەشی عێراق هێرش دەباتە سەر کوردستان، قاسملوو دەگەڕێتەوە پڕاگ.

١٩٧٦ ـ ١٩٧٨ دەوڵەتی پڕاگ ئیقامەی قاسملوو نوێ ناکاتەوەو لە ئاکامدا ناچار دەبێ لەو وڵاتە بڕوا. دەچێتە پاریسو لەخوێندنگەی زمانە بیانییەکانی زانستگەی پاریس وەک یارمەتیدەری مامۆستا کار دەکا. دەگەڵ سیاسەتوانەکان، کەسانی بەفەرهەنگو ڕۆژنامەنووسان پێوەندیی دۆستانە دادەمەزرێنێو کاری سەر لەنوێ بلاو کردنەوەی ڕۆژنامەی چوار لاپەڕەیی کوردستان کە لەمێژ بوو بڵاو نەبێوە، بە دوو زمانی فارسیو کوردی دەست پێ دەکاتەوە. دەگەڵ تاقمێک لە کەسانی بە نفووز ئەو شتانە دەنووسێو بڵاویان دەکاتەوە: لۆکورد ئێ لۆ کوردستان، لاکوێشچەن ناسیۆنال کورد ئۆ پرۆئێی ئۆریەنت (کورد کوردستان، گیروگرفتی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست).

لە دەوروبەری پاریس، دەچێتە سەردانی خومەینی، بەڵام، وەری ناگرن.

١٩٧٨ دەگەڕێتەوە ئێرانو لە پێشدا دەچێتە تاران و دوایەش دەچێتە مهاباد (کوردستان)و حدک (ئێران) سازمان دەداتەوە: کومیتەی نهێنی پێک دێنێ، بناخەی بیروبڕوای سیاسیو ڕێکخراوەیی دادەمەزرێنێو تێکۆشەرە لاوەکان بۆلای حیزب رادەکێشێ.

ژانویەی١٩٧٩، شا شاپووری بەختیار دەکاتە سەرۆک وەزیرو بۆخۆی لە وڵات دەچێتە دەر.

لە مانگی مارسدا، قاسملوو لە مهاباد خەباتی ئاشکرای حدک (ئێران)و داخوازەکانی کوردان رادەگەیەنێ. ئەو یەکەمین هەنگاوە سیاسییە گرنگە ناوو ناوبانگی لەنێو کۆمەڵانی خەڵک تەواو دەباتە سەرێ.

لێژنەیەکی دەوڵەت بە سەرۆکایەتیی بەرێز ئایەتوڵڵا تاڵەقانیو ئەندامەتیی بەنی سەدرو ئایەتوڵڵا بەهیشتی دەگەڵ کوردەکان کۆ دەبنەوە. تاڵەقانی بەڵێن بە کوردەکان دەدا هەتا رادەیەک خودموختارییان بۆ جێبەجێ بکاو داوایان لێ دەکا لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار بن. بەڵام، زۆربەی کوردەکان لە ڕێفراندۆمەکەدا بەشدار نابن. لە ئاکامدا، خومەینی کۆماری ئیسلامیی ئێران رادەگەیەنێ.

ئاگوست ـ ئۆکتۆبر

قاسملوو وەک ئەندامی ئەنجومەنی پسپۆڕانی قانوونی بنەڕەتی بە لەسەدا هەشتای دەنگەکان هەڵ دەبژێردرێ.

لە کاتی راپەرینی کوردەکاندا، خومەینی خۆی وەک فەرماندەری گشتییهێزە چەکدارەکان شەڕ دژی «کوردە خیانەتکارەکان» رادەگەیەنێو بێ هەرچەشنە جیاوازییەک کوردەکان سەرکوت دەکا.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پسپۆڕانی قانوونی بنەڕەتیدا قاسملووی مەحکووم دەکاو حدکاش قەدەخە کراو رادەگەیەنێ. حدکاش کە زۆربەی خەڵکەکە پشتیوانییان لێ دەکرد، بۆ ئەوەی ڕێژیم لە کوردستان کوشتو کوشتار وەڕێ نەخا. پەنا بۆ چیاکانی کوردستان دەبا.

خەباتی چەکدارانەی پێشمەرگەکانی حدکا لە دژی ڕێژیم دەست پێ دەکا.

کوردەکان کۆنتڕۆڵی کوردستان بەدەستەوە دەگرن.

ئەرتەشی ئێرانیش دەست دەکا بەداگیرکردنی کوردستان.

١٩٨٠ ـ ١٩٨٢ ڕێژیمی ئێران بێ هیچ چەشنە دەست پاراستنێکو بە شێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکاتە سەر کوردستان. حدکا زیاتر بەرەو چیاکان پاشەکشە دەکاو وردەوردە لە سنووری ئێران ـ عێراق نزیک دەبێتەوە. لە سەرانسەری کوردستان قوتابخانەو نەخۆشخانە دادەمەزرێنێو زیندانی خۆیان لە چیاکان دروست دەکەن. قاسملوو سێڵاوی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی ڕێکخراوە پزیشکییەکانی فەرانسە بۆلای کوردستان رادەکێشێ.

١٩٨٤ حدکا سکرتاریای گشتیی خۆی لە کوردستانی عێراقو لە تەنیشت سنووری ئێران دادەمەزرێنێ.

١٩٨٨ تاران وتوویژ دەگەڵ حدکا پێشنیار دەکا. قاسملووو نوێنەرانی ئێران لە مانگەکانی دێسامرو ژانویەدا لە ڤییەن کۆ دەبنەوە؛ ئەو کۆبوونەوەیە جەلال تاڵەبانی پێکی هێنا بوو.

١٩٨٩ ئایەتوڵڵا خومەینی دەمرێ. قاسملووو ئەندامانی حدکا لە کۆنگرەی ئەنتێر ناسیۆناڵی سۆسیالیست لە سوئێد بەشدار دەبن. دەوڵەتی تاران لە ڕێگەی کوردێکی عێراقییەوە بەناوی فازیل ڕەسووڵ پێوەندیی دەگەڵ دەگرێو پێشنیار دەکا وتوویژەکان لە ڤییەن دەست پێ بکەنەوە.

ژووئیەی ١٩٨٩ قاسملووو قادری ئازەرو ڕەسووڵ لە کاتی وتوویژەکان دەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتی ئێراندا، دەکوژرێن. نوێنەرانی دەفتەری سیاسیی حدکا رادەگەیەنن سادق شەرەفکەندی وەک سکرتێری گشتیی حیزب دیاری کراوە. قاسملووو قادری ئازەر لە گۆڕستانی پێرلاشێزی پاریس بە خاک ئەسپێردران.

بێوەژنەکەی قاسملوو هێلین کرۆلیچ، لە دژی دەوڵەتی ئوتریش دەست دەکا بە تێکۆشانی قانوونی بەتاوانی ئەوەی کە ڕێگەی بەپیاو کوژەکان داوە بێ هیچ چەشنە لێپرسینەوەو سزادانێک لە وڵاتی ئوتریش وەدەر کەون.

١٩٩٢سادق شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حدکا، دەگەڵ فەتاح عەبدولی، نوێنەری حدکا لە ئوروووپا؛ هومایوون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئەڵمانو نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئێرانی، لە شاری بێرلین دەکوژرێن.

دادگای سەرووی ئوتریش سکاڵاکەی هێلین کرۆلیچ رەد دەکاتەوە.

١٩٩٦ لەماوەی بەڕێوەچوونی بیستەمین کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنال سۆسیالیستدا، پلەی «چاوەدێری» یان دا بە حدکا. ساڵی ٢٠٠٥، پلەکەیان بردە سەرو کردیانە «راوێژکار».

١٩٩٧دادگایەکی ئەڵمان چوار کەسی بە تاوانی کوشتنی شەرەفکەندی و سێ کوردی دیکە مەحکووم کرد کە ئەندامی حیزبوڵڵا بوون. دادگا هەروەهافەرمانێکی نێو نەتەوەیی بۆگرتنی حوججەتولئیسلام فەللاحیان کە وەزیری «اطلاعات»ی ئێران بوو دەرکرد. ناوبراو فەرمانی بەڕێوەبردنی جینایەتەکەی دابوو. پایەبەرزترین ڕێبەر عەلی خامنەیی و سەرکۆماری پێشوو هاشمی ڕەفسەنجانییش فەرمانی گرتنیان درابوو.

٢٠٠٥ پیتێر پیڵتز، ئەندامی پاڕلمانی ئوتریشو ڕێبەری حیزبی سەوزەکان، سەرۆک کۆماری ئێران، مەحموود ئەحمەدی نژاد،و سەرۆک کۆماری پێشوو، ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، بەدەست هەبوونیان لە کوشتنی کوردەکاندا بە تاوانبار دەناسێنێ. مەسەلەکە هەرگیز بڕیاری لەسەر نەدراوەو تاوانبارەکانیش بە ڕەسمی نەناسراون.

٢٠٠٦ حدکا دوولەت دەبێ.

٢٠٠٨ لە ئێران، کاربەدەستانی دەوڵەت درێژە بە جیاوازیدانان لە دژی کوردەکان دەدەنو کوردەکان هەروا سەرکوت دەکەن. تێکۆشەرانی مافی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووسان، یەکییەتییە پیشەییەکانو خوێندکاران هەروا لەژێر گوشاری بێ پسانەوەی دادوەریدان.

بەوجۆرەی لە بۆڵتەنی ئەنستیتووی کورد لە پاریسدا باسی کراوە، لە مانگی ژووئیەدا لێخۆشبوونی نێونەتەوەیی رایگەیاندوە کە سەرکوتو ئازاردانی کوردەکان لە ژێر ناوی «ئاسایشی نێوخۆیی» دا هەروا درێژەی هەبووە. خستنە زیندانی کەسانی بێتاوان، دادگایی کردنی زاڵمانەو دەرکردنی فەرمانی ئێعدام، وەک کاری ئاسایی یان لێ هاتوە.

لەمانگی ئاوگوستدا یەکیەتیی ئورووپا راپۆرتێکی کوردەکانی چاپ کردو بەتایبەتی نیگەرانیی خۆی لە بارەی پێنج کەس کوردی مەحکووم بەمەرگدا دەربڕی. ئەو کوردانە هێشتا ئێعدام نەکراون.




**لە کتێبی "خولیاو مەرگی قاسملووی کورد" وەرگیراوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No: ٥١٤   ١٣jul ٢٠٠٩


ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: ٨ -  MHZ: ١٢٣٠٣ -
Polarization: Vertical  -  S R: ٢٧٥٠٠ - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: ٠٠ ٩٦٤٧٧٠١٥٩٧٢٦٨

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat٨٢@yahoo.com

# خۆزگەکان و تایبەتمەندییەکانی دوکتور قاسملوو لە زمانی خۆیەوە



مەسەلەیەکی بنەڕەتی بۆمن (لە ژیانم) لابردنی ستەم بووە، بۆ لابردنی هەر چەشنە ستەمێك لە سەرەتای لاوەتیمەوە خەباتم کردووە. ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەم ئاڵوگۆری بە سەر دا نەهاتووە. دیارە لە ژیان دا ئەزموونێکی زیاترم وەسەر یەك ناوەو بە گشتی واقعبین ترین بووم. ئەمن لە ژیانم دا هەمیشە خۆشبین بووم و لە دژوارترین هەلومەرجیش دا هەمیشە رووحیەی خۆمم پاراستووە، ئێستاش هەر وام . زۆر ئۆگری خوێندنەوەم، لە کوردستان هەموو گۆڤارو ڕۆژنامە خاریجی و ئێرانییەکان دەخوێنمەوە. زۆر ئۆگری خوێندنەوەی ڕۆمان و کتێبە زانستییەکانم، بەڵام بۆ خۆم شێعرم زۆر پێخۆشە. لە کوردستان شەوی شێعر پێك دێنن و من شێعر دەخوێنمەوە. زۆر ئۆگری شێعری کلاسیکی ئێرانم، بۆ وێنە : حافز، سەعدی، خە یام، باباتاهیر عەریان و فێردۆسی، دیارە شێعری کوردیش بە تایبەتی (شێعرەکانی) گۆران کە شاعیری سەدەی بیستەمی کوردەو ئەحمەدی خانییش کە شاعیری کلاسیکی کوردە. لە شاعیرانی نوێ نادر نادرپوورو ئەحمەد شاملوم بە دڵن، دیوانەکەیانم هەیەو "پروین اعتصامی" م زۆر بە دڵە، پێم وایە شێعرەکانی لە ژیانی من زۆر نزیکن. لە هەلومەرجی ئێستادا، وەك دەزانن تێکۆشانی سیاسی بە تایبەتی کاتێك تۆ بەرپرس بی و شەڕی نێوخۆییش لە گۆڕێ دابێ ، گیروگرفتت بۆ دێنێتە پێش کە بەداخەوە تۆ ناتوانی بە شێوەی سیستماتیك و بە ئیشتییای خۆت ئۆگری بە شێعریان موسیقی درێژە بدەی.

یەکێك لەو گیرو گرفتانەی کە لە ژیانی من دا هەیە، مەسەلەی شەهید بوونی هاوڕێیانی نزیکمن، لە ڕاستیدا ئەوە یەکێك لە گەورەترین ناراحەتییەکانە کە لە ژیانم دا هەیە. ئەمن ئەگەر ئێستا بمتوانیبایە بۆ خۆم بڕیار بدەم، پێم خۆش بوو خەریکی زانست بام و کارم لە سەر مەسەلە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی ئێران کردبا.

بەلام ئێستا لە کوردستان ئەرکم لەسەر شانەو لە بەرانبەر خەڵکی کوردستان و ئێران دا هەست بە بەرپرسایەتی دەکەم.

**پرسیار: پرسیارێکی دیکەت لێ دەکەم ئەویش ئەوەیە کە جەنابت پێت وایە ١٠ یان١٥ یان ٢٠ ساڵی دیکە خەریکی چ دەبی ولە کوێ دەبێ ؟**

دوکتور قاسملوو: ئەمن ناتوانم پێش بینی بکەم، لەو هەلومەرجەی کەئێمە تیداین هەر لە جێ دا پێش بینی کردن زۆر سەختە. ئەمن پێم خۆشە پاش چەند ساڵی دیکە ئەگەر لە دەستم بێ خەریکی نووسین و کاری زانستی بم. ئێستا نزیك بە ٤٠ ساڵە لە خەبات دا بەشدارم، پێم خۆشە ئەزموونەکانی خۆم بنووسم.

بەلام هەر چۆنێك بێ پێم خۆشە لە نێو خەڵك دا بم. ئێستا خووم بەم هەلومەرجە گرتوە (بەڵام) دووری لە خەڵکی ئاسایی زۆر گرانەو هیوادارم هەلومەرجێك بێتە پێش کە وڵاتەکەمان ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆو ئارام بێتەوەو لەو هەڵومەرجەدا ئەمن لە یەکێك لە گوندەکانی کوردستان دا، بۆ وێنە گوندی قاسملوو ڕەنگە ئێوە نەزانن گوندێکی ئاوا هەیە، ئێمە ناوی خۆمان لەو گوندە وەرگرتووە، دانیشم و تا ماوم بخوێنمەوەو بنووسم.

وتووێژی هەواڵنێری بی. بی. سی. بهروز یوسف زاد لە گەڵ دوکتور قاسملوو کە چەند ساڵ بەر لە شەهید بوونی لەگەڵی کردبوو.



## لە وتەکانی دوکتور قاسملووی نەمر

**پێوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی گەلانی ئێران:**

بزووتنەوەی گەلی کورد هەرچەندە بەهێزیش بێ ئەوپەڕەکەی تەنیا دەتوانێ ڕێژیم لاوازو ڕێگە بۆ رووخانی خۆش بکا، بەڵام هیچ کات ناتوانێ بە تەنیا ببێتە ئالترناتیف، بۆیە ئێمە بەردەوام هەوڵمان داوە کە پێوەندی نێوان بزووتنەوەی گەلی کوردو بزووتنەوەکانی دیکەی ئێران بە هێز بکەین.

وتووێژی "عاتفە گرگین" لە گەڵ دوکتور قاسملوو، گۆڤاریی وەرزیی " فصلی در گلسرخ " بەرکی سێهەم

# تا کاتێ بیروباوەڕی ئەو لە نێو ئێوەدا بێ، قاسملوو زیندوویە

کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە لە یەکێك لە سالۆنەکان سەر بەدەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆڕێك بۆ خاتوو "کارۆل پرۆن هوویێر" ڕۆژنامەنووس و نووسەری کتێبی "خولیاو مەرگی قاسملووی کورد" و "مانۆئیل مارتۆرێل" ڕۆژنامەنووس و نووسەر بەڕێوە چوو.

لەو کۆڕەدا کە ژمارەیەك میوان لە باشووری کوردستان و چەند میوانێکی دەرەوەی وڵات و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەری و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشدار بوون. سەرەتا مامۆستا "عەبدوڵلا حەسەن زادە" وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد.پاشان "فەتاح کاویان" وەرگێڕی ئەو کتێبە باسێکی سەبارەت بە ناوەرۆك و شێوەنووسینی کتێبەکە پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

دواتر"کارۆل پرۆن هوویێر" ڕۆژنامەنووسی ڤێنزوئیلایی، خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کە توانیویەتی پاش ٢٤ ساڵ سەردانی کوردستان بکاتەوە. پرۆن هوویێر لە سەرەتای قسەکانی دا باسی لە چۆنیەتی ئاشنابوونی خۆی لەگەڵ دوکتور قاسملوو کردو وتی: ئەمن ساڵی ١٩٨٣ لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم و ساڵی




١٩٨٤ بۆ ئامادەکردنی ڕیپۆرتاژێك لە سەر خەباتی کورد هاتمە کوردستان و میوانی دوکتور قاسملوو بووم.

ناوبراو هەروەها سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو وتی: یەکەم جار کە دوکتور قاسملووم بینی بە لامەوە زۆر سەیر بوو، چوونکە لە بەرانبەر پیاوێك دا راوەستابووم کە زۆر دیموکرات بوو.فەڕانسەییەکی باشی دەزانی و شارەزای ئەدەبیات بوو، باسی خەباتی کوردی بۆ کردم.

پرۆن هوویێر لە کۆتایی دا گوتی: ئێوە درێژەدەری ڕێگای قاسملوون، تا کاتێ بیروباوەڕی ئەو لە نێو ئێوەدا بێ، قاسملوو زیندوویە. لە درێژەی ئەو کۆڕەدا نۆرە گەیشتە مانۆئیل مارتۆرێل نووسەرو ڕۆژنامەنووسی ئیسپانیایی. مارتۆرێل وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بە هاتنی بۆ کوردستان گوتی ئیجازەم بدەن لە سەر بیری قاسملوو و هەلومەرجی ئێستا ئێران قسە بکەم. ناوبراو گوتی ئەوە یەکەم جار کە پاش شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران دا خەڵك بە شێوەیەکی بەرین دێنە سەر شەقام و خەڵکی دنیا تێ گەیشتن کە ئێرانییەکان کۆماری ئیسلامییان ناوێ، بەڵام بە داخەوە ئۆپۆزیسیۆن لە ئێران دا یەکگرتوو نیە. دەبێ کەسێك ڕۆڵ بگێڕێ بۆ یەکخستن و یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی. لێرەدا بیری دوکتور قاسملوو دەتوانێ یارمەتیدەری ئەم دۆخە بێ. قاسملوو شێوەی هەڵسوکەوت و توانای لەگەڵ ڕێبەرانی دیکەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست جیاواز بوو، ئینسانێکی دیموکرات و کراوە بوو کە ڕێزی لە بیروبۆچوونی لایەنەکانی دیکە دەگرت. ئێستا ئەگەر دوکتور قاسملوو زیندوو بایە دەیتوانی ئەو یەکگرتووییە دروست بکا.

قاسملوو مرۆڤێکی مۆدێڕن بوو کە ڕێزی بۆ هەموو کەسێك دادەنا. ئێستاش هەرچەند کە ئەو نەماوە بەڵام ئەو بایەخانەی کە باوەڕی پێی بوو ماون کە دەتوانێ بە کەڵك بێ بۆ هەموو خەڵکی ئێران.

لە کۆتایی کۆڕەکەدا ئامادەبووان چەند پرسیارێکیان ئاراستەی ئەو دوو ڕۆژنامەنووسە کردو پاش وەڵامدانەوەی پرسیارەکان کۆڕەکە لە نێو پێشوازیی گەرمی بەشداران لەمبوانەکان، کۆتایی پێ هات.

بەر لەماڵاوایی

# سەفەرێك لەگەڵ میوانانی یادی بیست ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا

کوێستان فتووحی

سەفەر بەبێ بەرنامە و خۆئامادەکردن هیچ خۆش نابێ! تەنانەت ئەگەر کورتیش بێ. ئەم سەفەرە کورتەی من وا ڕێ کەوت. بەڵام بەلامەوە خۆش و پڕ لە ئەزموون بوو. لەگەڵ کەسانێك بوومە هاوسەفەر کە بۆ ئەوە دەبن من و هەزارانی وەك من دەرس لە ئەزموونی ژیان و تێکۆشانیان وەربگرین.

دوکتور کارۆل پروونهوبیر و مانۆئێل مارتۆریەل دوو ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری بە ئەزموونی بیانی و دۆستی وەفاداری گەلی کورد و ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوون، ئەو ڕێبەرە شەهیدەی بە سەدان و هەزاران دۆستی لەوجۆرەی بۆ نەتەوەکەمان دیتەوە. ئەو دوو میوانە ئازیزە لە گەڵ هاوڕێیەکی خۆیان کاك ڕەحیم قادری کە وەك ڕێنوێن و وەرگێڕ هاوسەفەریان بوو، بەو گەرمای هاوینە ڕێگەیەکی دوور و درێژیان بڕیبوو، بۆ یادی بیست ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو هاتبوونە کوردستان و میوانی حیزبەکەی قاسملوو لە دەشتی گەرم و خۆڵاویی کۆیە بوون. ئەوان خۆیان بە بەختەوەر دەزانی کە لەم سەفەرەیاندا بچن سەردانی شوێنی سێ ساڵ ژیانی سەربەرزانەی "قاسملووی کوردان" بکەن و لە نزیکەوە ببیینن. ئەوان لەگەڵ ئەوەی کاتیان بە لاوە گرنگە و نایەڵن بەفیرۆ بڕوا ، ئەو سەردانەشیان بەلاوە گرنگ بوو. بۆیە ڕۆژێکیان بۆ تەرخان کرد.

بەیانیی ڕۆژی سێشەممە ١٦ی پووشپەڕ بەرەو ئەو شوێنە "بۆلێ"ی بناری قەندیل وەڕێ کەوتین. من و کاك محەممەد حەسەن پوور و کاك سەلاحی پێشمەرگەی شوفێریش بووینە هاوڕێیان. ئەوان لە نێوان ڕێگادا بۆ یەك چرکەش لە نووسینی یادداشت و هەڵگرتنەوەی وێنەی ئەو دیمەنانەی بەلایانەوە سەرنج ڕاکێش بوو، غافڵ نەبوون. دەگەیشتینە هەر شار، گوند، چۆم و پردو... نەخشەی ناوچەکەیان دەردێنا و سەیریان دەکرد کە بزانن ئەوە کوێیە و ناوی چییە. بەردەوامیش پرسیاریان دەکرد و بە سرنجەوە گوێیان بۆ وڵامەکەی رادەگرت. بەلای منیشەوە سەرنجراکێش بوو هەر قسەیەك کە دەکرا لە بنج و بناغەی مەسەلەکەیان دەکۆڵییەوە, هەمووشتێکیان بە ئیسباتەوە دەویست. ئەوان بە یادی دوکتور قاسملووەوە بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشتن، بۆیە ناوە ناوە پرسیاریان لەسەر ئەو دەکرد.... تا گەیشتینە شوێنی مەبەست. شوێنی پێشووی بنکە و بارەگاکانی حیزبی دیموکرات و خانووە بەردینەکەی شەهید دوکتور قاسملوو.

لەوێ بە کاك ڕەحیمم وت لێیان بپرسە ئەوان وەك دۆستێکی دوکتور قاسملوو چ هەستێکیان هەیە کە ئەم خانووە بە بەرد و دار دروستکراوە دەبینن؟ وتیان هەستێکی خەماوی بۆ لە دەست چوونی ئینسانێکی گەورە. بە سەرنجەوە دەیانڕوانییە ئەو بەرد و دارانەی ئەو خانووەیان پێدروست کرابوو. بەشێکی زۆری پاش بیست ساڵ وەك خۆی مابوو، ئێستاش بنەماڵەیەکی کوردی باشووری تێدا دەژی. دەفتەر و قەڵەمیان بەدەستەوە بوو، یادداشتیان دەنووسی و بە سەدان وێنەیان لەو خانووە و دەوروبەری ئەو خانووە گرت. بەلایانەوە گرنگ بوو کە ئەم خانووە نابێ تێك بچێ، چونکە بەشێك لەمێژووی کوردە و ڕێبەرێکی کورد لەوێدا ژیاوە. ئەوان دەیانوت دەمانزانی دوکتور قاسملوو مرۆڤێکی خەباتکار، روح پاك و سەلیقە جوان بووە. ئێستاش کە ئەم خانووە و هەڵکەوتەکەی دەبینین لەبن ئەو دارانە و خوڕەی کانیاو و جریوە باڵندە دەنگخۆشەکانی نێو ئەو دارانە، لە نێو ئەم چیا بەرزانەدا ئەوندەی دیکە ئەوە دەسەلمێنن کە لەگەڵ ئەوەی سیاسەتمەدارێکی خەباتکار بووە، هەستێکی شاعیرانەو جوانپەرەستانەشی هەبووە. ئەوان بەسەرنجەوە لە شتەکانیان دەڕوانی و منیش بە سەرنجەوە لەوان. ئەوان کورد نین، ئەندامی حیزبی دیموکراتیش نین، بەڵام غەمخۆری ئەو نەتەوەیەن. ئەگەر وا نەبوونایە چۆن بە سەدان سەعات کاتی خۆیان بە نووسینی لێکۆڵینەوە لە سەر کوردان و نووسینی کتێب لە سەر ژیانی ڕێبەرێکی کورد، دوکتور قاسملوو تەرخان دەکرد .

ئەوان خەمی ئەو گۆڕە کۆنانەیان دەخوارد کە لە دۆڵی شەهیدان خەریکە لەناو دەچن. بە نیگەرانییەوە وێنەیان لێدەگرتن و دەیانگوت ئەوە مێژووی خۆڕاگریی کورد نیشان دەدەن لە بەرامبەر هێرشی عەرەبەکان بۆ کوردستان ، چۆن دەبێ ئەوانە لە نێوبچن؟

لە ڕێی کاك ڕەحیم قادرییەوە لێم پرسین لەم سەفەرەدا کوردستانتان چۆن دیت؟ هەرچەند ئەوە یەکەم جار نیە دێنە کوردستان. لە وەڵامدا وتیان کوردمان بە نەتەوەیەکی خاوەن مێژووی خەباتکارانە لە بەرامبەر نەیارانی دا، میواندار و خۆمانە و پڕ لە جیاوازییەکان هاتۆتەبەرچاو. کوردستان سروشتێکی جوانی هەیە، لە باری کانگاکان دەوڵەمەندە ، بەتایبەتی ئاوی زۆرە، کە ئێستا لە دنیادا ئاو لە نەوتیش بەنرخترە. مانۆئێل دەیوت کەسێك کە لە دوورەوە ناوی کوردستان دەبیسێ و نەی دیوە، وا دەزانێ کوردستان بیابانێکە، کە دەیبینی دەزانی چ سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە. حەیفە کەمتەرخەمی بەرامبەر ئەم هەموو شتە بەنرخانە بکرێ.

دەبا ئەوانەی کوردستانیان خۆش دەوێ و خۆیان بە خەباتکاری ڕێگای ئەم وڵاتە دەزانن، دەرس لە ئەزموونەکانی ئەو دۆستانە وەربگرن، کە بە سەدان ساڵە لە پێش ئێمەوەن. بابەرژەوەندییە شەخسییەکان وەلانێن، بیر لە بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی بکەنەوە.با لەم دۆستانەی د.قاسملوو و نەتەوەکەمان فێری ڕێز گرتنی ڕێبەران و کەسایەتییە گەورەکانمان بین .